# خێوەتی خارا

# خێوەتی خارا

رەهبەر سەید برایم

٢٠٢١

ناوی کتێب: خێوەتی خارا
نووسینی: ڕەهبەر سەید برایم
پێشەکی و پێداچوونەوە : عەبدوڵڵا حەسەنزادە
دیزاین: هەرێم عوسمان
تایپ: سەرمەد سەڵاح سابیر ،باوان محەمەد سدیق
تیراژ:١٠٠٠
ساڵی چاپ: ٢٠٢١
نۆبەتی چاپ:چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (     ) ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە

## پێڕست


ئەم کتێبە و نووسەرەکەی»عەبدوڵڵا حەسەنزادە ........................................ ٧

خاراوی خێوەتی خـــارا........................................................................ ١١

١-( پێشمەرگە ) ........................................................................................ ١٥

٢- «بورهان قانع خەنجەری دەبان» ................................................ ٢٧

٣-گلانی شۆڕەسوارێکی سەردار ........................................................................ ٣٨

٤-زەینەب خان: ئەستێرەیەکی بزر، لە بەرزایی ئاسمان................................ ٤٤

٥-کەریم شێخانی: کۆترە سپییەکەی لانە ئـاگـر.................................................. ٦١

٦- (نووسینەوە بە ڕووناکی و هـەتـاو)................................................. ٧٠

٧-ئەو نامانەی ورەیان لێ دەبارێ ............................................................. ٩٠

٨-(قادر شکاک، مێژوونووسێکی پـــاک)................................................... ٩٨

٩-هەرمۆتە و ڕۆحی پیرۆز .............................................................. ١٠٧

١٠-((ئاگر جێگەشی نزم بێ بڵێسەی بۆ سەرەوە دەچێ)) ......................... ١١٦

١١-د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ:ئیتر بۆ بنووسم؟ ....................................... ١٣٤

١٢-(بابچینە گۆڕستان گوڵگەشتی جـۆبـار)................................................... ١٤٢

١٣-مەلای گەورە، دەوری لەو دەورە................................................................ ١٥٣

١٤-سوارەی ژانی گەل و سلێمانی و خـاکـی................................................. ١٦٤

١٥-گوڵە گەشەکان و مانگی بن هـــەور................................................ ١٧١

١٦-سەرداری باب سەرداری، شای شمشاڵ و فـلـووت........................................ ١٨٥

١٧-شاعیری بێ ناز، پایز دەربــــاز.................................................... ١٩٥

١٨-مستەفا ساڵح کەریم،یەکەم گۆشە نووسی کورد ........................................ ٢٠١

١٩-سێوە لا سوورەی ئاغا سووریـیـان........................................................ ٢١١

٢٠-راستیی سادات و کـوردبـوون................................................................ ٢١٩

٢١-(یایەی دایە):نەجیبەخانی جـەلـیـزادە........................................................ ٢٢٦

٢٢- جەلیل گادانی ڕۆڵەی کۆماری کوردستان............................................ ٢٣٦

٢٣- ئارام ساڵح غەفووری: لە باخچەی (بەهار) گوڵی نەچنیوە.......................... ٢٤٤



عەبدوڵلا حەسەن زادە، ڕەهبەر سەید برایم یادی ٦٩ ساڵەی کۆماری کوردستان ٢٠١٥/١/٢٢

## ئەم کتێبە و نووسەرەکەی

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

خوێنەرانی هێژا!

کتێبی بەر دەستتان (خێوەتی خارا) نوێترین بەرهەمی نووسەر و شاعیری پڕکار و بەتوانا کاک «ڕەهبەری سەید برایم»ە. وا بزانم ڕەهبەری سەید برایم بۆ هەموو کتێبخوێنەوەیەکی کوردی باشوور و بەشێک لە کوردیخوێنەوەکانی خۆرهەڵاتیش لەوە بەناوبانگترە کە پێویستیی بە ناساندن هەبێ. بۆیە ئەوەی دەمەوێ لێرە بیڵێم باسی «ڕەهبەر» بەو جۆرەیە کە بۆخۆم دەیناسم. ئەم نووسینە کە بۆتە پێشەکی بۆ «خێوەتی خارا» نیشان دەدا کە نووسەری ئەم دێڕانە بەرهەمەکەی پێش چاپ و بڵاوبوونەوە دیوە. بەوحاڵە ئەمن نامەوێ لێرەدا کتێبەکە هەڵسەنگێنم و ئەمەیان بۆ ئێوە دێڵمەوە کە هەرکەسە و بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی لەسەری هەبێ. کەوایە ئەمن دەمەوێ بەگشتی قسە لەسەر کاک ڕەهبەری شاعیر و نووسەر و بەرهەمەکانی بکەم.

**یەکەمجار کە ئەمن لەگەڵ قەڵەمی کاک ڕەهبەری سەید برایم ئاشنا بووم لە ڕێوڕەسمێکدا بوو کە بۆ پەردەلادان لەسەر پەیکەری تێکۆشەری کۆچکردوو عومەر مستەفا ناسراو بە «عومەر دەبابە» پێکهاتبوو. یەکێک لەوانە کە لەوێدا**

**قسەیان لەسەر کاک عومەر مستەفا کرد، ئەم کاک ڕەهبەرە بوو. پەخشانێکی ئەدەبیی ئەوەندە جوان و پڕزانیاریی لەسەر کەسایەتیی کاک عومەر خوێندەوە کە ڕووم کردە هاوڕێی پەنا دەستم و گوتم حەیف نیە پیاو کە مرد یەکێکی وا قسەی لەسەر نەکا؟**

**دواتر لە زۆر بۆنەی دیکەدا دیتم کە ئەو بەڕێزە لەسەر کەسانێک یان بابەتێک قسە دەکا.** لە بیستنی هەمووی ئەو لێدوان و وتارانەی کاک ڕەهبەر و خوێندنەوەی بابەتەکانی نێو ئەم بەرهەمە و هەروەها لە بەشداریی هەردووکمان لە هێندێ کۆڕ و دانیشتنی دۆستانە و هەرلەوکاتە ئەدەبی و سیاسیدا کاک بەرهەمی تێکۆشەر و سیاسی و ئەدیبم بەمجۆرە ناسی:

**-ئەم بەڕێزە لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری سیاسیدا هاتۆتە دنیا و پێگەیشتوە.** لە تێکۆشانی سیاسی و نەتەوایەتیی خۆیدا هەموو شێوازەکانی خەباتی بەتاقی کردۆتەوە و بەتایبەتی لە بزووتنەوەی چەکدارانەی باشووری کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و بە چاوێکی تیژبینەوە لە هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵی کوردەواری ڕاماوە و سەرمایەیەکی بەنرخی لە زانیاریی مێژوویی و کۆمەڵناسی وەسەریەک ناوە. شارەزای پێکهاتەی کۆمەڵەکەیەتی و بایەخە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی باش ناسیوە و لە ناسین و ناساندن و ڕێزدانان بۆ جۆراوجۆرییەکانیدا وەستایە.

**-یەکجار ئەهلی وردبوونەوە و بەدواداچوون و توێژینەوەیە** و هەر بابەتێکی لەبەر دەست بێ ئەوەندەی لێدەکۆڵێتەوە تا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ڕوون دەکاتەوە و وەڵامی هەموو پرسیارێکی لەبارەوە دەداتەوە.

**-شارەزاییەکی باشی لە مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی هەیە و بەتایبەتی کە بۆخۆی شاعیرە ڕادەیەکی زۆر لە شێعری شاعیرانی دیکەی لە بەرە.** ئەمەش بەوەڕا دەزانم کە کاتێک گوێ لە وتارەکانی دەگرم یان دەیانخوێمەوە دەبینم دەقاودەق یان بە پەرش و بڵاوی زۆرجار شێعری گەورەشاعیرانی کورد ئاویتەی

بابەتەکانی دەکا.

-ئاشق و سەوداسەری کۆیەی مەکۆی گەورەپیاوانی ئەدەب و سیاسەت و زانست و مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردە. شارەزای ڕابردووی پڕشانازیی شارەکەیەتی، ئاگاداری سەربردە و مێژووی ژیانی هەڵکەوتووەکانیەتی، کەسایەتییە بەرچاوەکانی ئێستا و ڕابردووی کۆیە بە بن و بنەچەکەوە دەناسێ، گەڕەک بە گەڕەکی شارەکە بە هەموو تایبەتمەندییەکانیانەوە دەناسێ و شارەزای گشت جوانی و بەهرەکانیانە. ئەمە ناوچەگەری نیە، چونکە وەک دەزانین نەک ناسیۆنالیزم بەڵکوو ئینتەرناسیۆنالیزمیش لە خۆشەویستیی ناوچە و شار و تەنانەت گەڕەکەوە دەست پێدەکا.

**-بە دوای جوانییەکاندا دەگەڕێ و وەک هێمنی شاعیر «جیلوەیی جوانی لە هەرچیدا هەبێ خۆشی دەوێ».** بۆیە بێ بەرچاوتەنگیی نەتەوەیی، ئایینی و ناوچەیی و حیزبی و هتد جوانی لە هەرکوێ و هەرکێ و هەرچیدا ببینێ، دەیقۆزێتەوە و پەسنی دەدا و پەخشی دەکا. بەرهەمی بەردەستمان نموونەیەکی زەقی ئەم خەسڵەتە جوانەیەتی. خوێنەر لەم کتێبەدا دەبینێ کە نووسەر بە چ چاوێکی کراوە و دڵێکی گەورە و سنگێکی فرەوانەوە لە دوێنێ و ئەمڕۆی گەل و وڵاتەکەی ورد بۆتەوە، کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتییە مردوو و زیندووەکانی بێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندییە نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی و حیزبییەکانیان بەسەر کردۆتەوە و وێنەیەکی باڵانوێنی لە هونەرەکەیان کێشاوەتەوە. لەم کتێبەدا ناودارانی کورد و غەیرە کورد، باشووری و خۆرهەڵاتی، موسوڵمان و مەسیحی، پارتی و یەکیەتی و شیوعی و بێلایەنی لە ئەدیب و سیاسی و هونەرمەند و کاسبکار وەبیر هێناونەوە و بێدریغ لە کەسایەتی و خزمەتە جۆراوجۆرەکانیان دواوە.

**-یەکێک لە جوانترین تایبەتمەندییەکان کە لە کاک ڕەهبەری سەید برایم و نووسراوەکانیدا بەدیم کردوە ئەوەیە کە وا دیارە چاوی ئەو پیاوە هەر جوانی**

**دەبینێ و دزێوییەکان نابینێ یان بە دڵگەورەیی بە پەنایاندا ڕادەبرێ و ئاوڕیان لێناداتەوە.** لە نووسینەکانی ئەو خۆشەویستەدا چاکە و هونەری دەیان و بگرە سەدان کەس باس و بەرجەستە کراوە، بەڵام تا ئێستا بەدگۆیی و عەیبجۆیی تاقە یەک کەسم تێیاندا بەرچاو نەکەوتوە. لە دنیای پڕناتەبایی و ململانەی سیاسی و حیزبیدا هەڵوێستێکی وا سالم نیشانەی هەستی بەرپرسایەتی بەرامبەر بە قازانجی گشتیی نەتەوە و پاراستنی حورمەتی قەڵەمە بەتایبەتی بۆ کەسێک کە ئەندامی ڕەوتێکی سیاسی بێ. بەهەق لەوبارەیەوە شایەنی دەستخۆشی و ڕێزلێنانە.

بۆیە بەوەندە واز دێنم چونکە باس لە کارە ئەدەبی و فکرییەکانی کاک ڕەهبەرە. ئەگینا ئەو دۆستەمان خاوەنی زۆر خەسڵەتی پەسندی وەک وەفا، کۆمەڵایەتیبوون، خۆشمەشرەفی، خۆشمەجلیسی، سەنگینی و بەڕێزی و هیترە کە هەریەکەیان باسێک و بابەتێکی سەربەخۆن.

پیرۆزبایی دەرچوونی ئەم بەرهەمە نوێیە -کە نازانم هەروەک کتێب، چەندەمینە- لە کاک ڕەهبەری بەڕێز دەکەم و لەشساغی و تەمەنی درێژی بۆ پێشکەشکردنی زۆر بەرهەمی بەنرخی دیکە بە کتێبخانەی کوردی بۆ بەئاوات دەخوازم.



**عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ڕەهبەر سەید برایم ٢٠٢١/١/٢٨**

## خاراوی خێوەتی خارا

خاراو: واتە پوختەکراو و خۆشکراو و قاڵ بوو

خێوەتی خارا: واتە چادری ئاوریشمین، سرۆشانەکە لە سەرچاوەی شعرێکی حەزرەتی (حاجی قادر کۆیی)یەوە وەرگیراوە:

**لەسەر شەو ورۆژی داناوە،مەڵێن فێسی لەسەر ناوە**

**لەبەر با جامی یاقووتی بە میشکی وشکی داداوە**

**لە دامێنی چیا بۆ خەرمەنی گوڵ (خێوەتی خارا)**

**بە دوو ئەستووندەکەی زیوین تەنافی زوڵفی هەڵداوە**

لە دیوانەکە دا وا هاتووە خێوەتی خارا: بە خێوەتێک دەگووترێ لە جۆرە ئاوریشمێک دروست کرابێ

خارا: لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی هەژار واتە (جۆرێ پارچەی بەنرخ) لە (فەرهەنگی زانستگای کوردستان) بەسەرپەرشتی (ماجد مەردۆخ رۆحانی) هەمان واتا نوسراوە (جۆرێ پارچەی بە نرخ) لە فەرهەنگی (شوان)ی(شەوکەتی مەلا ئیسماعیل حەسەن) بە چەند واتایەک لێک دراوەتەوە:

خارا: چادری ئاوریشمی، شوێنی رەوگە، ئامادە- بەردەست- بەردی ڕەق، لە دیوانی (ئەدەب) (عەبدوڵڵا بەگی میصباح) بە بەردی ڕەق هاتووە بەو شێوەیە:

**لە جەوری تۆ، دڵم نەشکاوە، قەت من**

**عەجەب لەو شیشەیەی نەشکا بە (خارا)**

خارا وشەیەکی کۆنە لە فوڵکلۆری کوردیش بە کارهاتووە هەروەک:

**دەسکی داسەکەت دەگرم بە (خارا)**

**دروونە پێ بکە لەو دێمە کارە**

یان:

**کراسی بەرم پەشمە و (خارا) بێ**

**مێردی نا بەدڵ ماڵی خرا بێ**

حەزرەتی نالی شیعرێکی بە ئاوریشم چنراوی هەیە و دەڵێ:

**خارایی سەوز و شینی لەبەر کردووە جەبەل**

**دامێنی وەردی سوورە کە دەستم بە دامەنی**

لە ڕاڤەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و فاتح عەبدولکەریم بەو جۆرە لێک دراوەتەوە (شاخ بەرگی گیا و گەڵای سەوز و شینی پۆشیوە کە لە شەپۆڵ دانەوەی ڕەنگ دا ئەڵێ پارچە خارایە لە بەریا)

شاعیری کۆیی مەلا عەبدول رەحمانی (راجی) دەڵێ:

**بادەم کە لە دوو چاوی هەبێ، بۆ چمە باخات**

**خەیمەم کە لە دوو زوڵفی هەبێ، بۆ چمە (خارا)**

عەلی بەردەشانی بەو شێوەیە بە کاری هێناوە:

**کراسم دەوێ ساف لە (کیمخوا) بێ**

**کۆبەی قەنەوز بەری (خارا) بێ**

کیمخوا وخارا: پارچە قوماشی بە نرخن!

خێوەتی خارا گۆشەیەک بوو، پێشتر بڵاوکراوەتەوە، یان لە بۆنە و مەراسیمەکان خوێندراوەتەوە، تا ئەو بەرهەمی لێدەرچوو، لە ٣٦,٥٦٣ وشە پێکهاتووە و ٢٥ بەشە، دەبێت سوپاسی بێ پایان لە مامۆستای گەورەی زمانی کوردی جەنابی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بکەم بە پێشەکی وپێداچوونەوە و ڕێنمایی و ڕێنووس وخاڵبەندی و سپێیس، بە تایبەت پێشەکیە (خارا)کەی بە جوانی و وردی

چنیویەتی وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ:

**هەرزانە بێ موبالغە حەرفی بە گەوهەرێ**

خێوەت یان خیوەت، ئێمە خێوەتمان بەکارهێنا چونکە دیوانی حاجی قادر کۆیی بە (خێوەت) هاتووە، ناکرێ سوپاسی ئەو زاتانە نەکەم، شەونخوونی و ماندووبوون و ئەرکیان کێشا هەروەک:

١.سەرمەد سەلاح سابیر

٢.باوان محەمەد سدیق

٣.ئارام سالح غەفووری

٤.هەرێم شێخ عوسمان

٥.باوان شێخ سالار

هیواداریین فەرشی ئاوریشم بێت لە گوڵزاری ئەدەبی کوردی لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی.

**ڕەهبەر سەید برایم**

**٢٠٢١/٢/١٤**



ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە: هێوا ڕەش کوردستانی تورکیا، د. خدر مەعسوم، ڕەهبەر سەید برایم، مەلا جەمال حاجی عەلی، نەناسراو
دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: فارس بەکر هاوار، مامۆستا ئەمیر بەکر، نەناسراوە ، شەهید هیوا ساتوقەڵایی ، پشتیوان مام هەمزە .
زەڵێ، ١٩٨٢

## ١
## ( پێشمەرگە )

**پێشمەرگە** تێکۆشەرێکی سیاسیی چەکدارە، بە بیروباوەڕێکی شوناسی پەیوەندیدارە، دڵسۆز و گیانباز و فیداکارە، دەبێت دەستودەموداوێنپاک بێ، گیانی بۆ ڕزگاریی گەل و نیشتمان و خاک بێ، پابەندە بە بیروباوەڕێکی سیاسی و گوێڕایەڵە، ڕۆڵەیەکی لەخۆبووردووی ناو کۆمەڵگا و گەلە، بۆ هەموو بڕیار و فەرمانی فەرماندەکەی جێبەجێکارە، شەڕکەر و بەرگریکار و خۆڕاگر و بەهیممەت و بە هەڵمەت و بێمنەت و بەکارە، خۆشەویست و خۆنەویست و خاکپەرست و بەهەڵوێست و نهێنیپارێز و وڵاتپارێزە، گورجوگۆڵ و توندوتۆڵ و چاپوکدەست و ورەبەرز و بەهێزە، سمبوڵ و هێمای خەباتە، پارێزەری نیشتمان و وڵاتە، گیانلەسەردەست و داکۆکیکاری دەستکەوتەکانی میللەتە، هەمیشە لە ئەرک و کارایە و بە قەناعەتە، بەرژەوەندیی گەلەکەی، ڕێبازی حزبەکەی، لە پێش چاوە، سازدەر و هاندەر و لە ناو جەماوەر و لە سەنگەر و لەپێناوە، بۆ گەیشتن بە ئامانج و دروشم و پرانسیپە بنچینەییەکانی بەرژەوەندیی گشتی لە مەرگ سڵ ناکاتەوە، بە ئاواتە گۆی سەرکەوتن لە گۆڕەپانی جەنگ و بەرگری بباتەوە، بە هیوای

رزگاری و سەرفرازییە، بۆیە لەناو دڵ و دەروونی خەڵک جێی شانازییە، لەناو جەماوەر وەک توخمێکی شۆرشگێرانەی سیاسی پێگەی بەهێزە، رێبواری رێگای ئازادییە و سەربەرز و بەرێزە، جێی متمانەیە، وەک ئەفسانەیە.

لە قۆناغی مێژوویی شۆرش و خەباتی چەکدارانە، خەڵک بە چەک لێ ڕاهاتووە، ناوی **پێشمەرگە** بە گوێرەی زەمین و زەمان بە چەند ناوێک هاتووە ! پارتیزان، **پێشمەرگە**، پێشمەرگ، کۆماندۆ، فیدایی، گیانفیدا، جەنگاوەر، چەکدار، گەریلا (وشەیەکی ئیسپانییە)، وڵاتپارێز، شەڕڤان هتد... نەیار و رەقیب و داگیرکەران بە تێکدەر، یاخیبوو، چەتە، ڕێگر، سوارە، تفەنگچی، ئەشقیا، ملیشیا، دێوانە ... ناوی دەهێنن.

بەگوێرەی ئەو بەڵگە و سەر چاوانەی بەرچاو کەوتوون، بۆ یەکەمجار رۆژنامەوان و مێژوونووسی کوردپەروەر حسێن حوزنی موکریانی ١٩٤٧)–١٨٨٣) وشەی (**پێشمەرگە**)ی بەکار هێناوە، لە ژمارە (٦) ی گۆڤاری زاری کرمانجی ساڵی ١٩٢٦ !

هەر (حسێن حوزنی موکریانی) ساڵی ١٩٣١ لە هەمان گۆڤار ژمارە (١٦) بەو شێوەیە ناوی هێناوە:

(حسین قولیخانی هەوشاری کردە حاکمی ورمێ و سلێمان خانی نیزامول دەولەی بە لەشکرەوە کردە (**پێشمەرگە**) بەڕێی کردن، هەر حسێن حوزنی موکریانی لە (کتێبی مێژووی شاهەنشاهی کوردی زەند)دا ساڵی ١٩٣٢ ناوی (**پێشمەرگە**)ی وا هێناوە: (**پێشمەرگە**) لەشکرێکی وا زلی شکاند و هەمووی بڵاو و تەفروتونا کرد!!

لە شۆرشی رەنۆ (قیام ایلام) فەرماندەیەک بە رەهبەری شۆرشی ئیلام (ڕەنۆ) ساڵی ١٩٢٩ بە شامحەمەد دەڵێ (من **پێشمەرگە**تانم) لە کتێبی (قیام ایلام) ئاماژەی پێدراوە.

ئەوەی دیار بێ لە دیوانی مصباح الدیوان (ئەدەب) ساڵی ١٩٣٩ لە لاپەرە (١٢٩)

لە کۆتایی دیوانەکەدا بە ناوی (بشیر مشیر ١٨٩٠- ١٩٦٣) لە بەغدا بە ناونیشانی (دیسان) نووسراوە:

تکامان وایە کە لاوانی نیشتمانی ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ بەرزبوونەوەی ئەدەبیاتی شیرینمان کۆشش بفەرموون ئەوا ئێمە خۆمان کرد بە (پێشمەرگ) و سەرمان پێوە نا !!

خۆی **پێشمەرگە** کۆنە وشەیەکی لێکدراوە، لە (پێش) و (مەرگ) پێکهاتووە، لە رووی واتاوە، لە هەندێ سەرچاوە و فەرهەنگ بەو شێوەیە بەکار هێنراوە:

لە فەرهەنگی خاڵ ل١٠٦ وا لێک دراوەتەوە:

پێشمەرگ – **پێشمەرگە** چەن کەسێکی لە پێش لەشکرەوە دەنێردرێن بۆ جوستوجۆ و تاقیکردنەوەی ڕێگا !!

زیاتر لە ناو ژنان دەگوترێ (مەرگم پێش مەرگت کەوێ) لە فەرهەنگی (هەرمان) ل ٢٢٩ وا هاتووە:

**پێشمەرگە** چەکداری هێزەکانی رزگاریخواز !

لە فەرهەنگی ناهید ل٣٤١

**پێشمەرگە:** گیانفیدا، فیدایی –سەربازی فیدایی،لە فەرهەنگی کوردستان بە سەرباز و هەیتە ناوی هاتووە، لە هەنبانە بۆرینەی هەژار فەرهەنگی کوردی- کوردی – فارسی ل١٣٣ بە چەکداری رزگاریخواز و فیدایی سەرباز ناوی هاتووە.

(میرزا محەمەدی عەتری گڵۆڵانی بۆکانی موکریانی) دەشێت یەکەم شاعیری کورد بووبێت بەر لە کۆماری کوردستان ناوی **پێشمەرگە**ی هێنابێت لە ساڵی ١٩٤١ لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (نامەوێ ئەو ژینە تاڵە، یا وەتەن یا مردنم:

**سینگەکەم قەڵغانی تۆیە ئەی وەتەن (پێشمەرگە)مە**

**ژیانی من قوربانی تۆ بێ جا بڵێندە گەردنم**

**نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مردنم**

(هێمن و هێدی) لەو شاعیرانەن ناوی **پێشمەرگە**یان هێناوە بە شیعر، هێمن لە

(ڕەشەمێی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی)دا کە دەکاتە ساڵی ١٩٤٥ لە مهاباد ئەو شیعرەی داناوە:

**پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ**

**بەرگەی ناگرێ نەشێر نە پڵەنگ**

هێمنی نەمر(١٩٨٦-١٩٢١) لە هەمان ساڵ هەر لە مهاباد و لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی جارێکی دیکە وا ناوی (**پێشمەرگە**)ی هێناوە:

هەرکەسێ بۆ لای سنووری نیشتمانی ئێوە بێ

بیکوژن، وردی بکەن بینێرنە موڵکی عەدەم

*****

**لاوەکان، دڵپاکەکان، چالاکەکان، پێشمەرگەکان**

**ئێوە شیری لێ بسوون و ئێمە پڕ دەینە قەڵەم**

****

ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە تەورێز باسی **پێشمەرگە**ی کردوە لە شیعری (کورد و ئازەربایجانی)

**ئەوکەسەی چەندێک لەوەی پێش لێی دەدا لافی خودایی،**

**نەیدەهێشت ئێمە هەمانبێ قەت لەگەڵ یەکتر برایی،**

**کوانێ لە کوێیە ببینێ پۆلی (پێشمەرگە) و فیدایی ؟**

هێمن خۆی **پێشمەرگە** و تێکۆشەری سیاسی بووە، چەندان جار لە شیعردا ناوی **پێشمەرگە**ی بردووە هەروەک: لە شیعری (گوڵی هیوا) و (مەترێزی شەرەف) و (بەهاری ئاڵ) و (دەستڕێژي لاوان)

(خالید حیسامی) ناسراو بە(هێدی) (٢٠١٦-١٩٢٨) لە هۆنراوەی (وەڵام)دا ساڵی ١٩٤٥ وشەی **پێشمەرگە**ی بەکار هێناوە بەو شێوەیە:

**پێشمەرگە تیپ تیپ پیادە و سوارمان**
**فەرماندە و گەورە و خاوەنی کارمان**

هێدی شاعیر و **پێشمەرگە** و تێکۆشەری سیاسی چەندان جار لە شیعردا (**پێشمەرگە**)ی بەکار هێناوە: هەروەک شیعری (سڵاو **پێشمەرگە**ی قارەمان) و (گوڵی خوێناوی) و (**پێشمەرگە**یەک) و (چلەی بارزانی) و (یادی بارزانی) و (بەیادی تۆ بارزانی) و (نەورۆز) و (بۆ ئیدریس بارزانی) و (**پێشمەرگە**ی بێناو). شیعرێکی دیکەی بە ناونیشانی (هێمن) ناوی **پێشمەرگە**ی هێناوە.

زەینەب خان (کچەکورد، کۆیە١٩٠٠- ١٩٦٣) دەکاتە خوشکی دڵدار خاوەنی سرروودی (ئەی رەقیب) ساڵی (١٩٤٦) شیعری لەسەر **پێشمەرگە** داناوە بە ناونیشانی

(بۆ **پێشمەرگە**کانی پێشەوا قازی محەمەد):

**نێرگسی چاوی شەهلایە، پێشمەرگە**
**یا قووتی ملی لەیلایە، پێشمەرگە**
**باوەڕی وەک کێوی (هەیبەت سوڵتانە)**
**بۆ وڵات شوورا و قەڵایە, پێشمەرگە**
**هەموو عالەم سەرسامن لە نەبەردی**
**دەڵێی لە مەعدەنی پۆڵایە, پێشمەرگە**
**ئەو بۆ پاسەوانیی خاکی کوردستان**
**پڵینگ وشێری سەحرایە، پێشمەرگە**
**لە هەرکوێ بێ نەعرەتەی دێ بەمەردی**
**باز و هەڵۆی سەر چیایە، پێشمەرگە**
**لە هەر کوێ رووبەڕووی دوژمن بێتەوە**
**دڵی ئێمەی لەگەڵدایە، پێشمەرگە**

**چاو لەسێرە و دەستبەتفەنگ، بەپێوە**
**نەسیمی سوبحی رێگایە، پێشمەرگە**
**هەموو چاومان لە دەستوبردی ئەوە**
**پەیامی ئێمەی لەلایە، پێشمەرگە**
**پێشمەرگەیەک کە قازی پێشەوای بێ**
**چاونەترس، بێهاوتایە، پێشمەرگە**

ئەو کچە کوردە (زەینەب مەلا رەئووفە فەندی خادم سجادە) یەکەم ژنە شاعیر و سیاسەتمەدارە بە دووردودرێژی و تایبەت ناوی **پێشمەرگە**ی هێنابێ، دوو جاری تریش ناوی **پێشمەرگە**ی لە شیعرەکانیدا هێناوە

لە ساڵی ١٩٤٧دا گوتوویەتی:

**کوڕ و کچی کوردەواری، گوڵشەنی مێرگی وڵاتن**
**لە خەبات و تێکۆشانا، خوایە بۆنیان هەردەم خۆش بێ**
**هەتا مردن، قەت نەبیستم، شکستی هێزی (پێشمەرگە)**
**نیشانەی شەهیدبوونیانە، ئەو بەرگەی بە خوێن سوورپۆش بێ**

تەنانەت لە ساڵی ١٩٣٠دا وشەی (وڵات پارێز)ی بەکار هێناوە:

**کۆرپەی شیرینم پاک و بەهێز بە**
**پاسەوانێکی (وڵات پارێز) بە**

ئەحمەد دڵزاری شاعیر لە (خەبات و ژیان) و لە شیعری (کاروانی گەلان)دا کە ساڵی ١٩٥١ لە بەندیخانەی کووت دایناوە، بەو شێوەیە ناوی **پێشمەرگە**ی هێناوە:

**رۆڵانت کەوا بەندی زیندانن**
**(پێشمەرگە)ی راستی رێگەی ژیانن**

دڵزاری و سیاسەتمەدار و شۆرشگێر و شاعیر وشەی (**پێشمەرگە**)ی لە شیعردا هێناوە !!

هەژار موکریانی(١٩٩١-١٩١٩) ساڵی ١٩٥٥ بۆ ئوستاد بشیر مشیر بە ناونیشانی (دەردی دەروون) ناوی (**پێشمەرگە**)ی هێناوە لەو شیعرە:

**دەمەوێ بمرم لە ڕووی مەیدانا**

**خۆم پێشمەرگە بم لە کوردستانا**

ئەو شیعرە لە گۆڤاری هەتاوی گیو موکریانی بە ناوی مامۆستا بشیر مشیر – لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە بەڵام شیعرەکە هی هەژار موکریانییە

دەشێت شاعیری دیکە ناوی (**پێشمەرگە**)یان هێنابێ بەڵام ئەو بەڵگە و سەرچاوانە ئاماژە بەو شاعیرانە دەدەن !!

دەبێت خالد دلێری سیاسی و **پێشمەرگە** و سەرکردە (٢٠١١-١٩٣٣)، یەکەم سروودی دانابێ لە زیندانی (تسن) بە ناوی (**پێشمەرگە**ی بەهەڵمەتین)

**پێشمەرگەی بە هەڵمەتین**

**پاڵەوانی میللەتین**

**شێری ڕۆژی زیللەتین**

**لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان**

**بەخت دەکەین ژیانمان و ماڵ و گیان**

*****

**دەرنەچێ لە خاکمان دژمنی کافر**

**دار و بەرد و خۆڵی لێ دەکەین بە ئاگر**

**هەر بە زوویی دەیبەزێنین**

**تا سنوورمان دەیڕەتێنین**

**کوردستانی گەورەی پێ وەیەک دەهێنین**

*****

**زۆری  سەرکەش هەوڵی داوە کورد نەهێڵێ**
**خاکی کوردستان بە بۆمبا و چەک بکێڵێ**
**هەڵدێراون لەم کێوانە**
**بوونەتە پەندی زەمانە**
**ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە**

مامۆستا برایم ئەحمەد (١٩١٤–٢٠٠٠) لە (ماوەت) لە ١٩٦٢/٧/١٠ شیعری **پێشمەرگە**ی داناوە لە ئێستگەی دەنگی کوردستان  پەخش دەکرا هونەرمەند (هۆمەر دزەیی) ئاوازەکەی بۆ داناوە خۆی چڕیویەتی:

**من پێشمەرگەی کوردستانم**
**ئامادەی جەرگەی مەیدانم**
**بە سەروماڵ و ژیانم**
**ئەیپارێزم نیشتمانم**
**دەست لە چەکم هەڵناگرم**
**یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم**

(مدحەت بێخەو)ی شاعیر سروودی (ئێمە **پێشمەرگە**ین) لە چڕینی  هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) پاش جیابوونەوەی (م.س) لە پارتی ئەو سروودەی بووە باو و لە دەنگی گەلی کوردستان  هەمیشە پەخش دەکرا:

**ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لەژین**
**نیشتیمان ئازاد دەکەین لە خوێنمژین**
**ئێمە کوردین نابەزین**
**جەنگاوەرین نابەزین**

د. ڕەحیمی قازی ساڵی ١٣٣٨ واتە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری (ئێرەوان) ڕۆمانی (**پێشمەرگە**) ی بڵاوکردەوە ناوی پیرۆزی **پێشمەرگە** لە ڕۆمانەکەی هاتووە: (دەست بە جێ لەگەڵ چەند **پێشمەرگە**یەک بۆلای دارستان بەڕێ کەوت)


ڕەهبەر سەید برایم لە سەردەمی شاخ

وشەی (**پێشمەرگە**) کۆنترە لە کۆماری کوردستان لە مهاباد. بەڵام لە کۆماری کوردستان بە فەرمی ناسێندرا، لەجیاتی (سەرباز) کرا بە (**پێشمەرگە**) ڕەنگە ڕاستیی تێدا بووبێت لە کۆماری کوردستان لە مهاباد لە وەختی گفتوگۆ و گەڕان بە دوای وشەیەکی جوان بۆ هێزی چەکداری کۆمار، چاپەزی بنەماڵەی پێشەوا قازی بە نێوی (ئەحمەد دەسماڵ یان ئەحمەدە کۆڵ) کە چای بۆ هێناون ! گوتوویەتی جاران کورد بە پیاوی ئازا و لەخۆبوردوویان دەگوت (**پێشمەرگە**).

لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان مەحەمەد حسین خان سەیفی قازی دواتربوو**ە** وەزیری جەنگ و پلەی جەنەراڵ بووە،وتاری داوە یەکەم کەس بووە لە بۆنە و ڕێورەسمی هەڵکردنی ئاڵا ناوی **پێشمەرگە**ی هێناوە بەو شێوەیە: (ئەمن بە نوێنەری لە لایەن هێزی حیزبی دیمکراتی کوردستانەوە پێ پیرۆزەی خۆم دەگەڵ گیانی سەربازی و **پێشمەرگە**یی بە پێشگای ئەقدەسی جەنابی قازی محەمەد ڕەئیسی خۆشەویستی جمهوری کوردستان و هەمو نەتەوەی کورد رادەگەیێنم و شانازی ئەوەم هەیە !!)

لە ئەدەبیاتی کۆماردا وشەی (**پێشمەرگە**) لە ڕۆژنامەی (کوردستان) زۆر بەکار

هاتووە، لە جیاتی سەربازگە بە (کانگای **پێشمەرگە** و **پێشمەرگە**خانە) ناو هێنراوە!

سەرەنجام (**پێشمەرگە**) بووە زاراوەیەکی جیهانی، زۆربەی گەلان لەگەڵی ئاشنان و مانای دەزانن، چۆتە فەرهەنگی گەلانەوە، کەوتۆتە کەشکەلان و تۆقەلان، دەیان شاعیر لە شیعردا ناوی (**پێشمەرگە**)یان هێناوە، چەندان سروودی **پێشمەرگە** زایەڵە دەداتەوە. گوڵبرێژێک لە شیعر وسروودی **پێشمەرگە**:

**هۆکاکی پێشمەرگە شۆرشگێری قارەمان**
**ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان**

(حەمە جەزا)

**شەو  بوو هەر پێشمەرگە و بەفر**
**لە بناری شاخەوە بوون**

*****

**کوردستانم شاخ و دەشت و ڕێوبانت**
**کوردستانم (پێشمەرگەیە) داستانت**

(شێرکۆ بێکەس)

******

**وا هاتن  پێشمەرگێت مە**
**شاڵ و شەپک بەژنە وان**

(شڤان پەروەر)

*****

**نەڵێن ئەمرێ و لە ترسی مەرگ پەشێوە**
**پێشمەرگە بم هەر ئەکەومە پێش ئێوە**
**بە مەرگی پێشمەرگی ئێوە ئاسوودەم**
**ڕووشم زەردەی پێکەنینی هەر پێوە**

(شەهیدمەلا عەلی)

******

شیعر بۆ **پێشمەرگە** زۆرن، هەردوو شاعیری رۆژهەڵاتی کوردستان (پشکۆ-ڕێبوار) هۆنراوەی (سڵاو بۆ **پێشمەرگە** دادەنێن) بە دەنگی هونەرمەند مەرزیە فەریقی:

**سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش**
**پڵنگی هەردی وڵات، ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە**
**لە دەوری دەستوتفەنگت گەڕێم کە رۆژی خەبات**
**لە ئاستی هەڵمەتی تیژت چ ناگریَ بەرگە**

سەرچاوەکان:

١- وەک سومبولێک (سەفەر کەریم هاواری)
٢-تاریکوڕوون (هێمن)
٣-کاروانی خەیاڵ (هێدی)
٤-دیوانی (زەینەب خان) کچەکورد
٥-دیوانی شەهید مەلا عەلی
٦-خەبات و ژیان (ئەحمەد دڵزار)
٧-گۆڤاری (ڕێبەری سیاسی) ژمارە ١ تەموزی ١٩٩٦
٨-خالید دلێر – وریا ئەحمەد
٩-دیوانی مدحەت بێخەو
١٠-ڕۆمانی پێشمەرگە –د. ڕەحیمی قازی
١١-قیام ایلام –درعصر رضا شاه
١٢-بلیمەت (ئامادەکردنی) سیروان ڕەحیم
١٣ فەرهەنگی خاڵ (شێخ محەمەدی خاڵ)
١٤ فەرهەنگی ناهید (محەمەد ناهید)
١٥ فەرهەنگی هەرمان (عەلی نانەوازادە)
١٦ هەنبانە بۆرینە (هەژار)
١٧-گۆڤاری زاری کرمانجی
١٨- کتێبی مێژووی شاهەنشاهی کوردی زەند (حوسین حوزنی موکریانی)
١٩-حکومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا)(نەوشیروان مستەفا ئەمین)
٢٠- گۆڤاری هەتاو ژمارە (٥١) ساڵی ١٩٥٥ (گیو موکریانی)


بەغداد، لەراستەوە: د. ئیحسان فوئاد، بورهان قانع، سەرەتای حەفتاکان

## ٢

## «بورهان قانع خەنجەری دەبان»

## ١٩٣٥-١٩٨٥/٦/٢٧

ناکرێ ڕاستی و مانگ و خۆر، هەر شاراوە بن بۆ ماوەیەکی زۆر، دڵ سندووقی نهێنییە لچولێو قوفڵن زمان کلیلە، تا ئەو ڕۆژەی ئازاد دەکرێ لە قەفەزی سنگ دیلە، حەقیقەتی ڕاستەقینە لە بێدەنگیدا شاردراوەتەوە، مرۆڤی بەهرەدار کە دەرکەوتووە بە گەشی درەوشاوەتەوە، هەموو تاریکیی جیهان بە ڕووناکیی مۆمێک ناوێرێ، ویژدانی مێژوو جێی کەسایەتیی مەزن دەکاتەوە و نایبوێرێ، پەرتووکی جوان ڕۆح دەفڕێنێ و باڵ و ناوی هەیە، کوێر ئەوەیە خەونی نییە چاوی هەیە، تەرازووی مرۆڤ دڵیەتی، پاکی و چاکی و ڕووناکی شاگوڵیەتی، باخ چاوی هەیە و پەرژین گوێ، وەک زانا بنووسە وەک خەڵکی ئاسایی بدوێ، زانست و زانیاری و ڕەوشت کلیلە زۆر دەرگا دەکاتەوە، چرایەکی گەشاوەیە ناکوژێتەوە، پڕشنگ دەداتەوە، پەند و ئامۆژگاری بەنرخترە لە زمڕووت، وشەی جوان گەوهەری گرانبەهایە وەک یاقووت، لە شەوەزەنگ و تاریکترین شەو، ئەستێرە دەردەکەوێ بەجوانی پڕتەو، لە ئاسمان پەیدا دەبێ پەلکەڕەنگینە، زەوی پڕکەسایەتیی مەزن و سەنگینە،


بورهان قانع، فاتمە ئەحمەد عەلی (هاوسەری بورهان قانع) منداڵەکان مەم بورهان قانع، بابان بورهان قانع، ئاگر بورهان قانع، ئەردەڵان بورهان قانع، ساڵی ١٩٧٤

کاتێک ناو دڵ گەرم بێ وەک کوورەی ئاگرێ، هەرگیز لێی ڕەچاو ناکرێ، لە دەستەکانی گوڵ بگرێ، هەمیشە بۆنی خۆش و سیمای گەش، لە دەستی ئەو کەسانەیە کە گوڵ دەبەخشن دەیکەن پێشکەش، دەتوانی گلەیی بکەی بۆ گوڵ چقڵی هەیە، دەشکرێ دڵخۆش بی کە چۆن چقڵ گوڵی هەیە، چەند جوانە بەناو خەڵکیدا هەنگاو هەڵبهێنی، وەک (غاندی) گوڵاوی ڕەوشت بپرژێنی! ئەوانەی ڕۆحیان جوانە هاوڕێیەتییان بکە بتەوێ، بەڵکوو لەو هاوڕێیەتیە جوانیت بەرکەوێ! گێژاوی گەردەلوول چڵەپووشێکی پێ ناشکێ، بەڵام دارێکی گەورە لەڕەگ دەردەهێنێ و پێی هەڵدەتەکێ!

(ناپلیۆن) دەڵێ لە چوار قەڵەم دەترسم خۆم لێی غافڵ ناکەم، بەڵام لە دەهەزار چەکدار ناترسم و سڵ ناکەم! قەیسەری ڕووسیای مەزن، دەڵێ قەڵەم تۆ جوانی لە وڵاتی من، بەڵام لە شەیتان ناشرینتری، چونکە لە چەک کاریگەر و بەتینتری! بەردی بچووک پەنجەرەی گەورە و سەری گەورە دەشکێنێ، کونی بچووک پاپۆڕ و کەشتیی گەورە نقوم دەکا و وەری دەگەڕێنێ!

داهێنەرەکان تووشی هەڵەیەک دەبن ئەوجا داهێنانیان دەبێ، ئاواتی گەورە مرۆڤی گەورە دروست دەکات و خەون و ڕاهێنانیان دەبێ، شتڵ و گوڵ بەراژە و چاودێری دێنە سەربەر، بەڵام درک بە فەرامۆشی و گوێنەدان چڕتر و تیژتر و زیاتر دێتە دەر، دۆزەخ چۆڵوهۆڵە، شەیتانەکان لەسەر زەوین، ئازار دۆزەخە، بەڵام وەک بەهەشتە خۆشی و ئەوین، خۆشترە کوخێک لە باخێک، نەک نۆکەری

لە کاخێک، قانع شاعیری چەوساوەکان، گوڵدەستەیە لەناو ناوەکان، لە کونجی قەناعەت و بەم ڕوانگە و پێوانەیە:

**ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە**

**ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە**

**زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زڕڕەیی زنجیر ئەکەم**

**سەیری ئەم زنجیرە کەن وەک زێوەری شاهانەیە**

**بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەستوپێی**

**حەڵقەحەڵقەی پێوەنم بۆ پڵپڵە و لەرزانەیە**

**گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بەدیلی لاڵ ئەبم**

**باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە**

**بیری ئازادیم لە زیندانا فراونتر ئەبێ**

**قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە**

**گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادییە**

**تۆپ و شەستیر و کەلەپچە لام وەکوو ئەفسانەیە**

**چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا**

**میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە**

**چەکی شۆڕشگێڕی من نووسین و بیروباوەڕە**

**ڕاپەڕینە، هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە**

**گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم**

**نۆکەری و سەردانەواندن کاری نامەردانەیە**

**قانعم ئەمڕۆ لە زیندانا بە ئازادی ئەژیم**

**سەد هەزار لەحنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە**

قانعی بەدبەخت و دەربەدەر، بە سەختی ژیانی بردۆتە سەر، پاش چواردە خوشکان لەدایک دەبێ ڕێی ژیان دەگرێ، پاش چل ڕۆژ باوکی دەمرێ و پیرەوکە

دەبێ دایکیشی دەمرێ، خاتوو خورشید دایکی قانع وەک شاعیرێکی خانومان هەڵدەکەوێ، بەڵام ناوی بزرە لە نموونەی شیعری شاعیریەتی دەردەکەوێ:

**هەندێ کچ بێ تەجرەبە سووراو و سپیاوی ئەوێ**

**مێخەک و عەتر و بخوور و سێوی نەخشاوی ئەوێ**

**بیر لەوە ناکاتەوەساڵێکی تر کەیبانووە**

**دائیما سەیروسەفاو و بەزم و شەوڕاوی ئەوێ**

**ناڵێ من بەینێکی تر کوێخا و سەرۆکی ماڵ ئەبم**

**ئەوکەسانەی وا سەرۆکن عەقڵی گونجاوی ئەوێ**

**سەیری خورشید کە کچم ئەمجا ئەزانی چی ئەکەی**

**چۆن حەیاوناموسی خۆی و هۆزی فەتاوی ئەوێ**

قانع بێ دایکوباوک و بە بێکەسی ٦٧ساڵ ژیا و کۆچی کرد. بە تەنگەنەفەسی، مەلا-شێخ-مامۆستا، نیشتیمانی و زیندانیی سیاسی، بە ئاشەوانی و پاسەوانی ژیانی بەڕێکرد و بە سەربەرزی و کەساسی، لە دێی لەنگەدێی ناوچەی شلێرێ، گیانی دەسپێرێ و بەخاک دەسپێردرێ، شیعرە سروودەکانی لەسەر لێوی تێکۆشەران دەلەرێنەوە:

**بۆیە پێمخۆشە کە تابووتم لەبەرزی دابنێن**

**تا نەسیم و بای شەماڵی کوردسان بیگرێتەوە**

قانع شەهیدی عەشقی میللەت، بە عیزەتی نەفس و بەهیممەت، لە شیعرەکانی فەرموویەتی سەرم شۆڕ ناکەم، قوربانی ئەو گەل و خاکەم:

**لەسایەی عیزەتی نەفسم لە پاشا مەرحەبا ناکەم**

**لە ئەربابی کەرەم دوورم بەکەس خۆم ئاشنا ناکەم**

**کراسی چەرمی خۆم ئەدڕم سواڵی سەر کەوا ناکەم**

***

قانع سێ کوڕی هەبوون پەروەردەیان دەکات بە وەسیەت و نەسیحەت و

لایلایە، کوڕەکانی ناویان (کوتەک و خەنجەر و وریا)یە!

**هەی لایەلایە ڕۆڵە لایلایە**

**لە کزیی کوردان دەنگم دەرنایە**

قانع وەچاخی ڕوون و پشکۆی گەشاوە بوو، ئاگردانی گەش، نەکوژاوە بوو، لە کوڕانی قانع بورهان و وریا، گوڵن لە باخی ئەدەب و میدیا، ئاگردانی پڕگڕ، لە کۆڵەوەژی نەوە و کوڕ، جێگەدار بوون، ڕێی قانعیان نەکرد ون، وەسیەتنامەکەی قانعیان هێناوەتە دی، بە کوردایەتی و مەردایەتی و کەسایەتی و بەوردی. تەماشای ئەو شیعرە پڕ ئامۆژگاری و بانگ و هاوار و بڕیارە کەن:

**ڕۆڵە! وەسیەت بێ کە مردم سەیری ئەم ئەشعارە کە**

**حەفتەیەک جارێ تەماشای شۆری ئەم گوفتارە کە**

**بابی خۆت ڕەفتاری چۆن بوو تۆش هەر ئەو ڕەفتارە کە**

**ڕوو لە قازانجی عموومی و پشت لە خاوەنپارە کە**

**بێرە مەیدانی دلێری هەر وەکوو شێری ژیان**

**جەرگی دوژمن هەڵدڕە و ببڕە وەکوو تیغی دەبان**


***

لە جەننەتولمەئوای شارەزوور لە دێی نەوێ، کوڕێکی دیکەی لەدایک دەبێ چاوی بە ژیان دەکەوێ، (دێی نەوێ) گەرچی کۆن و پڕکەلاوەیە، بەڵام شوێنەواری زوحاک و کوورەی کاوەیە، ساڵی ١٩٣٥ بورهان، هاتۆتە ژیان و جیهان، بورهان قانع خەنجەر، لە کاڵان هاتۆتە دەر، زاخدراو و جۆشدراوی کاوەی ئاسنگەر، (بورهان قانع) کوڕی شێخ محەمەدی شێخ عەبدولقادری شێخ سەعیدی دۆلاش، گۆش دەبێ لەناو شیعر و کتێب و کاغەز و چاپ و ئەشکەوت و شاخ و بن تەراش، قانع وەسیەتی بۆ دەکات، بە خەنجەر ناوی دەبات!

**ئەگەر خەنجەر! بەخەنجەر پارەپارەت کەن لەسەر دەعوات**

**نەڵێی ئۆف! هەر بڵێ ئۆخەی، کەوا ئاواتەکەم پێکهات!**

**گەرەکتە وارسی من بی، حەیاتی جاویدانیت بێ**
**حەیاتی جاویدی ڕۆڵە، بەچاکی بۆت بکەم ئیسپات**
**لەڕێی خاکی وەتەن کوژرای، شەهیدی (فی سبیل الله)ی**
**شەهیدیش زیندووە دایم، بەنەسسی زاهیری ئایات**
**لە کەسبی کاسبی شێخ بە، لە سەنعەتدا وەکوو غەربی**
**بە گفتوگۆ کوڕی شاری، بەزەحمەت وەک کوڕی دێهات**
**لە ئیقلیمی هونەرمەندی، لە مڵکی نیکتەدۆزیما**
**یەکێکتان جێگەدارم بێ، کە زووتر دەست بەمەتڵەب کات**


دواین وێنەی بورهان قانع، ساڵی ١٩٨٥

بەتۆزی ئاش وتۆزێ مەعاش و ژیانی نیوداش، لەناو شیعر و کتێب و ئامۆژگاری تا دەبێ هەراش، بەتەمەنی ١٣ساڵی، چاپ و نووسین کەوتۆتە خەیاڵی، لە چاپخانەی پیرەمێردی نەمر، دەبێتە شوێنهەڵگری نووسین و سەرچاوەوەرگر، کوڕی قانع و شاگردی پیرەمێرد، تیژتر دەبێ وەک خەنجەر و کێرد، لەو وەختەوە وەک مێرووله و پەپووله، لەبن گڵ و لەناو گوڵ و لەسەرچڵ کەوتۆتە جووله، دەرفەتی دەقۆزیەوە، خەزنەی نایابی دەدۆزیەوە، ماندوو نەدەبوو هەر نوێ دەبۆوە، وشەبەوشە پێدا دەچۆوە، زمانی فارسی و عەرەبیی بە جوانی دەزانی، جگە لە کوردی زمانی دایکی بەرەوانی، بەمەتەڵ ساڵی ١٩٥٦، لە گۆڤاری هەتاوی پرشنگدار و گەش، بۆ خۆشەویستیی گۆڤاری هەتاو، بارانە شیعری کردووە بەتاو، هەتاو لە هەولێرە خۆی لە شارەزوورە:

**تیشکی بێگەردی گەش و پڕنوورە**
**دونیا بەبێ ئەو شەوی دەیجوورە**

**سێ پیتی دوایی وەک تاوی باران**
**دائەڕژێتە سەر دەشت و کۆساران**

ساڵی ١٩٥٨ لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) دەبێتە کرێکار و نووسەر، ساڵی ١٩٥٩ لە ئێزگەی کوردی لەبەغدا دامەزراوە بە فەرمانبەر، دانراوە وەک وەرگێڕ و بێژەر، ساڵی ١٩٥٩، شیعری کردۆتە پشکۆ، لە هەمان گۆڤاری هەتاو، لەتاو کوردی ستەملێکراو، شیعرێک بڵاو دەکاتەوە، دەنگ و ڕووناکی دەداتەوە، بەناوی (هەستی کوردایەتی)، لەبەر دڵسۆزی و کوردبوون:

**لە قوڵایی دڵ و دەروون**
**هەڵئەقوڵێ هەستێکی ڕوون**
**هەستێکی پاک، بێگەرد و ورد**
**بۆ سکاڵای نەتەوەی کورد**
**سکاڵای خاکی بەشکراو**
**سکاڵای گەلی بەشخوراو**
**بیرو بڕوا ئەپڕژێنێ**
**خەتی سنوور ئەشێوێنێ**
**دڵم بۆیە هێند بەجۆشە**
**بەبیرەی خەبات سەرخۆشە**
**ئەڵێم کوردم کوردزمانم**
**فیداکاری کوردستانم**

یەکێک بوو لەگەڵ کۆمەڵێ قەڵەمی دیار و ناودار بۆ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد هەوڵیان داوە، لە ژمارە (١٠٩)ی پێشکەوتن لە ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩٦٠ ئاماژەی بۆ کراوە و تۆمار و نووسراوە، ساڵی ١٩٦١ لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول، بۆتە پێشمەرگە بەچەک و قەڵەم هاتۆتە جۆش و کوڵ، ساڵی ١٩٦٣ وەک چرا دادەگیرسێ، لە بناری پێنجوێن لە دێی (بناوەسووتە) بۆ کورد گڕی دەگرت


بورهان قانع، ١٩٧٠،بەغداد

و دەسووتا، بەهیمەت و چاپوکدەست و خۆراگر، بڵاوکراوەیەکی دەستنووسی دەردەچواند بەناوی (ئاگر). مێژوونووس، ڕۆژنامەوان، نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر و زمانەوان و زیندانیی سیاسی و شۆڕشگێڕ، چالاکوان لە کاروباری ڕۆشنبیری و هونەر، قەڵەمی خەنجەری دەبانی بەگەوهەر و جەوهەر، مێژووی گەلانی بە کوردی دەناساند، خوێنەری کوردی ئاشنا دەکرد و دەتاساند، لە بەرهەمەکانی (میدیا،مێژووی ماد، دیوانی قانع، یادی قانع، یادی مفتی، نامەی قانع، بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی لادێنشینی کوردەواری، ئەرخەوان، سپارتاکۆس، ڕاپەڕینی نیکاراگوا، مردووخۆرەکان، جەنگی گەل، سوپای گەل، حزبی کاری ئەلبانی، نەتەوایەتی لە ڕوانگەی فەلسەفەی زانستییەوە، ڕەوشتەکانی ئیمپریالیزم لە سایگۆن، بازرگانی کۆیلەکان، فەرهەنگی نوێ، جەنگی ناوخۆیی، کتێبە سەوزەکەی قەزافی، یاداشتەکانی گیڤارا، یاداشتەکانی کرۆپسکایا، کوردناسی، گەورە پیاوانی جیهان...) بورهان قانع وەک خەنجەری دەبان، بە بەڵگە و بورهان وەکوو ئەو هەبان، کتێبخانەی کوردی پڕ دەبوو لە کتاب، لە بەرهەمی جوان و ناوازە و نایاب، چونکە کتێب لە باڵی فریشتەی زانیاری دروست کراوە، خۆراکی گیانە بۆ دڵ و دەروون و مێشک زاخاوە، لە وەرگێڕان بەهیمەت و گورج، وردەکار و بەسەرنج، ڕوونوڕەوان، تەڕوپاراو دەیکردە کوردی، بەگیانی کوردەواری و زمانی ڕەسەنی گوندی، وشەی (بانگەشە)ی لەلادێدا دۆزییەوە، لە زاری پیرە ژنێکەوەی بیستبوو

قۆزییەوە، لە ئێستگەی کوردیی بەغدا بەرنامەکانی خۆش بوون، گوێگرانی تامەزرۆ و بەپەرۆش بوون، بەوپەڕی زەوق و سەلیقە، لە بەرنامەی (کوڕە لادێ)ی و شیعر و مۆسیقا)، وا جوانی دەڕازاندەوە، بە تاموخوێ دەیخوێندەوە، بە شێوەزاری شارەزووری بە شیعر و مۆسیقا، خەڵکی دەخستە خەندە و خۆشی و قاقا، وتەکانی لە گوێی بیستەران دەزرنگایەوە، ئەو دەنگە زوڵاڵە ڕۆیی و نەگەڕایەوە.

ساڵی ١٩٧٩ لە دڵسۆزیی خۆی بۆ شۆڕش و کورد، چاپخانەیەکی دەستیی بە نهێنی کڕی و پەیدا کرد، لەو ڕۆژگارە دژوار و مەترسیدارە، بە قاچاخ و یاساخ، ئەو چاپخانەیەی گەیاندە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە شاخ، ڕژێمی بەعس گومانی لێکرد و گرتی خستیە زیندان، کەوتە بەر دەستی جەللادان بە لێدان و ئازاردان، دانی پێدا نەنا و نەیسەلماند، نهێنییەکەی نەدرکاند، قارەمانانە خۆی ڕاگرت، سەرەنجام ئازادیان کرد، بۆیە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی (ی.ن.ک)ەوە کرد و هاتە شاخ و بووە پێشمەرگە، لە دوانەی هاوژین (چەک وقەڵەم) سەلماندی بە بەڵگە، لە شاخ (دار النشر) دادەمەزرێنێ، دەیان کتێب بەچاپ دەگەیێنێ، لە خولی کادیران لە (تووژەڵ) دەبێ بە وانەبێژ و لەو دەرفەت و هەلە، بەتواناتر بوو لە سیاسەتمەدار و مامۆستا بڕوانامەدارەکان، دەرسی سیاسەتی دەگوتەوە بە کادیرە خوێندکارەکان، شێوازی دەرسەکانی، بابەت و پرسەکانی، کاریگەر و بایەخدار بوون، بۆ زانیاری و هۆشیاربوون، بیرۆکەی پڕۆژەی ڕۆژژمێر و مێژووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی هەبوو، تۆمارکردنی سەروەریی شەهیدان و قارەمانیەتیی پێشمەرگە و داستانی هەبوو، ئاسۆی پێشبینی و خەونی ئایندەی، وەک تیشکی هەتاو دەهاتە بەردیدەی، زمان و قەڵەمی لەکارا بووە لە شار و شاخ و دەشت و تەلان، بابەتی بڵاو کردۆتەوە بەناوی (زمناکۆ–ئاگر–لالەحەمە–وەسمان–ئەردەڵان). کوڕی گوندی وشار بوو، ئاوێتە و هاوچەرخ و لەکار بوو، لە هەر جێیەک بووبێ بۆی گونجاو و لەبار بوو، شارەزا لە مێژووی گەلان و دابونەریتی کوردەواری، کوردایەتی تێکەڵ بوو لەگەڵ مێشک و خوێن و دەماری، پێشکەوتنخواز و سەرفراز و نوێخواز، لەیادی




مـــەردان بێیاد و بێناز، ساڵی ١٩٨٥ لـە ٢٧ی شـــــەش، بـــای مەرگ هەڵدەکا، خـامـۆش دەکـا چـــرایـــەکـــی گـــــــەش، لــە بێرکۆتی شاری هەولێرێ، لەوێ دەنـــێـــژرێ و مەرگ بە هەموو کەس دەوێرێ، ٥٠ساڵ ژیا، بۆ کورد و میدیا، بەرچنەیەک گوڵە دەستنووسی لەپاش بەجێ ماوە گوڵاویان لێدەتکێ تک تک، لەگەڵ سێ کوڕ و یەک کچ بەناوی (ئاگر، مەم، زمناکۆ، فێنک)، (ئەگەر ئەمجارەشیان ڕێم بکەوێتە بێرکۆت-لێشم حەرام کەن) دەستم ببەستن بەزنجیر وکۆت، لەزێدی عەزیز محەمەد و عەبدوڵلا پەشێو، چەپکێ گوڵی سروشتی گوڵاو بێ لێوانلێو، دادەنێن لەسەر ئارامگای پاکی، لەبەر قەڵەم و بەرهەمی جوان و چاکی! یادی بەخێر بەغەمناکی.

قانعی باوکی گیانی شاد و بەختەوەر، چونکە کوڕەکەی بورهانی خەنجەر و ئەختەر، وەسیەتەکەی گەیاندۆتە سەر:

**منیش لەگۆڕا سەر دێنمە دەر**
**تەماشا ئەکەم هەموو دەشتودەر**
**گیانی ڕابردووم بۆی دێتەوە بەر**
**تاجی ئازادی ئەنێمە سەر سەر**
**ئیتر نامرم تا ئاخر زەمان**

سەرچاوەکان:
١.دیوانی قانع.
٢. پەندی بەنرخ.
٣. دیوانی پەشێو.
٤. نووسراوێکی مەم بورهان قانع.
٥. نەوشیروان مستەفا ئەمین ناوی لە قانع ناوە شاعیری چەوساوەکانی کوردستان.
٦. زانیاری لە مامۆستا حسێن ئەحمەد (پێزان).



شێخ سەدرەدینی سەندۆڵان

## ٣

## گلانی شۆڕەسوارێکی سەردار

دەبێت هەموو پێغەمبەرەکان شوانییان کردبێ، لە دەشتودەر و لەوەڕگا مەڕیان لەوەڕاند بێ، شێخ سەدرەدینی شێخ حەسەن، ساداتی بەرزنجە ڕەچەڵەکی ڕەسەن، شوانی شێخان بوو، قۆناغی لە سندۆڵان بوو، نوای بێئەنوایان و لێقەوماوان بوو، دیوەخانەکەی هێلانەی هیوا و سوڵح و پێکهاتن بوو. بێ جیاوازی بەهانای هەموو لایەک دەگەیشتن، کوڕ و داوەتێ گوڵاوپڕژێن بوو بە ڕۆحی سەیدایەتی، نووری ڕوخساری دەردەکەوت بە مەردایەتی، شاهانە بوو خوانی ڕازاوەی، چونکە پاک و ڕوون بوو سەرچاوەی، شێخی شێخان، باخچەیەک بوو لە زستان، کەمدوو بوو قسەی کردبا وەک ڕاوچی نیشانەی دەپێکا، گوڵاوی ڕێز و خۆشەویستیی لێدەتکا، ئەوەی بەڕێزە، قسەی بەهێزە، ئەشقی خوا و پێغەمبەری لەناخا بوو، دەماری شێخایەتی و پیاوەتی لە وەجاخا بوو، وتەیەکی جوانی زانای مەزن (ئەفلاتوون) وشەکانی داڕێژراوە بە ئاوی ئاڵتوون، دەبێژێ (لوتکەی ئەدەب ئەوەیە مرۆڤ شەرم لە خۆی بکات).

حەزرەتی شێخ سەدرەدین شەرەفمەند و شەرمبەخۆ بوو لە هەموو کات،

ویژدانی پاکی جلّەوی زمانی بوو، گفتار و ڕەفتاری نموونەی جوانی بوو، دڵی تەنک و ناسک لە باڵی پەپوولە دەچوو، دڵی شکابایە مەزاجی کوردەوارییی تێک دەچوو، ویژدان کە بوو بیمار، ئەستەمە بکرێ تیمار، دارگوێز و دارزەیتوون لقوپۆپیان بشکێنی بەرناگرن، داری بەردار لەبەر بەرزی پەلی تێدەگرن، حەزرەتی شێخ دارزەیتوونێکی ریشەقووڵی بەرزی ٧١ ساڵە بوو، لە لوتکەی کوریسی ئاسۆس سێبەری گەلاڵە بوو، شێخ سەدرەدینی سندۆڵان، شارەزای شاخ و پێدەشت و شیو و دۆڵان.

هیواو ئاواتی ڕاو و شکار بوو، سوار چاکێکی چالاک و شۆڕە سوار بوو، خولیا و خووی ئەسپی ڕەسەن و کەوی باش و سەگی هەوشار و تانجی بوو، گوڵ و درەختی نەدەچاند مەڕوماڵات و ڕاو ئامانجی بوو.

داب و دەستووری ڕاوی دەزانی لە ڕاوە کەروێشک و کەو و سوێسکە، کەرەستەی ڕاوی هەبوو ڕاوی دەکرد بە تاژی و بە تەپکە و داوە موسکە، بێویژدانیی نەدەکرد لە ڕاوی حەیوانە کێوی، دژی ئەوە بوو کە دەڵێن بۆ کەوڵەکەیەتی ڕاوەڕێوی، بۆ خۆشی بوو نەک بژێوی، مەبەستی گۆشت و کەوڵ نەبوو، لە ڕاو ماندوو و وەڕەز نەدەبوو بێ هەوڵ نەبوو.

ئالوودە بوو بەگڕی تەڕ و شیری شێر، خانەدان بوو لە پیاوەتی و چاکە و خێر.

جوامێری و جوانخاسی هەر لە خۆی دەهات، سەردار و شێخی بەشێکی سادات، هەر سەردەکەوت تەماشای خوارەوەی دەکرد، لایەنی لێقەوماوانی دەگرت، لە لوتکە نەدەهاتە خوار بە یەقینەوە دەیڕوانیە پەروەردگار:

**بە نوێژ و ڕۆژوو نابی بە دیندار**
**خەڵوە بکێشی بەشەو سێسەد جار**
**لوقمێکی حەرام وەکوو ژەهری مار**
**دەتخاتە ڕیزی ئەحمەق و بەدکار**

**خوا وجدی گەورە چاکەکانی تۆمار و گوڵڕێژ دەکا:**




شێخ سەدرەدینی سەندۆڵان

**کەی خودا توججارە، خودای گەورە غەفوور و عادلە چۆن لەگەڵ عەبدا حسابی قەرزی ڕۆژوو و نوێژ دەکا**

حەزرەتی شێخ، بەبێ درێخ، لە ڕۆژگاری سەختی شۆڕش و خەبات، لە بێ دەرامەتی و ڕێگای هاتونەهات، بە قارەمەنیەتی و مەردایەتی، دانەبڕا لە پێشمەرگایەتی و کوردایەتی، لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە فەرماندەی تیپی ٤٤ی چەکووچ، بە ساڵ دانرابا لەسەر شاخێکی ڕەق و تەق بەردێکی قووچ، بێ نان و ئاو لە سەنگەری شەڕ و بەرگری، (شاخ) ڕۆییبا ئەو نە دەڕۆیی، قەت داواکاریی نەدەبوو ئەرکی بەجێ دەهێنا بە شەرمبەخۆیی، دەگمەن بوو وەک شێخ پایەدار و پارەدار و ناودار بن، بە چەک و پارە و فیشەکی خۆیان بە خۆبەخشی لە شۆڕش و خەباتی سەخت بەشدار بن، شێخی شێخان برازای شێخ حوسێنی بۆسکێن بوو، دەوڵەمەندترین کەسی بێتواتە و پشدەر و بیتوێن بوو، لە خانەوادەیەکی موڵکدار و زەنگین، بە کەسایەتی گەورە و سەنگین، دەمار

و شاڵ و ڕێباز و بڕوای کەسک و نوورانی بوو، پاک و بێگەرد و ڕوون ڕەنگی ئاسمانی بوو، دڵگەوهەر و بەجەوهەر، مەگەر خوا دەنا مرۆڤ وا نابێتەوە هەر، گیانی لە تیشکی نووری شێخایەتی و تریفەی مانگ خوڵقابوو، بێمنەت و بەهەیبەت و بهکەرامەت قەت نەدەچەما شێری خوا بوو ڕاستگۆ و لەخۆ بوردوو بەرامبەر، خزم و دۆست و برادەر، پاک هەر وەک بەرماڵی پێغەمبەر، کە نەخۆش بوو بە چاوی خۆیان، شێخیان بینیوە، بە سواری ئەسپ بۆ شاخ ڕۆیوە، ماوە نەماوە، لە خۆشی و ڕاوە، بە ئەسپسواری بۆ خۆی گەڕاوە، هەواڵێ پرسن، لە شاخی ئاسۆس، لە سندۆلانە، شێخ لەوێ ماوە، توخوا هەواڵی چۆنە؟ تووشی بووە بە دەردی کۆڕۆنا! لە سۆراغدا بوون دڵی دۆستان بە قەتماغە، چونکە حەزرەتی شێخ نەساغە:

**(ئەوی چوو بۆ سۆراغی بێ سۆراغە**

**خەبەر وایەکە کەس نابێت خەبەردار)**

لە بەرزایی لوتکە گلا شوڕەسوارێکی سەردار، وشک بوو و گەڵای هەڵوەری دارێکی بەردار، هەواڵ هات کتوپڕ، هەواڵی جەرگبڕ! لە کوورەی پڕ لە گڕ! شێخ هێندەی ڕاو کرد، تا مەرگ ڕاوی کرد، ڕۆحی جوانی برد، بە نێچیری کەوتە چنگی مەرگ و ژێر زەمین.

**فەلەک بە تیر و کەمانی لە ئێمە چوویتە کەمین**

**شکارگاهی زەمینە لە چنگی کێوە دەچین**

لە خەمان شاڵ و ئاڵا و دەڤەر خامۆش بوون لە خم و شین، بۆ مەرگ و گیانی پاکی حەزرەتی شێخ سەدرەدین، ئاگر هەڵسا لە دۆڵی ناران جێی مەنجەنیقی حەزرەتی ئیبراهیم وەک ڕۆژی حەشر و مەحشەر، حەشامات بە کەژاوەی ڕەش بە کاروانی غەم لە سلێمانی هەتا سندۆلان و پشدەر، جەماوەر جمی بە ڕەش و ڕووت و دەروێش و شێخ و مەشایەخ، لە ڕێوڕەسمی شکۆدار و پڕ بایەخ، گیانی خۆیان کردە فەرشی سوور و رایەخ!

## پێشبینیی مەرگی کردبوو

یەکەم چرکەی دابڕان و دوایین دیدار، ڕۆژمێژووی ٢٠٢٠/١٠/١٥ بووە مێژووی یادگار، مەرگ ژیان و تەمەن دەبات، ئەو جەستە جوان و نازدارە بزر دەکات، کۆتایی ئاسمان بۆشاییە، کۆتایی دەریا قووڵاییە، کۆتایی جیهان کۆتاییە، کۆتایی مرۆڤ کۆچی دواییە.

ئاوابوونی هەتاوی تەمەنی حەزرەتی شێخ (وەک زەردە پەڕ سیحراوی بوو، مەرگی ناکاوی ئاگراوی و ئەفسوناوی بوو) پێشبینیی مەرگی کردبوو، هەندێ وتەی درکاندبوو پەی بە مردن بردبوو، (حەبیبەخان) دایکی زانا (مەسعوود محەممەد) ئامۆزای باوکی شێخ سەدرەدین بوو، (یا عیفەت) کچی مەلای گەورەی کۆیە لەگەڵ شێخ حەسەن باوکی شێخ هاوژین بوو، (موقتەدیر)ی کوڕی مەلای گەورەی کۆیە، پێش مەرگی گووتبووی، بەهەشت خۆشە بەسەری جەنابی بابم دیتم! دەچمە بەهەشت! شەپرە دار بوو بە گورگە لۆقە ڕۆییبوو وەک بچێ بۆ ئاهەنگ و گەشت! ڕەنگی بزڕکابوو مردبوو، بێ لینگەفرتێ کۆچی دوایی کردبوو، ئیمانی بردبێ، ڕووی لە بەهەشت کردبێ.

حەزرەتی شێخ کەرامەتدار بوو، مەرگی لێ دیار بوو، بەهانای نەهاتن مێزەر و عەبای مەلای گەورە و جەدی گەورە، بەڵام لە باخی بەهەشتی نەمری فریشتەکانی لە دەورە، چونکە کەسێکی پاک بوو وەک شاڵی سەیدان، ناوی دەمینێ لەیادی مەردان .



٢٠٢١/١/١٤ سندۆڵان ئارامگەی شێخ سەدرەدینی سەندۆڵان

سەید حەسەن ، ڕەهبەرسەید برایم،  مەلا مستەفای سارتکە، شێخ قادر کوڕی شێخ سەدرەدین، شێخ بەرزان

سەرچاوەکان

١-کۆبەرهەمی ئەحمەد موختار جاف

٢- گەشتی ژیانم- مەسعود محەممەد


٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی

٤- دیوانی دیلان

٥- شیعرەکانی (سەید برایم

٦- دیوانی مەحوی

...



زەینەب خان مەلا ڕەئوف فەندی (کچە کورد) ١٩٠٠-١٩٦٣

## ٤

## زەینەب خان:
## ئەستێرەیەکی بزر، لە بەرزایی ئاسمان

شاعیرێکی ون و ناوبزر، سیاسەتمەدارێکی پاک و ڕووناکهزر، بە زانیاری و هۆشیار و سەرنجورد، بەناوی نهێنی و خوازراوەی (کچە کورد) لە جۆشانی خرۆشانی کانی شیعری، شەلەگەی هەڵبەستی هەڵبەستووە بە بیروهزری، ژن زیاتر نزیکە لە ئاسمان، زەینەب خان (کچە کورد)ە مەبەست و باسمان، لە بنەماڵەی خادم سوجادە زەینەبی مەلا ڕەئووفەفەندی، نەورۆزی ساڵی ١٩٠٠ لە شاری کۆیە، گەڕەکی بەفری قەندی لە دایک بووە و هاتۆتە ژیان، بۆتە خانمێکی پێشەنگی ژنان، چۆتە بەغدا بۆ خوێندن ساڵی ١٩٠٦، بۆتە خوێندکاری سەرکورسی و مێز بەر تەختە ڕەش، ئەو قوتابخانەیە یەکەم قوتابخانەی حکومیی کچان بووە، لە سەردەمی نامیق پاشاوە کراوەتەوە و ئاوەدان بووە، پێ دەچێت زەینەب خان یەکەم کچە کورد بێ، کە دیار بووبێت، لە قوتابخانەی کچان خوێندبێتی و خوێندکار بوو بێت، لە (قوتابخانەی کچان لە بەغدا) تا شەشی سەرەتایی لە وێ خوێندووە، دوایی گەڕاوەتەوە کۆیە دەستی بە خوێندنی ئایینی و کتێبەکانی گلستان و بوستان

و ئەدەبیاتی فارسی کردووە، زمانی عیبری و عەرەبی و فارسی و تورکیی زانیوە، بەهۆی میهرەبانیی دایکی و زیرەکیی باوکی پێگەیوە، باوکی کەسایەتی و (خادم سجادە)، دایکی خزمی حاجی قادری کۆیی و (عەلەم زادە)، خاوەن خزمی زۆر و بە پشت و یەک خوشک و (٧) برا بووە، پشتئەستوور و رووسوور و پتەو وەک قەڵا بووە، فاتمەی خوشکی و ناوی براکانی (عەونی، سەعدی، ئاسەف، حەمید، جەواد، یوونس رەئووف دڵدار. مەجید) دڵدار لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی سوڵتەی دایکم و خوشکی لەخۆ گەورەترم بوونەتە مورشید، قەلبی من (سامی عەودال)، عەودالی جوانی وناسک خەیاڵ، چەشنی لالە گڕی گرتووە پڕشنگدار:

**زەینەب وسەعدی ئاسەف ودڵدار**

**تەعریفیان ناکرێ بە حوکمی ئەشعار**

**ئەوانە شەئنی بەرزی کۆیە بوون**

**لەمن دەفامێ شەخسی خوندەوار**

زەینەب خان ١٨ ساڵ گەورەتر بووە لە دڵدار، بە دەستی خۆی شوشتوویەتی چەندان جار، شیعرێکی هەیە دوای مەرگی دڵدار خەونی پێوە بینیوە،لەباخی شیعر گوڵێکی یادگاری بۆ چنیوە، بۆ رۆژگاری پڕیادگاری لەگەڵ برا بچکۆلەکەی کە یوونس دڵدار بوو:-

**بەلیفکە و سابونی لۆکس کە بۆنی دەماردەمار بوو**

**هەموو جەستەم بۆ دەشوشتی چاوت چەند لە کەف بێزار بوو**

**کە چاوت دەبرژایەوە،بەو زمانە لاڵەپەتەت**

**جوێنی وەهات پێ دەفرۆشتم، شیرین بوو ئەو گاڵتەوگەپەت**

چیرۆکی ژن لە چاوەکانیدا دەخوێندرێتەوە، بەڵام هی (زەینەب خان – کچە کورد) لە دیوانەکەی دەناسرێتەوە، کە عەبدوڵڵا زەنگەنە ئەو گەنجینەیەی دۆزیوەتەوە، ژنی زیرەک خەزێنەیە جوانی و زیرەکی هێزێکی باڵایە، گەر بگەڕێی لە باخی شیعری گوڵی گەش و رەنگاورەنگی زۆر تێدایە، وشە و گوزارشتی


یونس مەلا ڕەئوف فەندی (دڵدار)

وا جوانی بەکار هێناوە، نموونەی کوردیی پەتی لەو زەمانە بەو زمانە تەڕ و پاراوە، لوتکەیەکی بەرز و داهێنانە (خاتوو زەینەب) لە گۆڕەپانی سیاسەت و گوڵزاری ئەدەب، بۆ نموونە لە دیوانەکەی ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکار هێناوە: هێند جوان و گەشن دەڵێی بە ئاوی زێر نووسراون، ساڵەکەشی بەرامبەری دیاری کراوە!

(درەختی گەل،کرێکاری خۆبەخش ساڵی ١٩٢٤، کاوێژی هەوەسبازی ساڵی ١٩٢٩، هەتوان ١٩٢٨، ولا تپارێز، ئاشتەوایی، سروشتی رەنگین، جێژوان، چۆڕاوگەی خوێن، ژن هەتاوێکە رووناکی دەدا، ئەگەر من نەبم لەکوێ نێر دەبێ، دەستنوقاو، سەمای مێرگ و درەخت، ژنی میهرەبان ساڵی ١٩٣٠، دەگمەن، زرینگەی شەوی تاریکی، خەبات و تێکۆشان، لەکونجی نائومێدیدا،هەر ڕوونە ئاسۆی ژیانم، درەختی کورد، ئاپۆرەی بێئومێدی، وەکوو کەلاوە تاریکە نیشتمانی بێ سەربەستی، مەشخەڵی هیوا، یەکێتیی گەل، روخساری غوربەتیم ساڵی ١٩٣١، بیتهۆڤن – ئینجلس- مارکس ١٩٣٦، قاڕوون ١٩٣٨.

خوێن وەکوو رووبار، هاژە شەپۆلێ رۆیی دەمار بە دەمار، بڵێسەی خەم و حەسرەت، کوورەی دڵ، ئەشک و ئەوین ساڵی ١٩٣٢، نەسیمی ئازادی ساڵی ١٩٣٥، چەکی شەڕەف ساڵی ١٩٣٥.

گرفەی کانی، بەشی مەینەت ١٩٣٦، دایکی مێژوو، هێلانەی هەنیسکی با ساڵی ١٩٣٧، ولاتی کۆیە ١٩٣٨، کانیاو شەرابی بە هەشتە ١٩٣٨، تروسکەی گڕی ئەویندار ١٩٣٨، دەستێکی کتێب و قەڵەم، دەستێکی چەکی شانی بێ ساڵی ١٩٣٩،

نێرگسی عومرم ساڵی ١٩٣٩، داری تێکۆشان ساڵی ١٩٤٠، ڕووبارێک لە خوێن، گزنگی تاریکی ساڵی ١٩٤١.

هەتاو نیشانەی ئازادییە، هەوری زگپڕ، ڕووباری فرمێسک، مەیدانی جوانی گەردنی ژیان، هاواری گەرووی عەدالەت، مۆمی مەرگ، ئاسۆی ڕووناکی، تیشکی ئاسۆی بەختیاری ساڵی ١٩٤٢، تەوژمی هێز و جۆشی ئاشتی، تاقگەی ئەشک، بەهرە و هونەر، بانگی ئازادی، هەتاوی ئازادی، گەڵای دەم خەزانی بابردە، گۆشەی تەنیایی ساڵی ١٩٤٣، ڕەوڕەوەی مێژوو، ئاسۆی ڕووناکی، مۆمی مەرگ، تیشکی ئاسۆی بەختیاری، درەختی شۆرش بووکی ڕووسووری نیشتمان، گریەی هەور، هەورازی ئازادی، بەستەی ئازادی ساڵی ١٩٤٥.

کانیاوی دڵمە عەشق و ئازادی، گۆڕی گومان، نەسیمی سوبحی ڕێگایە پێشمەرگە ساڵی١٩٤٦، ڕامانی بەستە، شەهید بروسکەی هەورێکە کە بارانی مرواریبە، جێژوان، هەوک، مەشخەڵی هیوا و ئومێد، گوڵشەنی مێرگی وڵات، خامەی ڕەنگین، دەنگی خەبات، ئازادیخوازیی گەلان ساڵی ١٩٤٧، چەکی پێشکەوتن، خونچە گوڵێکی غەمناک، لە قەهری بێدەوڵەتیی کورد ساڵی ١٩٤٨، سەدای حوزنی دڵ، نووری پڕتەو ساڵی ١٩٤٩، سۆزی ستران، گرفەگرف، شنەی شەتاوان، قەڵای شەرەف چیرۆکی ڕاز، ڕەوسەی گوڵەگەنمی تەمەن ١٩٥٠، گەوهەری پرشنگ ساڵی ١٩٥١، لەنجەی گوڵاڵە سوورە، هەوارگەی ئازیزان، بەستەی ژیان ساڵی ١٩٥٣، بڵێسەی ئاگری دووری ١٩٥٤، داوێنی خەیاڵ ١٩٦٠.

جۆگەکانی پێکەنین ١٩٦١،، ئاڵتوونی نەمری، ڕەونەقی ئازادی ١٩٦١، تروسکەی خەونی ئەرخەوان، ڕەونەقی وشە، ساڵەکەی دیاری نەکراوە !

بۆ ئەحمەد موختار جافی نووسیوە !! ڕەنگی لنینگراد ساڵەکەی دیار نیە، شۆک، ڕەندی ڕەندان، گەریدەی باڵ سوتاو، هیواکانی لە تاڵەکانی پرچی خۆر چنراوەتەوە

هێشتا بەوردی و زانستی لێک نەدراوەتەوە، دەنا گەنجینەی دیوانەکەی پڕە لە یاقووت و زمرووت و مرواری، بەهرەی جوان وێنەی ڕەنگین و هونەری سیاسەتی




٢٠١٨/٦/٢٧ ڕەهبەر سەید برایم لە کۆڕێکی ئەدەبی لەسەر زەینەب خان (کچە کورد) لە لایەنی ڕێکخراوەی چەتر بۆ گەشەپێدان بۆی ڕێکخستبوو

لێ دەبارێ. (زەینەب خان – کچە کورد) یەکەم ژنی سیاسەتمەدارە هێندە هۆشیار و خاوەن بڕوا بووە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (دارکەر و حزبی هیوا) بووە، بەر لەوەش لەگەڵ ئاسەفی برای و سەعیدئاغای هاوسەری ئەندام بووە لە کۆمەڵەی خۆیبوون و کۆمەڵەی منەوەران، ئەو دەمە ژن دەگمەن بووە هاوشانی پیاو لە ریزی سیاسەت و تێکۆشەران، لە دیوانەکەیدا بە هۆنراوە (٧٩) جار ناوی (کوردستان) و (٦٩) جار ناوی (ئازادی) و (نۆ) جار ناوی (سەربەخۆیی) و (٧) جار ناوی (سەربەستی)، (٤) جار ناوی (ئاڵا و دەوڵەتی) هێناوە، سیاسییانە و دووربینانە دۆستی کوردی دیاری کردووە بەو شیعرە جوانە:

**لە غەیری شاخ و لوتکەی کێوەکان**

**دۆستێکی نیە ئەو کوردستانە**

سەلماندوویەتی کوردپەروەرێکی دڵسۆزە. پوختە، یەکەم ژنی سیاسیی کوردە پێی ناوێ:

ولاتێکی بەبێ ئاڵا، بەبێ ئازادیم قەت ناوێ

قسە بەسە ئیدی (زەینەب) هەنگاوی بەکردار باوێ– ١٩٣٩–

(زەینەب خان - کچە کورد) ساڵی ١٩٤٢، بۆ ویژدان و مێژوو، داوای دەوڵەتی کوردی کردووە بەو قەناعەتە:

**کورد میللەتێکی خاوەن عیزەتە**
**حەقی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێ**
**خەیاڵیان خاوە دوژمنانی کورد**
**کورد هەر دەمێنێ و قەت نابڕێتەوە**
**رای خۆی دەربڕیوە بە دڵسۆزی و بێمنەت:**
**ئەگەر قەدەریش بیکا بە دەوڵەت**
**ئتیفاق نەبن دەبن بە دوو لەت**
**پێناسەی بۆ شەهید پڕ لە وردەکاری و جوانکارییە:**
**شەهید بروسکەی هەورێکە کە بارانی مروارییە**
**حاسلاتی بەروبوومی خەباتی کوردەوارییە**

(+)- (زەینەب خان – کچە کورد) یەکەم ژنە شاعیر بووە شیعر بەسەر حزب هەڵبلێ بەو قەناعەت و بڕوایە، هاتۆتە کایە:

**قوڵینگی فەرهادمان پێیە، پارتمان، پارتی هیوایە**
**بەباوەڕمان، دەیڕووخێنین هەر کۆسپێک لە ڕێگایە**
**ساڵەهایە، خوێنی ئێمە، لە گۆزەدا دەخورێتەوە**
**ئاگردانی ئیرادەمان مەشخەڵی ناکووژێتەوە**
**خوشک و برا، پاڵە و جووتیار، هەڤاڵی ڕێی خەباتین**
**یەک دەنگ، یەک ڕەنگ، تێکۆشەری وڵاتین**
**پارتی ئێمە، پارتی خەڵکە و پارتمان، پارتی هیوایە**
**هیوا شەوە زەنگ ناهێڵێ، هەر ڕووناکییە و بڕوایە (١٩٣٩)**

زەینەب خان - کچە کورد وەک حەزرەتی حاجی قادری کۆیی پێی وابووە، مێژوومان نەنووسراوە بێ دەفتەرین:

**دارکەرین، دارکەرین**

**دارکەرین، تێکۆشەرین**

**کچ و کوڕی کوردستان**

**هەموومان کوردپەروەرین ١٩٣٧**

زەینەب خان – کچە کورد لە پەراوێز نووسیویەتی (کاتێ کە دارکەر بووم) لەسەر داوای ئاسەفی برام ئەوەیانم نووسی، مولاحەزاتی لەسەر هەبوو، بناغەدانەر و دەستەی دامەزرێنەر بوو، دۆستایەتی لەگەڵ سیاسی و ئەدیب و شاعیرانی کورد لەڕادە بەدەر بوو، هەرچەند شەش ساڵ لە ئاسەفی برای گەورەتر بووە بەڵام ئوستادی بووە، نووسیویەتی (شەخسیەتێکی بێ منافس و قیادی) بووە !

(+) – (زەینەب خان – کچە کورد) سیاسەتمەدارێکی هۆشیار و خوێندەوار و پڕ زانیاری بووە، ناودارانی جیهانی ناسیوە، ناسیاوەتیی لەگەڵ کەسایەتیی کوردەواری هەبووە، شیعری بۆ پیرەمێرد و فایەق بێکەس و سەید عەلی ئەسغەر و عوسمان عەونی و ئەحمەد مختار جاف و شێخ مەحموود نووسیوە، ئەو زاتانەی لە نزیکەوە ناسیوە، بۆ مەلیک مەحمود پشکۆی شیعری کردۆتە گڕ:

**کورد خیانەتیان کرد لە شێخی نەمر**

**ئەگەر نا ئەبەد وای لێ نەدەهات**

**میللەتی خۆخۆر، خائین و نەزان**

**چۆن بە بێ عەقلی دەگا بە ئاوات**

*** 

**بەڵام ئەو ویستی کورد نەجات بدات**

**نەبوو بە شێخی تەکیە و خانەقا**

**بۆ حقوقی کورد کەوتە سەر پێیان**
**شێرانە وەستا لە ڕووی ناهەقا**

*******

**دکتۆر هاتە لای پێی گوت شێخ چۆنی**
**گوتی نەخۆشیم دەردی کوردانە**
**دڵم جۆشی دا بۆ قوڵپەی گریان**
**بەڵام ڕێم نەدا ئەو فرمێسکانە**

بەر لەوەی لینینی مەزن ماڵئاوایی لە ژیان بکات شەرەفی یەکەم شاعیری پێ دەبڕێ شیعری دانابێ بۆ یەکی ئایاری جەژنی کریکاران:

**گەر کرێکار، ڕەنج نەدات و تێنەکۆشێ بۆ ژیان**
**درەختی گەل، بەری نابێ ناچێتە پێش نیشتمان**
**نابێ زەحمەتی کرێکار فەرامۆش کەین، تا ئەبەد**
**ساختومانی قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگا و بان**
**فەزلی دەستی کرێکارە، لە هەر لایێ سەیری کەین**
**هەر لە بێشکەی منداڵەوە، هەتا چاڵی گۆڕستان**
**پیرۆز بێ جەژنی کرێکار، ڕۆژی عەیش و خۆشییە**
**ئەو ڕۆژە هەر پایەدار بێ تا نەفخی ئاخر زەمان**
**(زەینەب) خۆزگە تۆش دەبوویتە کرێکاری خۆبەخش**
**بۆ بینایەی قوتابخانەی منداڵانی کوردستان**

بۆ کۆچی دوایی (پیرەمێرد) بە یادگاری ناخ دەهەژێنێ:

**نووری قەڵەمی ئەو هەر دەمێنێ**
**بەویقارەوە لە دیوانی کورد**
**کەسێ فەلسەفە جێ بێڵێ بۆمان**

**کێ هەیە بڵێ ئەو ئینسانە مرد**
**ئەهاتە کۆیە سەردانی باوکم**
**کەبابی کۆیەی گەلێ پێ خۆش بوو**
**حەیف و مخابن بۆ زاتێکی وا**
**لە مامەیارە مات و خامۆش بوو**
**کە حاجی تۆفیق دەهاتە ماڵمان**
**گەرمیی دیوەخان زرمەی لێ دەهات**
**پیاو ماقووڵی شار دەورەیان دەدا**
**هەر قسەی خۆش بوو شەو تا رۆژهەڵات**

فایەق بێکەس دۆستی ئاسەف و یوونس دڵداری برای بووە، شیعری (ئەی مانگ)ی لە ماڵی ئاسەف داناوە بۆیە زەینەب خان بۆ کۆچی دوایی بێکەس شیوەنی بۆ کردووە لە ناخەوە بۆی دەسووتێ:

**دایکی نیشتمان سینەی خۆی ئەکوتێ**
**ئەڵێ داخەکەم بێکەس مردووە**
**کوردستانەکەم هەر قوڕ دەپێوێ**
**بای خەزان گوڵی باخی بردووە**
**بێکەس بوو بێکەس بێ کەسی کوردان**
**بێکەس بەبێ کەس ئێمەی هێشتەوە**

زەینەب خان – کچە کورد دەبێت یەکەم ژنی (فێمنیست) بووبێ، لە داکۆکیی ژناندا بە هەڵوێست بووبێ! دەنگی ژن لە ساڵی ١٩٣٦ دەگەیەنێتە دادگای ویژدان:
ژن دەبێ قودرەتی هەبێ بزانێ چۆن دێتە مەیدان

**خۆ هەر بە شیعارات نابێ بڵێن شێرە ژنی ژیان**

**لەناو فکرا فکری هەبێ وردبین و دووربین و ئازا**

**نابێ هەر دۆستی لانک و تەشی‌ڕێس بێ لەناو هەیوان**

**ئینجلس کە ئایدۆلۆجیای بە هاوکاریی مارکس نووسی**

**دایکێکی ئەسیلی هەبوو خاوەن دڵێکی میهرەبان**

ساڵی ١٩٣٢ وەک کچە کوردێک، وەک قارەمان و مەردێک، دەڵێ

**کیژە کوردێکی خاوەن شەرەفم**

**سەربەخۆییە هیوا و هەدەفم**

ساڵی ١٩٣٧ بە لۆژیک بەرگری دەکاتن لە ژنان:

**حیکمەتی چ جاهیلێکە، کە ژن بێ گوریس لە ژیان**

**بە لەبخەندەی جەماڵی ژن بڵێن فیتنەی ئاخرزەمان**

**لە ڕەحمی کێدا گەورە بووی، کێ زادی حەیاتی پێدای**

**مەگەر دایکی تۆ ژن نیە هەر شێرەژنە بە قوربان**

ساڵی ١٩٤٠ دەنگ هەڵدەبڕێ / بەبێ منەتی و هۆشارانە و مەردانە:

**هەستە تێکۆشە شەرەفمەندانە**

**مەڵێ تێکۆشان کاری پیاوانە**

**نیشتمان ئەگەر سەربەست و حوڕ بێ**

**بۆ نێر و بۆ مێ وەکوو یەک وانە**

ساڵی ١٩٤٤، دەنگ هەڵدەبڕێ بە بانگ و هاوار

**ئەمن بەوری ڕێی ئازادیی وڵاتم**

**سەری بەرزی ئافرەتانی خەباتم**

**ئەمن دەنگی ژنانی کوردەواریم**


**دەنگی تۆڵەی ئازادیی گوند و شاریم**

ساڵی ١٩٤٥ کۆڵ نادا، دەربارەی ئافرەت دەریدەخات بەو زمانە:

ئافرەت کلیلی دەرگای ژیانە
**فەرشی پڕگوڵی نەخشی یەزدانە**
**بولبولی شەیدای بەهاری عومرە**
**خەرمانەی دەوری مانگی ئاسمانە**
**ئافرەت لە شانی گوڵ و نێرگسە**
**لە تاریکیی شەو چرای لۆکسە**
**شمشالی شوانی قەدپاڵی کێوە**
**ئەستێرەی ئاسۆی ئەم نێوە و نێوە**
**ئافرەت بناغەی بوونی ئینسانە**
**بەری درەختی گشت وەرزەکانە**
**گەر ئافرەت نەبێ ژیان خۆی نابێ**
**گەر پیاو دەنگ بێ ئافرەت زمانە!**

(زەینەب خان- کچە کورد) ساڵی ١٩٥٢ بەردەوام دەبێ لە پەیامەکەی واز ناهێنێ تا سەردەکەوێ:

**زەینەب لەناو قەبریشا بێ**
**ئازادیی ژیانی دەوێ**
**ئازادیی ئەو ئینسانبوونەی**
**کە پیاو چۆنی دەست دەکەوێ**
**خودا ئازادیی پێ داوە**
**تۆی بەندە لێی زەوت دەکەی**
**بۆ تۆ هەمووشت ڕەوایە**
**بۆ ئەو هاوارەی کپ دەکەی !**


ئاسەف مەلا ڕەئوف فەندی( ١٩٠٦-١٩٨٤)

یەکەم ژنی کوردە مۆدە وسفوور و بێ سەرپۆش وپرچی ڕوت بێ، جلوبەرگی وەک شاژنی بەغدا و بێ ئەوەی بنەماڵە دینییەکەی ڕێگر ولێ ی لا لووت بێ، ژنێکی سوار چاک وتفەنگچی ونیشان شکێن بووە، لە مێژووی بزاڤی ژناندا پێشەنگ و هەوێن بووە! شاعیرێکی کۆیی نابینی بەقەد زەینەب خان عاشقی کۆیە بووبێ و هێندە بۆی سووتابێ، ئەوەندە ناوی کۆیەی هێنابێ، ٥٢ جار ناوی کۆیەی هێناوە، (٨) جار ناوی (هەیبە سوڵتان)، دوو جار دەڵێ (بە قوربانی دار و بەردی کۆیە بم) دەیسەلمێنێ ڕەسەنە کۆیی و خۆی دەڵێ سەرچاوەی بیر و ژیانمە:

**کۆیە مەنزڵگای باپیرانمە**
**خاکی شیرینی کوردستانمە**
**لالەی درەخشان، گوڵشەنی ڕەنگین**
**یادی سەبای ئەو هێزی گیانمە**
**هەیبە سوڵتانی ڕەمزی قووەتە**
**باواجی تاجی فەخری غیرەتە**
**گوڵیک لە کۆیە بگەشێتەوە**
**لە کوردستانا دەدرەشێتەوە**
**ئاڵای کوردستان لە مهاباد بێ**
**لە هەیبەسولتان دەشەکێتەوە**

گوندی هەرمۆتەی پێ خۆش بووە. (دە) جار ناوی (هەرمۆتە)ی هێناوە، بۆیە شیعری پێدا هەڵداوە هەر بۆ یادگاری:

**چەندە خۆشە هەرمۆتە لە سەیران و بەهاری**

**هەموو یەک خانەوادەین لە خاکی کوردەواری**

**هەر چەندە لە هەولێرم هەرمۆتەم هەر لەبیرە**

**ئەڵڵا کە خوایە خۆشە گوندێکی چەند دڵگیرە**

(زەینەب خان – کچە کورد) هاوسەری سەعیداغای سەید عومەراغای کەسایەتیی هەولێر بووە، پیاوێکی ژیر و رۆشنبیر و زەنگین و بەرچاوتێر بووە، چوار کوڕیان هەبوون مایەی شانازی، (عەونی+ فازیل+ رەمزی+ غازی)

سەیرە نۆبەرەی باوکی زەینەب خان و خۆی ناویان (عەونی) بووە، بەڵام بە زوویی هەردوو عەونی کۆچی دواییان کردووە، عوسمان عەونی زۆر دۆستیان بووە، بۆیە زەینەب خان شیعری پێ هەڵداوە بۆتە سەرچاوەی یادگار:

**عەونی پیاوێکە مەرد و وەفادار**

**لێمان ئەپرسێ ساڵی چەندین جار**

**هەروەکوو برای گیانی گیانی**

**خانەوادەی مەی کەوتۆتە گیانی**

دەشێت نازناوی عوسمان عەونی لە هەردوو عەونی سەرچاوەی گرتبێ، بۆ رێز و خۆشەویستی نازناوی (عەونی)ی هەڵبژارد بێ!

یەکەم ئافرەت و شاعیرە، بە تایبەت و دووررودرێژی شیعر لەسەر پێشمەرگە وەک فەرشی گوڵ دابڕێژی، بەو شێوازە و بەو رەنگە:

**نێرگسی چاوی شەهلایە پێشمەرگە**

**یاقووتی ملی لەیلایە پێشمەرگە**

**باوەڕی وەک کێوی هەیبەسوڵتانە**

**بۆ وڵات شوورا و قەڵایە پێشمەرگە**

**هەموو عالەم سەرسامن لە نەبەردی**

**دەڵێی مەعدەنی پۆڵایە پێشمەرگە**

**ئەو بۆ پاسەوانی خاکی کوردستان**

**پڵینگ و شێری سەحرایە پێشمەرگە**

**لە هەرکوێ بێ نەعرەتەی دێ بە مەردی**

**باز و هەڵۆی سەر چیایە پێشمەرگە**

-١٩٤٦-

پێ دەچێت (زەینەب خان – کچە کورد) یەکەم شاعیری ژن بووبێت، شیعری بۆ منداڵان گوتبێت، شیعرێکی نووسیوە لە ساڵی ١٩٣٠، بە پێوانەی ویژدانی ئەوێ ڕۆژێ بیپێوە، چەند جوان بە کوردییەکی پەتی و پاراو، هەڵڕژاوە وەک جۆگەلەی ئاو، دە ئەی شیعری منداڵان ئەوجا بەچێژ و بەپێز بە:

**کۆرپەی شیرینم پاک و بەهێز بە**

**پاسەوانێکی وڵاتپارێز بە**

**دوژمنت، هەرچی لەڕوو پێی گوتی**

**ئارامت بێ و زیاتر بەڕێز بە**

**کۆرپەی شیرینم قەڵەم بێ ئاڵات**

**کردەوەت بێ نەوەک سکاڵات**

**مەعلوومە لەرێی قارەمانێتی**

**مێژوو ئی تۆیە بە بەرزیی باڵات**

ساڵی ١٩٣٥ لە شیعرێکی دیکەی ڕەنگاوە بە ئاوی زێر وای هۆنیوەتەوە دێڕبەدێر، بە ناوی منداڵانی بە چکە شێر، بە شیعرەکەی ئاشنا بن:

**پشوو دەن و وریا بن**
**گورجوگۆڵ و ئازا بن**
**فەرامۆش مەکەن خوێندن**
**خاوەن هزر و هیوا بن**

*****

**ئێوە بەچکەی شێرانن**
**بەرەو ڕێگای ئازادی**
**ڕەوڕەوەی کوردستانن**

*****

**سوێند بێ بە شاخی پیرۆز**
**هەیبەت سوڵتان، نەکەڕۆز**
**لەسەر دەستی ئێوەیە**
**ئازادیی گەل و نەورۆز**

ساڵی ١٩٣٨ شیعرێکی داناوە، بە ئاواز و گوڵ چنراوە، بە ناونیشانی (مۆسیقا، منداڵان گۆش دەکا بە سۆز و قاقا، هەست و نەست دەجووڵێنێ:

**کە پەنجەی لەسەر پیانۆ**
**دینگ دینگی لێ دێنێ**
**ئەی منداڵان گوێ بگرن**
**حەسرەتی دڵ نامێنێ**

...

**چەندە بە سۆز و ناڵە**
**بەسەر دەروونما زاڵە**
**مۆسیقا چەندە خۆشە**
**زادەی هەست و خەیاڵە**

چەندان شیعری هەیە بۆ منداڵان هەروەک مامۆستا و قوتابخانە ساڵی ١٩٣٨، مام جووتیار و ئەدەبی خوێندن و منداڵین ساڵی ١٩٤٠ و بزنۆکە و پشە سپی ساڵی ١٩٤١، کۆتر ١٩٤٣، لە کۆتایی ساڵانی ژیانیدا دوایین شیعری هەر بۆ منداڵان دەنووسێ، بەناوی منداڵان لە ساڵی ١٩٦٣، شیعرەکە بە سفتوسۆیە:

**ئەی منداڵانی ژیکەڵەی کۆیە**

**نیشتمان چاوی لەتۆیە**

**خەونێک شەوقی لەخوێنەوە**

**ئاگر بگرێ**

**بێگومان بە، مافی دەدرێ**

**منداڵانی شاری کۆیە**

تا ئەوسا روووینەدابوو لە هەولێر و کۆیە و کوردستان، ژن بەشدار بێ هاوشانی پیاوان لەکەژاوەی گۆڕستان،(زەینەب خان) لە ناشتنی دڵداری برای بەشدار بوو، وتاری دابوو لە سەر گۆڕەکەی،لەو شێوەیە یەکەم جار بوو، هەرچەند هەرای لێی پەیدابوو، بەڵام قازی (ڕەشاد موفتی) ڕێگەی پێدابوو.

(زەینەب خان – کچە کورد) خاتوونێکی خواپەرست و دیندار بووە، بە پێچەوانەی بۆچوونی برا گچکەکەی یوونس رەئووف دڵدار بووە.

پوختە (زەینەب خان –کچە کورد) ژنێکی دیندار و هۆشیار و سیاسەتمەدار و کوردیزانێکی ئاگادار و بەرگریکاری کرێکار وسفوور و ژیار **و** فێمنیستێکی بەکار و وەفاداری پێشمەرگەی فیداکار و کۆیییەکی عەیار بیست و چوار و گوڵێکی نازداری ئەدەبی کوردەواری بووە، شاعیرێکی نوێخواز و داهێنەر و وشەمرواری بووە، بڕوای بە زانست و خوێندن و خەباتی چەکداری هەبووە، لەژێر کاریگەریی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی خزمی و پیرەمێردی دۆستی باوکی و فایەق بێکەس و برادەری ئاسەفی برای و ئەحمەد موختار جاف بووە، خاتوونێکی میهرەبان و دلۆڤان و بەویژدان و سینەساف بووە، ژنێکی دەگمەن و بە دیمەن و ٦٣ ساڵ

تەمەن و لە ١٩٦٣/١/١٨ نەخۆشیی شێرپەنجەی مێشک پێی دەوێرێ، بەو دەردە گیانی دەسپێرێ، لە شاری هەولێر دەنێژرێ، وەک پێویست ناوی نەهێنراوە.

بە بارانی پایزان هەنارەکان خۆشتر و بەتامتر و ئاودارتر دەبن هێشووی ترێی مێویش بە بەفر، ئەوهاش لێکۆلینەوە و وردبوونەوە لە دیوانی زەینەب خان زیاتر دیارتر و ناودارتر دەبێ مێژوو دەیکا بە نەمر.

...

سەرچاوەکان:


١.دیوانی زەینەب خان، کچە کورد (١٩٠٠_١٩٦٣) ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا رەئوف، پێشەکی وپێداچوونەوە (عەبدوڵا زەنگەنە) هەولێر ٢٠١٨

٢.زەینەب خان –کچە کورد (١٩٠٠–١٩٦٣) خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەدان دا (پ.د.شوکریە) (شەکراو) رەسول– هەولێر ٢٠١٨

٣ .زەینەب خان وچەند بیرەوەرییەک (عوسمان رەشاد موفتی) (هەولێر٢٠٢٠)

٤.دڵدار بیرمەند وشاعیری شۆڕشگێری کورد (عەبدولخالق عەلائەدین) (هەولێر ٢٠١٩)

٥. کۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٢٧٧ و٢٨٧) خولی چوارەم ساڵی بیست وچوار، (٥ی ١١–١٢–٢٠٢٠) زەینەب خان (کچە کورد) لە ویژدانی چەند کەسایەتییەکدا ئامادەکردنی (عەبدول رەحمان مەعروف) ل٥٧



## ٥

## کەریم شێخانی:
## کۆترە سپییەکەی لانە ئاگر

جوانیی مرۆڤ زانست و سەربەستی و خۆشەویستییە، هەموو کەس ناتوانێ مرۆڤ بێ، زمان پێوەری ژیری و پێویستییە، زمان لەناو دەمدا زمانە، گەر زیاد هاتە دەر زیانە، ژێر زمانی لە دڵدایە، گەوج لە دەمیدایە، دەردەدڵ، بۆ ژێرگڵ، ئاوی پیس و گەرمیش ئاگر دەکوژێنێتەوە، گلەیی لە چاوساغ دەکرێ بەڵام گلەیی لە کوێر ناکرێ ڕێگا نەدۆزێتەوە، باران و تیشکی هەتاو بێ جیاوازی گوڵ و دڕک دەبووژێننەوە، لە سەرمای زستان دەستێ جل، باشترە لە چەپکێک گوڵ، ئازاری دڕکێک بۆنی هەزار گوڵ لەبیر دەباتەوە، مۆم و چرایەک تاریکاییەک ڕووناک دەکاتەوە، تاریک دادێ کە ڕووناکییەک دەکووژێتەوە، کەس نازانێ ڕووناکییەکە بۆ کوێ دەچێ بۆ نامێنێتەوە؟ دەستێ بۆنی گوڵی دەدا و گوڵاوی لێ دەپرژا، وایان زانی گوڵی لێکردۆتەوە، کەچی گوڵی چاندبوو نەیانزانی نەمامنێژە، هەموو کەس مێژوویەکە، بەسەرهات و ڕابردوویەکە، خودی خۆی دەیخولقێنێ، ڕۆژگار چی بەسەر دەهێنێ.



قوتابخانەی کەریم شێخانی /کۆیە

گرنگ نیە جێت بکەنەوە لەژێر گڵ، گرنگ ئەوەیە جێت بکرێتەوە لەناو دڵ، لە توخماتی حەمەدی شێخانی، بە باوەڕی موسڵمانی، لە شارەکەی کۆیە، کە کێڵگەی گوڵ و لانەی هەڵۆیە، کۆرپەیەکی ڕۆحسپی، پشکۆی گەش بوو نیگا و گووپی، لە ساڵی ١٩٣٤دا چاوی هەڵهێنا بەزیقە و هاوار،ماڵیان ڕێک لە فولکە و پەیکەری حاجی قادری کۆیی بوو، بنەماڵەیان بە شێخانی ناوبانگیان ڕۆیبوو، چەند سەدەیە لە کۆیەن، بە ڕەچەڵەک ئێزدین لەو لق و پەلوپۆیەن، بەگوێرەی سەرچاوەی مێژوو بەپێی بۆچوونێک شوێنی هەڵقوڵانی شێخانییان کۆیسنجاق بووە، سنجاق ئالایەکی ئایینی کوردی ئێزدی بووە هێما و سەرتاق بووە، زانای مەزن مەسعوود محەمەد پێی وایە ئێزدی کۆنترین کوردن، لە باوەڕدا پێش ئاڤێستا دەکەونەوە، ئیدی کەوتوونەتە لەناوبردن، شێخانییەکان لە ساڵی ١٢٠٥ کۆچی‌یەوە چوونەتە سۆران، لە دین بووین لە خوێن نەبووین، سەرەنجام بوونەتە موسڵمان!. ئێزدینە، جلک سپینە، بەهەشتینە، ئێزدی و شێخانی دەچنە سەر یەک ڕەگ و ڕەچەڵەک، لە دینی ئێزدییان پیرۆزە سەرۆکی فریشتەکان (تاوس مەلەک)! ڕۆژگار هاڕیونی کۆمەڵکوژ کراون، لێقەوماو و ئازاردراو و سەربڕاون، لە کۆیە دەسەڵات نەبوون کاسبکار و پیشەوەر بوون، ئاشەوان و دارتاش و نانەوا و ئاسنگەر بوون.

عەبدولکەریم مەحموود تەها مستەفا حەمەد شێخانی، لەو توخمەیە گەر بچیە بنج و بنەوانی، بۆتە شاگردی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی و ئەحمەدی خانی، خوێندنەوە مرۆڤ ئامادە دەکات، نووسین و بابەت بەرەو جوانیی دەبات، زانست و زانیاری کلیلی ئاڵتوونین دەرگاکان دەکاتەوە، پرس و ڕاوێژ، بەسەر تفەنگ و شمشێردا سەرکەوتوە و گرەو دەباتەوە.

هونەر و ئەدەب چەند دوورودرێژە، تیری تەمەن چەند کەم و کورتهاوێژە، تاقیکردنەوە هەر لە قوتابخانەدا نیە، بەڵکوو هەموو دنیا تاقیکردنەوەیە، عەبدولکەریم شێخانی مامۆستای دەروونی خۆی و قوتابیی ویژدانی خۆی بووە لە بردنەوەیە، بە شیعر دەستی پێکردووە بووە بە شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و زمانەوان و ڕۆژنامەوان، بەرزیخوازی دانانی پەیژەیە بەرەو ئاسمان، وشە بەوشە دروست دەبێ پەرتووک، وەک کۆترێکی سپیی پێبەتووک، کەوتە بووغە بووغ و فڕین بەجوانیی وێنە، بەو عەشقەی پهڕپووتترین پەڕتووک خاوێنە، وەک هەنگ گەڕاوە لە شیلەی هەڵاڵەی گوڵاڵەی وشەی کوردی خۆ کوردییە خۆکردییە، پێی وایە زمانی ڕەسەن و خۆرسک و سەرچاوە وتەی چیا و زمانی گوندییە! چونکە سروشتییە کوردیی پەتییە ساخ، وەک مەل و گوڵ و پەپوولە و گیانەوەری دەشت و شاخ، بۆیە بەخەمە و بەداخ، پێی کاریگەرە لە ناخ، پسپۆڕ و لیژنەی زمانەوان بووە، لە باخی وشەی کوردی باخەوان بووە، بەپەرۆش بووە، پێی ناخۆش بووە، وشەی داتاشراو، بەزۆر کوردێندراو، بخزێتە ناو زمانی کوردی، درکی پێکردووە بەوردی، نەک هەر کوردیزانە، مەلەوانە لە دەریای زمانی فارسی و عەرەبی، لە وەرگێرانی بابەتی هونەری و ئەدەبی، شیعرەکانی (ئیلیا ئەبوو مازی) و محەمەد ساڵح بەحرولعلوم و ئەحمەد مەتەری و بەپێی یاسای شەرع چیرۆکەکانی عەزیز نەسین و ماسییە ڕەشە بچکۆلەکەی سەمەد بێهرەنگی، وای وەرگێڕاوە، قورئانم پەڕبەپەڕ سووتاندبێ دەڵێی بەکوردی نووسراوە، لە کوردی بۆ عەرەبی، بە هەمان تام و چێژ سەرسام دەبی، ڕێبوارێکی سەرگەردانی




٢٠١٨/١١/٢٧ کتێبخانەی گشتییەکانی کۆیە ڕێزلێنان لە مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی (ڕەهبەر سەید برایم، جەلیل گادانی ، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ، مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی، مامۆستا دانا جەلیزادە و مامۆستا مەلا ئەحمەد دیارن

گەلاوێژ و پێشەکییەکەی تاریک و ڕوونی هێمنی لە کوێوە بۆ کوێ، هێندە جوان وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی بەتام و خۆش و بە ترشوخوێ! ئەوەی بدرەوشێتەوە زێڕ نییە، هەموو وەرگێڕێک زمانزان و وەرگێر نییە! سیپارەی (ڕەیحا نامە) بە تام و بۆنوبەرامە، شۆڕشگێڕیەتی تێدا (مەرامە) ڕۆمانی (برا کوژی) کازانت زاکی، بەرچڤەی کردووە بۆ کوردی بەجوانی و چاکی، لە زەمانی شۆڕش و شاخ ملی لە چەقۆ خشاندووە، ڕۆمانەکەی پێشکەش بە (ن.م) کردووە، مەبەستی نەوشیروان مستەفا بووە، دەردەکەوێ چەند مێرخاس و بەوەفا بووە.

عەبدولکەریم شێخانی لە دیوەخانی ئەدەب چراخانە، ژیان و تەمەنی بۆ نووسین تەرخانە، لە مێژە لەسەر عەرەبانەیە نەک وەرزی گۆچان، هەر بەسەر پێ نەکەوتۆتەوە دڵی بۆتە خرچان، لە گازینۆی خانەنشینان لە هەولێر هەڵخلیسکا،

له ٢٠١١/٨/٩ ڕانی شکا! ڕاسته قاچی شکا، وەلێ قەڵەمی نەشکا، عەرەبانەی کردە ڕەورەوە و بێشکە، لەوەتی ڕاستوچەپی خۆی ناسیوە، تارای بەفرینی پۆشیوە، بۆ خۆشەویستی و خۆشی، بۆگەپی، (مام جەلال) ناوی لێناوە سەرسپی، ئەو مووە سپییانەی بە بەهای گیان کڕیوە، وا مەزانە بەفری لەسەر باریوە، لەبەر هەتاو سپی نەبووە ویقارە، ئەدگاری کردگارە، نەخشونیگارە، تەمەن و ڕۆژگارە، مووی چەرمووی هەمووی پەمۆیە، پرچی سپی گوڵی مەرگ نیە، شەرەف و شکۆیە، ڕەنگی سپیی مووەکانی شیری پاکی دایکیەتی، پەڕەی کۆتری سپییە و نیشانەی ئاشتی و پاکی و چاکییەتی، قژی پاقژی تاڵە قژەکانی لە ژانی ژن و مەرگی سەرهەنگ و خەموخەبات و وشەی کوردی و نووسین و سپیی کرد ڕۆژگار، پرچی کافووری، ڕدێنی زووری، کوورەی دەروونی تەندووری، پڕ ئاگر و پەنگر و ئازار، کە دڵت کوورەی ئاگر بێ پڕگڕ بێ، چۆن چاوەڕوان دەکرێ دەستەکانت گوڵ بگرێ، بەختی ڕەشی مووی ڕەشی کردە سپی، بەڵام هەرگیز نەچەماوە و نەتەپی، عاشقی بێ دڵ دەناڵی، بەمەیلی حەزرەتی (نالی) خۆشی هەر نەدی قەت:

**مووی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرەشـــەت**

**شۆرەشەت یەعنی کە تێیدا خودبەخود قەل بوو بە بەت**

**هەڵگرا وەک مۆمی کافووری بەشەودا موو بە مــــــووم**

**داسیاهی ڕوو بخوێنم نوقتە نوقتە خـــەت بە خـــەت**

**من دەڵێم شەو بوو بە ڕۆژ، نەفسم دەڵێ ڕۆژ بوو بە شەو**

**ئەو موسیبە، چونکە (جاوي) پێ سپی بـــوو، مـــــن غەڵـــەت**

ئاوی چاوی سپی بوو لەبەر خوێندنەوە و نووسین، بۆ زانیاری و وشەی نەزانراو بۆتە فەرهەنگ و چاوگی پرسین. سەرسپی شێخانی دەروونی دەریایی هەیە، ڕۆحی باڵندەی چیایی هەیە، پیری بەساڵ نیە بە حاڵە، بەو تەمەنە گرینۆک و دڵمنداڵە، بۆ هەر ڕووداو و یادگارییەک و باسێکی سۆزدار، کانیی چاوەکانی هەڵدەقوڵێ فرمێسکی پێدا دێتە خوار، وامەزانە هەر مرۆڤ دەگری فرمێسک

دەڕێژێ نمنمە، گوڵ و درەختیش دەگریەن فرمێسکیان ئاونگ و شەونمە، وەک حەزرەتی حاجی قادری کۆیی پیر و لەرزۆکە، جگە لەوەش گیرۆدەی شکانی قاچ و ئازاری پشت و چۆکە:

**سەروریشم سەراپای بۆتە لــۆکە**

**بەشەو هەمرازمە پشمین وکۆکە**

عەشق کازیوەی ژوان و بۆیەکبوونە، ژنومێردایەتی تیشکی ڕووناکی ئەوینە، شیرینترین شیرینی عاشقایەتی ژن و مێردە، بۆ شیرینی (هەنگوین) بۆ عەشق (ژن) ئایندەی ئومێدە، سوقرات پێی وایە دەبیە فەیلەسووف بە ژنی نالەبار، بە ژنی باش بەختەوەر دەبی ئاسوودە و بەختیار، هەشە بە ئەزموون و سەرمەشقە، پێی وایە ژنهێنان قەبری عەشقە، منداڵی لاسار، ژنی نالەبار، ئاگرە بۆ خەرمانی تەمەنی پیاوی سۆزدار، دڵی ژن وردبینە دەبینێ بەقەد (دە) چاوی پیاو، ژن بەگوێ عاشق دەبێ پیاو بە چاو، ماڵ بێ ژن گۆڕستانە، هەمیشە سارد و زستانە، مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی، خۆی و بەخت و نێوچەوانی، ماڵوێران و ئاخرشەڕ بووە لە دوو ژنان، ژنی یەکەمی کۆچی کرد بەرەو هەندەران، ژنی دووەمی کۆچی دوایی کرد بۆ گۆڕستان!

بە گوڵزار بەختەوەر بوو ئێجگار باش بوو بەلایەوە، بەڵام بۆ بەدبەختی زوو سەری نایەوە، بەو شیعرە شیوەنی کردووە بۆی هاتۆتە کایەوە:

**وا دیسان جەرگم گڕی گرت کۆنە برینم کولایەوە**

**ڕۆژێکی ڕەش بوو گوڵزار چرای ژینی کوژایەوە**

**من هەتا ماوم لە دنیا هەر گەورەیی تۆ باس دەکەم**

**یادت ئارامی بەخشە بۆم، بۆیە لەدڵما مایەوە**

**هەر کە ناوت دا گوڵی من، زوو چاوم ئاوی لێی دەزێ**

**خۆ (شنە)ش فرمێسکی چاوی جاری بوو نەبڕایەوە**

**هاتنت بۆ ناو ژیانم ئاوی گشت ئاواتی دام**
**کێڵگەکەی وشکی ژیانم جارێکی دیش گەشایەوە**
**تۆ کە گوڵزارێکی گەش بوو مەرگی ناوادەت تەواو**
**زام و ئازاری دڵم گشت سەری هەڵدایەوە**

سەرسپی شێخانی، هەموو وەرزێک سپی بەس بەختڕەش، قەڵەمڕەنگین و گۆشە خۆش و گەش، (جا قوربان مەسەلەیەک هەیە)، لە هەڵەڕاستکردنەوە هەڵەیەک هەیە، کە هەزار بیانووت هێنایەوە بۆ یەک هەڵە، ئەوەش هەڵەیەکی دیکەیە بۆتە مەسەلە، ئێرەیی نە خۆشبەختە، نە خۆشوەختە، نەخۆشییەکی سەختە، درۆی شاعیر شیرینە، وتەی فەیلەسووف نەڕاستە و نە درۆیە، ئەوەی خەڵک بڕوای پێدەکەن قسەی سیاسییان و کەمۆیە!. سەرسپی شێخانی چەندان شیعری نووسیوە، بۆ سەر گەندەڵکاران دابەزیوە، هەستی ناخی خۆی دەربڕیوە، بە شیعرێکی وا:

**لە هەر وڵاتێکی دنیا یەک کەس دەست و قسەی بڕوا**
**بە نارەوا پێشێل بکرێ هزر و بۆچوون، بیروبڕوا**
**کەسێکیش نەبێ بوێرێ قسە لە قسەی ئەودا بکا**
**چۆنی بوێ بەو سامانەی کە هی گەلە سەودا بکا**
**کاتێک کە گەل ناچار کرا بیپەرستن لەجیاتی خوا**
**کاتێک هەرچی کردی و گوتی بە ویستی ئەو بێت و بڕوا**
**چڵکاو خۆر و کاسەلێسان هەڵپەڕین چەپڵەیان لێدا**
**لەو حاڵەتە سروشتی‌یە کە دیکتاتۆر سەر هەڵبدا**

شیعرێکی دیکەی هەیە بۆ ئەو جەنابانەی میللەت دەدۆشن، موڵکی گشتی دەفرۆشن، بە دزی و گەندەڵی خاوەنسامان و پارەی کاشن!

**بەڵێ جەناب تیکەی چەور و گۆشتی قەڵەو بۆ تۆ باشن**
**بۆ ئێمەش نان و دروشمە هیچیان تێناچێ بەلاشن**

**توخوا جەناب دەپێم بڵێ تۆ چیت لەمن زیـاترە**
**بۆ تۆ هەردەم ئاسوودەیت و جێگای منیش نێو ئاگرە**
**کوردستان چۆن نیشتمانمە ئاواش نیشتمانی تۆیە**
**بۆ بۆ تۆ سەما و هەڵپەڕکێ و لەبۆ منیش رۆڵە ڕۆیە**
**دەڵێم جەناب باش سەیر کە ئەوانەی پێش خۆت ببینە**
**ئەوەی بردیان سێ گەز خام و تەنیا چەند بستێک زەمینە**

بۆ ئەوانەی تێکۆشەرن، پاک وکۆڵنەدەرن، لەخۆبوردوو و فیداکارن بەشیعر ڕێزیان لێ دەگرێ بۆ مونیرەخان و ئایشە گروو کە دوو ژنە شێری شیووعی بوون بە ستایش هەستی جوان دەردەبڕێ:

**خەنی و خۆشی لە کەسێکی بە ژیانی خۆی نەمری دەکڕێ**
**بۆ بەدیهێنانی نەمری نەک جارێک سەت جار بۆی دەمرێ**
**بەڵێ نەمرە ئەو کەســەی ژیانی بۆ گەل تەرخان دەکــا**
**بۆ سەرکەوتنی بیروباوەڕ هەموو ژیانی هەرزان دەکـــــا**
**ئەتۆش یەکێک بووی لەوانە مونیرەخانی کــــۆمۆنیست**
**تا گەل ئازاد بێ و خۆشبەخت، خۆشبەختیت لە بۆ خۆت نەویست**
**ئەو مەشخەڵەی تۆ هەڵتگرت ئایشە گولووکیش هەڵیبڕێ**
**لە شاری کۆی قوربانیدەر ئەویش نەمری بۆ خۆی کڕی**

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی (سەرسپی) ناخ سپی لە شیعر و نووسین و وەرگێڕان هەر لەگەڕە بەکپی، مووی زیوینی بەفرینی جوانە وەک بەفری یەکشەوە، چڕوپڕ و بریسکەدار پڕتەوە، شیعرێکی (پیرەمێرد) بۆ بەفرباریینی سلێمانی نووسیوە، ئەڵێی بەلقیسە تارای زیوینی پۆشیوە، بۆ سەرسپی گوڵێکی سپییە بۆ دیاری.

**دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم موژدە بێ باری**
**سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمـــە بۆ یاری**

وەک پیرەمێرد سەرسپی و سەربەفرە، کەچی لە بەکارهێنانی وشەی ناقۆڵا شەڕیەتی پێی کفرە، سەرسامیی بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەیە، لە نووسین و گۆشە و شیعر و وەرگێڕان هێزی جارانی هەیە، گەرچی تەمەنی تێپەڕیوە لەهەشتا، کەچی قەڵەمی بەکارە هێشتا!

هەربمێنێ

سەرچاوەکان:

١. شێخان و شێخانبەگی (خدرێ سلێمان و سەعدوڵڵا شێخان)

٢. دیوانی پیرەمێرد کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی (ئومێد ئاشنا)

٣. دیوانی حاجی قادری کۆیی

٤. پەند و قسەی نەستەق

٥. دیوانی نالی (لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی) مەلا عبدولکەریم مودەریس و فاتح عەبدولکەریم

٦. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

٧. دیدار و پرسیار لە مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی لەگەڵ ئەکاونتی فەیسبووکەکەی!

فەرهەنگۆک:

١.شنە (کچی گوڵزارە)

٢.خرچان: تۆپەڵە گەچ

٣.کەمۆ: سیاسی و زۆرزان

٤.بووغە بووغ: گمە گمی کۆتر


٥.چەرموو:سپی

## ٦
## (نووسینەوە بە ڕووناکی و هەتاو)

گوڵ و درەخت عاشقی ئاو و هەتاون، وێنە و ئاوێنە ڕووناکیی چاون، وێنە تابلۆیەکی قەشەنگ و مۆزیکێکی بەرچاوە، بێ وشە و ڕستە دەبێتە هۆنراوە، تا چاوت لە ئاسۆ و لوتکە بێ دیمەنەکان فراوانتر دەبن، تا سەرنج لە ئاسمان بدەیت پێت جوانتر دەبن، وێنە بێگیانە بەڵام گیان دەبزوێنێ، مانای هەزاران وشە دەگەیێنێ، وێنە زمانێکی نێونەتەوەییە هەموو کەس تێی دەگات، بە مێشک و دڵ و هەست دەرکی پێدەکات، پزیشکی دەروونی (جۆوالکەر) وێنەی بەکار دەهێنا وەک دەوا و چارەسەر، وێنە بیرەوەرییەکی مێژوویی زیندووی هەیە، بەسەرهات و ڕابردووی پڕجادووی هەیە، (ئەنشتاین) وتەکەی جوان و پتەوە، دەڵێ (لاشەی مرۆڤ باشترین ڕۆحی ئەوە) فۆتۆگراف ڕۆشنکەرەوە و ڕووناکبیریی چاوە، بە کۆڵەگەی گەورەی دەسەڵاتی چوارەم ناسراوە، لەسەر لم بنووسن کێشە و گرفتەکان و ئازار و دەرد، سەرکەوتن و جوانییەکان وێنەی هەڵکۆڵن لەسەر بەرد، (مالرۆ) وتەیەکی دەربڕیوە لەناخی دڵ، دەبێژێ دوو شت جوانن ژن و گوڵ، هونەر داهێنەری جوانییە، فۆتۆگراف زاراوەیەکی یۆنانییە، واتا نووسین بە رووناکی،

وێنە ڕاستگۆییە بە چاکی و پاکی، (ریجس دۆبریە) پێی وایە کە وێنە دەگرینەوە، چیتر ناتوانین مێژوو لەبەر دەم بیرەوەریی پیرەکان بنووسینەوە، وێنەی چاوەکان کە فرمێسک دەڕێژن، جوانترە لە خەندەی لێو و گڕی دڵ بڕێژن، کامێرا بە چاوی سێیەم دەکرێ پێناسە، سەرچاوەی بێگەردی ڕاستیی دەنگوباسە، چاوی کامێرا زمانی دڵ و کانییەکی ڕوونە! پەنجەرەی مێشک و ژێی سۆز و ئاوێنەی دەروونە!

***



جۆزێف نیپس

ساڵی (١٨٢٨)لە فەڕەنسا (جۆزیف نیسفور نیپس) پاش هەشت دەمژمێر کارکردن لە داهێنانێکی پڕبایەخ و قورس، یەکەم وێنەی تۆمار کرد سەرکەوتوو بوو بەرهەمی هیلاکی، لە پلیتەی قیراوی لە ژووری تاریک بەکونی بچووکی ڕووناکی، شێوەی نەخشانی لەسەر کاغەز چاپ کرد و مەرەکەبی بەکار هێنا، (نیپس) بۆ فۆتۆگراف ڕێبازی هەڵکۆڵینی بۆ وێنە داهێنا، ساڵی (١٨٨٠) هاووڵاتیی ئەمریکی (جۆرج ئیستمان) یەکەم کامێرای فلیمی لوولکراوی دروست کرد وەک کۆمپانیا و بزنسمان، سەرەنجام بوو بە باو و برەو، بە تیشکی ڕووناکی و چرکەی پڕپرتەو، بۆتە چەکی چرکە و چرکە دەکا ڕاو، نیشانەی مێژوویی دەپێکی لە ئاوێنەی ڕووداو، وێنە و نەخشونیگار، بۆتە مێژوو لە ژیان و ڕۆژگار، گەڕانەوەیە بۆ شریتی یادگاری، کۆن نابێ وەک خۆیەتی شێوە و ئادگاری.

یەکەمین فلیم ساڵی ١٨٩٥ لە فەڕەنسا بەرهەم هێنران، وێنە وەستاوەکان بە وێنەی جووڵاو لەسەر شاشە نیشان دران، (داگری فەڕەنسی و ولیام هنری فاکس



کەریمە عەبوود

تاڵبووت و هیپۆلێت بایارد) بوونە داهێنەرانی فۆتۆگراف، بە کامێرای سندووقی و بەکارهێنانی نیتراتی زیو و خوێ و شوشتنەوە و هەڵخستن بەتەناف، ئیدی ساڵی (١٨٨٨) لەژێر دروشمی (پەنجە بە دوگمەی گرتندا بنێ) لەسەر ئێمەیە ئەنجامەکەی بدەینێ.

***

کەریمە عەبوود (١٨٩٣-١٩٥٥) فۆتۆگرافەری پێشەنگی فەلەستینی بووە، یەکەم خانمی کچەی عەرەبە کە وێنەی ژیانی فەلەستینییەکانی گرتووە، لە بەیتی لەحم ستۆدیۆی داناوە، وێنەی دۆکۆمێنتی بە پەنجەی ئەو گیراوە.

(گاردا تارا) یەکەم ژنی وێنەگرە کە لە جەنگدا کوژراوە، لە شەڕی ناوەخۆ لە ساڵانی (١٩٣٦-١٩٣٩) لە ئیسپانیا ڕووی داوە.

بت، بوت، لە بوودابیەوە هاتووە، وێنە باش نییە لە دینی ئیسلام لەبەر بتپەرستی و بت، دەنا وێنە بە فراوانی دەکێشرا وەک خۆی کتومت، جاران لەسەر کەول و کێو و بەرد و قوڕ و خشت، نیگاریان دەنەخشاند و دروست دەکرد و دادەرشت.

***

لە کوردستان لەناو کوردا (حسێن حوزنی موکریانی) لوتکەی شکۆیە، پێشڕەوی هەرە چالاکی مەیدانی فۆتۆیە، یەکەم نووسەرە وێنەگرتنی بە شێوەی هەڵکۆڵین لەسەر زانستی فۆتۆگراف پەی پێ بردووە، ساڵی ١٩٣٤ کتێبی بە ناونیشانی وێنەگری وکۆڵین چاپ کردووە.

حوسێن حوزنی موکریانی، واتە یەکەم نووسەری کوردە لە نیگارکێش پێشەنگ




و پێشڕەوە کەس لــە پـێـش ئــەو نەهـاتـۆتـە پێش، خـــاوەن یـەکـەم وتـــار و یـەکـەم کتێبە بـە زمانی کوردی، لەبارەی فــۆتــۆگــراف و هـــونـــەری وێنەی لێکۆڵینەوە بەوردی، لە کوردستان بنیاتنەری هونەری چاپ و گرافیک و نەخشەکاری بووە، کتێبەکانی لە ساڵانی بیست و سییەکاندا پڕ لە وێنە و تابلۆ و هێڵکاری و روونکاری بوون! لە حەڵەب فێری خۆشنووسی و ڕەنگوگرافی بووە و مۆرهەڵکەندن لەسەر شووشە و کانزا و لاستیک و پلاستیک! بە مەبەستی هونەرەکانی چاپکردن و پەیوەندی بە تەکنیگ!!

یەکەم کوردە بە شێوەیەکی زانستی لە شام و قاهیرە فێری زانستی وێنەگرتن بووە و بایەخی پێیداوە، لەگەڵ چاپخانەکەی ساڵی ١٩١٥ کامێرای لەگەڵ خۆی هێناوە، پاش مەرگی حوزنی، گیوی موکریانی درێژەی پێداوە، وێنە کۆنەکانی هەولێر بەدەستی (گیو) گیراوە، تەنانەت چۆتە سلێمانی و شـازی جلوبەرگی کوردی لەگەڵ خۆی بردووە، شاعیرانی کوردی بە جەمەدانیەوە وێنە گرتووە،

حسێن حوزنی موکریانی کامێرایەکەی بە یەحیا حلمی (یەحیا فەندی رەسام) فرۆشتووە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان کامێرا ساڵی ١٩١٨ هاتۆتە سلێمانی، کامێرا واتە نووسین بە هەتاو وەک پێناسەیەکی جیهانی، (محەمەد یووسف سدیق غەزنەوی) لە مێژووی هونەری فۆتۆگرافی کوردی نکوڵ ناکرێ، یەکەم کوردە ستۆدیۆی داناوە لە ساڵی (١٩١٢) لە شاری ئاکرێ، پێشڕەوی پرتەوی وێنەگرانە



جەنەرال سەدیق پاشای قادری

لە کوردستان کە وێنەی چرکاندووە، بۆ بەڵگەش وێنەی شێخ عەبدول سەلام بارزانیی گرتووە، یەحیا حیلمی (یەحیا ئەفەندی ڕەسام) و (ژەنەراڵ سدیق ڕەسوول قادر هەمەوەندی) دادەنرێن بە پێشەنگی فۆتۆژۆرنالیستی کورد، ساڵی ١٩٢٣ وێنەی شێخ مەحموودی نەمر و سمکۆی شکاک و بووردمانی سلێمانییان گرتووە و ئەو زاتانە تۆماریان کردوە، جوانترین وێنە، وێنەی زەردەخەنەی سەرەمەرگ و بەرسێدارەیە، لە جیهان ساڵانە پێشبرکێی جوانترین وێنە دەکەن کە کام وێنە قەشەنگترین و بژاردەیە!.

❊❊❊

ساڵەکانی بیست وێنە لە کۆیە هەبووە دیترا وێنەکان ماون، بۆ بەڵگە (وێنەی کۆیە ساڵی ١٨٨٢ و حەماغای گەورە و هاتنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ کۆیە) وێنەکانیان گیراون، ئینگلیزەکان و فۆتۆگرافەرانی گەریدە و مێژوونووسە بێگانەکان هاتوون، بۆ کار و مەبەستی خۆیان و بۆ لێتۆژینەوە وێنەیان گرتوون.

ساڵی ١٩٥٢ یەکەم کەس (محەمەد شوان) ستۆدیۆ شوانی لە کۆیە داناوە، کامێراکەشی دەبێت سەید برایمی حاجی سەید سەعید لە بەغداوە، وەک برادەرایەتی بە دیاری بۆی هێنابێ، دوایی عەلی حەمەدەمین و (عەلی رابی ڕەشی) (ستودیۆ چنارۆک) و بەکر مەنسوور (ستودیۆ سپۆرت) و عەزیز محەمەد (ستودیۆ یادگار) و محەمەد مەهدی (ستودیۆ نەورۆز) و جەمال مستەفا (ستودیۆ ڕێبین) و تۆفیق عەبدولکەریم (ستودیۆ باواجی) و غەفور حاجی یەحیا و شێرکۆی کوڕی (ستودیۆ


جەلال بێتووشی


کۆسـار) و وێنـەگرانی شەمسی (مـەهدی محەمەد و مستەفا حەمەد و ئیبراهیم حەسـەن) وێنەگرە نوێیەکان بەختیار مستەفا و یوونس مستەفا (ستودیۆ بەختیار) و نەهرۆ تۆفیق (ستودیۆ و تاقیگەی سۆنیا) و ئازاد مەهدی (ستودیۆ ئازاد) و بێستوون سەلام (ستودیۆ بێستوون) و ئومێد سەید جەلال (ستودیۆ دیجیتاڵ) و توانا ساڵح (ستودیۆ توانا) و دەرباز زرار (ستودیۆ دەرباز) و هانا جەلال (ستودیۆ بەرزنجە)!

***

دەریا ساڵح عەسکەری، بە شێوازێکی هونـەری، لە کۆیە (ستودیۆی دەریا) ی دانابوو لە وێنەگرتن بە ڕەونـەق و شـارەزا بوو، یەکەم کەس بووە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی شوشتۆتەوە، و چاپی کردووە، لە بۆنەکان بە تایبەتی زەماوەند بە کامێرای ڤیدیۆیی گرتووە!

***

جەلال بێتووشی لە بەغداد بە کاری وێنەگری خەریک بووە، لەگەڵ هەژار موکریانی شاعیر شەریک بووە، جەلال بێتووشی یەکەم کەس بووە لە ئەڵمانیاوە، ئامێری ڕەنگاوڕەنگی تەلەفزیۆنی بۆ عێراق هێناوە، یەکەم سینەما لە کۆیە دانرابێ، دەبێت حەوێزی مام یەحیا بووبێ ئەو دایبابێ، دوای ئەو جەلال بێتووشی، بەڵام هەردوو سینەما دەوامیان نەکردووە بۆتە ناخۆشی! لەوساوە سینەما! لە کۆیە نەما!! جەواد ڕەسووڵ ناجی، لەبواری هونەر زێڕینە تاجی، ئەستێرەیەکە و شاگردی حاجی، نیگارکێش و نەخشەکێش، بەهرەمەندێکی کۆییە! یەکەم پەیکەرتاش و ئەکتەر




و دیـکـۆریـسـت و دەرهێنەری شانۆییە!

***

ئەوەی لە رادەبەر و بێ وێنە، بایەخی دابێ بەگرتە ڤیدۆیی و وێنە، قادر بەشدار بوو، ڕیزپەڕ و ئازگار بوو سەرچاوەی هەواڵ و ڕووداو و یادگار بوو، بێ رتووش و بێ دەستکاری و تیفتیفە، لە وێنە خاوەنی گەورەترین ئەرشیفە. زۆرترین وێنەی هەیە خاوەنی ملویۆنان وێنەیە* بەداتا و پرس، پێوانەی تێپەڕاندووە ناکرێ بخرێتە ناو کتێبی گینس!!

هەر کەسانێکی سوارە کەڵەگەتەکەی من ناناسی، ئەوەتانی پێشمەگەی دێرین و زیندانیی سیاسی، ئەکتەر، بێژەر، ڕۆژنامەوان، شاعیر، نووسەر، کامێرەوان، وەرگێڕ، شۆڕشگێڕ، زمانەوان، فرەبەهرە، باخی گوڵچەهرە. ڕۆژگاری زێڕین، هەواری دێرین.

هەموو هەواڵ و ڕووداوەکانی بەخێرایی رادەگەیاند، وەک نانی گەرمی بەیانیان دەیگەیاند، بۆیە خەڵک ناویان لێنابوو ئاوێنە و چرا و چاوی شار، لە کۆیە ببووە ڕووبار و جۆبار و گوڵزار، بە زوویی و زیندوویی دایدەگرت فۆتۆ و گرتە ڤیدیۆیان، لە بۆنە و پرسەکان لە رووداوی رۆژانەی ناوشار و ناو بازاڕ و تکانداران و کۆڕبەندی کۆییبیان، کۆییبەکانی هەندەران نەختێ پێ دادەمرکا کڵوکۆی نامۆییبیان، لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ درک و گوڵی شار بوون، دەیانزانی چ دەگوزەرێ بەگەرمی ئاگادار بوون، خۆبەخشانە بێ لافوگەزاف، دەیچرکاند گرتە و فۆتۆگراف، تووڕە دەبوو، هەڵدەچوو بەڵام سینەساف، وەک خدری زیندە پەیدا دەبوو لە پرسەکان




جولەکەکانی کۆیە - ١٩١٩

و ناوجەرگەی شار و بازاڕ، وێنەی دەچرکاند نەک جارێ چەندان جار.

بەفر کە دەبارێ هەموو شتێ جوان دەکا کە دایدەپۆشێ، مرۆڤی لێهاتوو سەنگی خۆی بەزێڕ ناکێشێ، بیری گەورە وەک داری گەورە، ڕوو لە ئاسمان و هەورە، لەبەر ڕەگ و ڕیشە و بەرزییەکەی ناچێتە ناو ئینجانە و گوڵدانەوە، بەڵام جێی خۆی دەکاتەوە لەناو دڵی مێژوو و ناخی ویژدانەوە، کە وێنەی دەچرکاند، ڕۆحی رادەژاند، بۆ هەواڵ و ڕووداوەکان ببووە سەرچاوە و دایک، بە زۆرترین شێر و کۆمێنت و لایک، جاران کە وێنەیان دەگرت، لێیان دەنووسی پێشکەشی یەکتریان دەکرد، دیارییەکی پیرۆز بوو، یادگارییەکی پڕسۆز بوو! ئەو بە ئەلیکترۆنی بە ئاسمان گەش وەک مانگی یەکشەوە، وێنە و هەواڵ و ڕووداوەکانی یەکسەر دەگواستەوە، لە ناکاوێ دەنگ و ڕەنگ و هەواڵ و ڕووداو بڕا و نەما، خەڵکی کۆیە تامەزرۆ بوون نەغرۆ بوون لەداخ و خەما! کەچی لە پۆستەکان هەمیشە دەیگوت (ئەوەتام) کامەتای؟ نە لە فەیسبووک و نە لە پەیج و نە لە ئەکاونتای!! ناچار، لە دوکانی یانزیفی تکاندار، هەر بەغار، هاتمە خوار، بۆ ناو سەنتەری شار، بە مشەوەشی دەڕۆیشتم بە پیادە، بەرەو فولکەی حاجی قادری کۆیی مزگەوتی مەحمووداغا و خادم سجادە، پاش تاوێک پشوو، گۆتم بەشکوو، لە چایخانەی بەکری قالە بزنی بێ، بەرامبەر تەکیەی تاڵەبانی، بە کامێرای چاو خەیاڵاوی دەمڕوانی، چوومە کن ماڵی مستەفا زۆربیان و دەباخانان


کۆیە لەساڵی ١٩٠٠

و دەرکــی خـۆشـنـاوان و جادەی سەرڕەزان و فولکەی گردی و سەرباسکان و هەتا بن قشڵە و کەکۆنی، زۆر خۆشەویست و دۆستم بینی بە دیدار و هەواڵ و چاکوچۆنی! نەمدیت دیار نییە! لە شار نییە! لەکوێیە؟ لە کامجێیە، لە فەیسبووک هەر دەڵێ ئەوەتام! ئاخر کامەتای! نە دیاری نە لەخەتای!!

هەڵکشام بەبەر دوکانی کافیە مەلایان و جەلالی فەقێ عیسمەت و جەلال جۆباری، نەمدیتەوە وەرن بمکوژن بەخەنجەران وەک کابرای ناو بازاڕی، شۆڕ بوومەوە بەرەو چێشتخانەی رینگە، کونوکاژێری باژێر گەڕام دینگە بەدینگە.

ڕەت بووم بە گوزەری کورتاندوروان و گوزەری نەجاران، هەرچەند شێوەی گۆڕابوو نەمابوو وەکوو جاران، تێپەڕیم بە قەیسەریی سەرقادرمان و قەیسەریی کۆن و بەر دوکانی ساڵح ریخە رۆک و سەرەخۆرە و حەوێز قازانج و مام تەها و مام هەمزەی پەنیرفرۆش، یادگاری کۆنم دەهات بەبیرا، کوورەی دڵم هاتبووە جۆشوخرۆش، چووم بەرەو خانی قادر یاسینی و سابیر قیمەکێش و دوکانی حاجی پاشا، بەچاوی موشتەری، بەتەمای دیداری، قادر بەشداری، دەمکرد تەماشا، لۆژ لۆژ ڕۆیشتم بۆ گەڕەکی دیانان و کن خانی زبە کۆری، کوڕی غیلمانە کچیان عەینی حۆری، لامدا بۆ مەرقەدی شێخی شێخ موسرێ و حەمامی جمهووری، نەزەربازن وەلاکین دوور بەدووری، نەمدیت، گوتم رەنگە لەکن قۆنگرێ، لەوێ بێ وێنە بگرێ، لەوێ نەبوو، لە مەراقان، هەربەلاقان، چوومە بن تاقان! لە هەژمەتان، گەڕام کانی غەریبان و گردی غەیبەتان، کانیلە و کانیبسکان، لە گەڕەکەکان گەڕام




تا گەڕەکی ئیسکان، نەمدیتەوە و چاوم زۆر گێڕا، نەمدیت نەخۆی نە کامێرا، چاوم چڕ کردەوە بۆ بناری باواجی و گەرووی حاجیلان و تیشی پاوەنان، بە بەنداوی حەمامۆک و ناو باخچە و داروبەرد و دەوەنان، بەدوای شوێنی ئاهەنگی کۆییان، لەناو ڕەزان و گەشتیاری و کۆسار و مامار و چنارۆک و ڕاوگەی خۆییان، هەواڵ نەبوو، لەماڵ نەبوو!.

**وەک فاتەشێتی کوردی ئەو دیوە**
**مینە و ڕەحمانی منتان نەدیوە**

ئەریێ قادر بەشدار، قادر گێبەگوارە، ماوە نەماوە لەو شارە، لەسەفەرە، چ خەبەرە!! خۆزگە وەک هەتاو دەبوو چۆن ئاوا دەبوو واش هەڵبهاتایەوە، هەتاو بیزانیایە هەڵنایەتەوە ئاوا نەدەبوو تیشکی دەدایەوە!!

**بۆچ پێم نانوێنی وێنەی فۆتۆگراف**
**وێنەی شیرینی نازدارانی جاف**

زۆر جێی کۆیەم پشکنین، کونبەکون سەروبنی، ئەم سەر و ئەوسەر لە دەشتودەر، هەر نەمبینی، بە غەمگینی، ئەی بۆ پۆست دەکەی دەڵێی: (ئەوەتام منتان لێ دیارە) نە بەخوای دیار نی، خەممان لە چوار کەنارە، زۆر گەڕام چاوم پێ نەکەوت و هەر نەمدیت، خۆ ئەو وێنەگرتن و کامێرای کردبووە نەریت، گەڕام خواروژوور، لە نزیکودوور، لە ڕەنگی پەلکەڕەنگینە بەنوور، لە ئاسمان

نووسرابوو، لە ڕۆژمێژووی (٢٠٢٠/٢/٢٣) قادر بەشدار، بۆ دوایین جار، تیشکی تەمەنی ئاوا بوو!!

ئەوەتانێ لە گۆرستانی (دەروێش خدر) لێرانەیە، لەو گۆرە تەنگ و تاریک و وێرانەیە، لێی گەڕێن، لێی مەگەڕێن! وشەکان وێنا دەکەن، وێنەکان دەدوێن، بە ڕۆندک خۆنچە یادگارییەکان دەپشکوێن، لە چاوی هەتاو دەگەڕا، مەرگ لێی نەگەڕا.

**لە کێم دیت و لە کێم دیت**
**لە سۆرکی گۆرستانێ!**
**دڵم ئۆقرە ناگرێ**
**لەبەر ئەو خەم و ژانێ**
**لە کێم دیت و لە کێم دیت**
**هێ برا لە وراتی کۆیێ**
**دەمڕوانی بە دوربینێ**
**دیتم گرتە ڤیدۆیێ**
**مێژووی شارێ تۆمارە**
**بە ملیۆنان فۆتۆیێ**
**هێ برا سەری من دێشی**
**دەردێ لە درم دەناری**
**قیڕەی دوو قورینگان وا دێ**
**لەناو هەور و ساماری**
**ئایشێ و فاتمان دیار بوون**
**گوتمێ دەچنە کام ماری**
**دەستیان کرد بە گریانێ**
**لەسەر گۆڕی بەشداری**

کۆیییەکانی هەندەران، زیاتر لە دۆست و برادەران، نیگەران بوون لەو پرسە، چۆن تاسابوون هەر مەپرسە!! ئاخر دەزانن چی قەوماوە:

**(گرینم وەک شەوی پایز بەئاوە**

**گوڵێکم بوو لە باغاندا نەماوە!**

**مەڵێ غەم گەورەیە یا گریە وردە**

**ئەمە گەرداوە، ئەویان ئاوەگردە!)**

قورسترین بابەت لە ژیان ڕۆژگار، سەڵاوی یەکەم جار و ماڵئاوایی بۆ دوایین جار، مابوو تەمەنی زۆر بوو پڕۆژە و بەرنامە و خواستی، چاوەڕێ بوو خەونەکانی ببن بە راستی، ئەو وتە باشە بڵێن (بۆ پەیکەری بۆ نەکرا)، نەک بڵێن ئەو چ بوو پەیکەری بۆ کرا و بایەخی پێ درا.

٥٨ساڵ ژیا، زۆری لە بەندیخانە و چیا، دەستی کورت بوو دەستی نەدەگەیشتە گیرفانی، هەر هونەری شیعر و فۆتۆ و وەرگێڕان و نووسینی دەزانی!!

***

وەستا حەمەدی عەولاجەیدی بەکردەوە، هەموو قوفڵێکی عاسێی دەکردەوە، بەڵام قوفڵی مەرگی پێ نەکرایەوە، کلیلی قوفڵی قەبری پێ نەدۆزرایەوە، تەندروستی دروست نەبوو پێشتر پێشبینیی مەرگی دەکرد، دەیزانی کاتی هاتووە و باسی سەفەری ئەبەدیی دەکرد، بەشدار (بۆ مەرگ) لە شیعرێکدا دەریدەبڕێ:

**گیان هەڵدەفڕێ**

**زایەڵەی کەژاوەی مەرگ**

**روو لە گۆرستانە و هەڵدەستێ**

وێنە و شیعری بەشدار، لە (ئاواتی دەم بۆ دەم) بۆ یادگار:

**وەرن بڕوانین لە رۆژگار**

**دووجەمسەرەی خۆشی و ئازار**

**کێ بێخەمە و کێیە بریندار**

**بەندە ناسە پەروەردگار**

وشەی شیعری وەک وێنە و تابلۆ: ئاخر بۆ دەڕۆی بۆ؟!


**تۆخوا مەڕۆ**

**لەدووری تۆ**

**لەجێی ئەسرین**

**خوێن دەڕێژم بەو چاوانە**

**مەڕۆ گیانە**




محمد عبدالكريم (محمدشوان)





وەستا تۆفیق ملا کریم







محمد مهدی محمد



حەمەئاغای کۆیە



**٢٠١٤/١٠/١٥ /کۆیە – سەنتەری گەنجان خەلاتی سەید برایم ، قادر بەشدار– ڕەهبەر سەید برایم**




**ئارامگەی قادر بەشدار**



**دەریا عەسکەری**



**جەواد ڕەسول ناجی**



یەحیا ئەفەندی- وێنەگری ناوداری شاری سلێمانی 1938

**سەرچاوەکان**

١.سینەماتۆگراف-هاوار مستەفاخان.
٢.وێنەگری و کامێراکانی وێنەگرتن-تەها لەتیف پێشەکی (فایەق حەمەساڵح).
٣.ئەکاونتی (فایەق حەمەساڵح)
٤.ئەکاونتی (نەجات ڕۆستی)
٥.ئاواتی دەم بۆ دەم (شیعر: قادر بەشدار)
٦.مێژووی هۆنەری شێوەکاری لە کوردستاندا (فەرهاد پیرباڵ)
٧.ئەرشیفی قادر بەشدار، د. دەریا حەوێزی.
٨.دیوانی مەحوی ل١٨٤ دڵبرێژ-دڵ برژێن
نەبووە قەت (مەحوی) وتی بوونی من و تۆ پێکەوە
حوسنە ئاوی زیندەگی، عیشق ئاگرێکە دڵبرێژ
٩.جەواد ڕەسول ناجی ١٩٢٢ کۆیە-١٩٧٥/١/١١.
١٠.وەستا حەمەدی عەولاجەیدی باوکی مامۆستا فازیل شەوڕۆی شاعیرە، بیرۆکەی شیعری ئەوە و لەسەر کێلی قەبری باوکی نووسراوە.
١١.محەمەد یووسف سدیق (١٨٩٤-١٩٦٤).
١٢.جەلال نەجیب ڕەسووڵ (جەلال بێتووشی-کۆیە ١٩٣٠-٢٠٢٠/٣/٢٢ بەرلین)
١٣.حسێن حوزنی موکریانی (١٨٩١ مهاباد). ١٩٤٧/٩/٢٠ بەغدا
١٤.دیوانی پیرەمێرد.
١٥.ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی کوردی (دەق و لێکۆڵینەوە) پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر هیمداد حوسێن، هەولێر ٢٠٠٧.
١٦.لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیدا، وتار و بیرەوەریی، هاوار.
١٧.دیوانی حاجی قادری کۆیی.
١٨.هەواری دێرین: بەرنامەیەکی قادر بەشدار بوو لە کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆیە.

...

*خۆی ئاماژە بە سەد وپەنجا وسێ ملوێن وێنە دەدا لە مەراسیمی ڕێزلێنانی (قادر بەشدار)



**١٩٨٧/قزڵوو/ شێخ چاپووک- ڕەهبەر سەید برایم**

## ٧

## ئەو نامانەی وورەیان لێ دەبارێ

لەگەڵ دەرکەوتنی ئاسۆی بەرەبەیان و کازیوە، تیشکی ڕووناکیی تازە زێڕ و زیوە، مرۆڤە زیرەکەکان، ڕۆژە زێڕینەکان لەیاد ناکەن، بیرکردنەوەی گەورە مرۆڤ بەرەو گەورەیی دەبەن، جگە لە کات هەموو شتێک شایانی کڕینە، مووی سپی بە بەهای گیان کڕاوە و ڕێی ژیان بڕینە، دوێنێ مێژوو، سبەی نهێنی، ئەوڕۆ دیارییە، لە دوێنێ فێر بە، ئەوڕۆ بژی، سبەی مرواریییە، مرۆڤ مێژوو دروست دەکات، نەک مێژوو مرۆڤ، ڕۆژانی ژیان پڕن لە خۆشی و گەشی و خەم و ناخۆشی و خەندە و ژان و ئاخوئۆف! با پێت بڵێن جلوبەرگت شڕە، بەڵام تۆ کتێبی تازە بکڕە. پەڕپووتترین کتێب خاوێنە، پڕشنگدارە وەک تیشکدانەوەی بەر ئاوێنە، چ نەبێ ساڵی جارێک تەماشای هەڵاتنی خۆر بکەین، هەموو ڕۆژێک لەنوێ کاتێک بەسەر دەبەین، درەوشاوەترین تاج کە پاشایەکان لەسەریان ناوە، لە ئاگری کوورەکان دروست کراوە، بەڵام شێخ چاپووک تاجی شانازی و مەدالیای شەڕەفی شایانە، لە مێژووی خەبات و سیاسی و پێشمەرگایەتی و بەڕێوەبردن شای پاشایانە، لە شاخ پێی خۆش بوو لە دۆزەخ بژی بە سەربەستی، نەک لە بەهەشت بێ بە زەلیلی




**۲۰۱٤/٤/۸ هۆڵی رۆشنبیری (رەهبەر سەید برایم لەکاتی پێشکەشکردنی خەڵاتی بلە بە شاعیر قوباد بەهرەوەر)**

و ژێردەستی، بە کردەوەی چاکی و پاکی و بە رووناکی، ناوی کەوتە مێژوو بە ئەستۆپاکی، لە کاتێکدا وڵات نقومی گەندەڵی و نادادپەروەری بوو، ئەو بێمنەت وازی لە پۆست هێنا چونکە پەری بوو، لە گەندەڵی بێبەری بوو، هەنگ چەند زۆر بێ هەر گوڵ زیاترە لە هەنگ، لە زیادەڕەوی و نایەکسانی هاتۆتە دەنگ، شەش ساڵ و شەش مانگ و شەش ڕۆژ قایمقام بوو، کاربەدەست بوو، دەسەڵاتی هەبوو لەکۆیە و بەمەقام بوو، بەدەیان دۆست، شەڕیان دەکرد لەسەر پۆست، گەیشتبووە ئەو رایەی کە تۆمەتباران، لە گەندەڵکاران، نەبایان دیوە نەباران، نەیویست تاجی لێپرسراوەتی و تەختی قایمقامیەت، رووسووری بۆ مایەوە تاقیامەت، بە نوورانی، پڕ لە جوانی، مرۆڤ سێ جوانیی هەیە، جوانیی جەستە، جوانیی دڵ، جوانیی بیر، ئەو جوانییانە کۆ ببوونەوە لە شێخ چاپووکی رۆشنبیر و ژیر، د. کاوەیس قەفتان پەندێکی هەیە بۆ عیبرەت، کورد چۆن دەبێ بە دەوڵەت، بەڵام با جارێ ببێتە میللەت، لە نامیلکەی هەڵبژاردە لە وانە بەپێز و نەستەقەکانی نووسراوە، ئەوەی بە مێژوو کراوە بە ئافرەتی خۆفرۆشیش نەکراوە، کتێب کلیلی گەنجینەکانی داناییە، خوێندنەوە چێژە، هونەری ژیر و زاناییە، خوێندنەوە بۆ مێشک وەک



**ڕەهبەر سەید برایم لە کاتی پێشکێش کردن وتار پەخشانێک لە مەراسیمی ناساندنی کتێبی نامەکان دیرۆکن**

وەرزشــــە، نـامـەکـان تـامـی خـۆیـان هـەیـە وشـە بەوشە! نامەکان دیرۆکن، بەسەرهات و چیرۆکن، ئەرشیفی شێخ چاپووکن، ڕوونیی نیازپاکی زادەی فەیلەسووفەکانە، لـە زانـیـاری و ڕووناکـی، لـە خەزێنەی ئەرشیفەکانە! وشــەی نـامـەکـان تــام و ڕەنـگـوبـۆی خـۆی هـەیـە، گوزارشتی زەمان و زەمین و زەمەنێکن بنەما و هۆی خۆی هەیە، پەیڤەکان پەیڤن، پڕشنگی هەیڤن، بۆخۆیان دەپەیڤن! نامەکان بەهادارن ورە و باوەڕیان لێ دەبارێ، وشەکان مانادارن گوزارشتن لە وەخت و ڕۆژگارێ، هی سەنگەر و جەرگەی شەڕ و شۆڕش و بەرخۆدانن، خوێنی شەهیدانیان پێوەیە مۆرکراوی نەبەزین و کۆڵنەدانن، ئەو نامانە زادە و نووسراوی سەردەمێکن، بە هەزاران نامە هەیە، ئەمانە قامت و بەشێکن کەمێکن، شێخ چاپووک پاراستوونی وەک گلێنەی چاو بەگیان و بەدڵ، نەیهێشتووە بفەوتێن و ئەو زانیارانە بخرێنە بن گڵ، دڵی نەهات، لە دەستی دەهـات، نامەکانی بەخت بسووتێنێ و فڕێیان بدات، نامەکانی یەکیەک ماون، پارێزراون و نەفەوتاون، بەڵگەی ئاشکرا و ڕوونن، شیلەی شانەی دەروونـن، لەناو کوردا دەگمەنن ئەوانەی دەزانن نرخی نامە و دەستنووس و ئەرشیف، هەشە بەڵگەنامە و نووسراوی شاردۆتەوە لەناو چاڵە گەنم و بن زەوی و باول و کەنتۆر و کادێن و ناوشووشە و شیف، هەزاران بەڵگەنامە و دەستنووس بۆتە خۆراکی ئاگر و خۆڵوخاشاک، کەم خاوەن قەڵەم و

بەهرە و تێکۆشەر هەیە بەرهەمەکانی نەسووتابن و نەفەوتابن، شێدار نەبووبن و نەڕزیبن لەژێر خاک، هەر کەمتەرخەمی و ترس نائارامی و ڕووداو نییە، شەڕ و شۆڕش و خەباتی سەخت و ستەمکاري داگیرکەران و ڕەنگە پەیوەندیی بارودۆخی نەخوازراو بێ! نامەکانی شاخ ڕەگەزێکی گرینگی مێژووی شۆڕش و خەباتن، هەست و نەست و هەڵوێست و برین و کارەساتن، ڕەنگە کولتووری نامەی دەستنووس کز بێ یان هەر نەمێنێ، لەو قۆناغە کەم بووە بەڵام نامەکانی شاخ دیرۆکن ئەوە دەهێنێ، بخرێنە بەر دیدە و ڕووناکیی چاپ، بەرلەوەی بفەوتێن با تێک نەچن و نەبن خراپ، مێژوویەک دەگێڕێتەوە، مۆمێک دادەگیرسێتەوە، ٨٢ نامە لەخۆ دەگرن نامیلکەی (نامەکان دیرۆکن) گوڵی بەرۆکی شاخی بەرگری و کامێرا و نەینۆکن، خالید دلێری نەمر و سەرچڵ، لە نامیلکەی شیعری ئاگر و گوڵ، دەربارەی گرینگیی نامە، شیعرێکی جوانی هەیە وەڵامە!

**ئەوەی لای من مەرامە**
**تەنیا نامەیە نامە**
**قسەی ناوی ڕەقیش بێ**
**هەروەک هی خۆش بەتامە!**

دوور لە سۆزی خزمایەتی و خێڵەکایەتی و شێخایەتی، بە حوکمی ژیانی سیاسی و خەبات و پێشمەرگایەتی، شێخ چاپووک، ڕێک و ڕوحسووک، هاوڕێباز و یەکسەنگەر بووین، لە پێشمەرگایەتی برادەر بووین، دۆست نەبووین لە شار، خزم بووین لە ڕەگودەمار، ژیانی شاخمان پڕە لە نهێنی و یادگاری، بەگیانی خۆشەویستی و دەستووری کوردەواری، و رازوگلەییمان لە یەک هەبووە، بەڵام قەت نەڕەنجاوین، لە ڕای جیاواز نەگەیشتووینەتە یەک بەڵام یەکترمان پەسند کردووە و گونجاوین، پێشبینییەکانی ڕاست دەردەچوون، ورد و ژیر و تایبەت بوو لە بیروبۆچوون، ئەو لێپرسراوی ناوچە بوو، دڵی چەند پارچە بوو، بەندە فەرماندەی ٩٣ی کۆیە، دڵشکاو بوو وام دەزانی عاشق ڕەنجەڕۆیە!

**بۆ هەڵوێست و هەستی کوردی**
**گـــوڵی دڵی بای شاخ بردی**
**بە ئـــــاواتی خۆی نەگەیی**
**عــــــــاشقێکە بێ گلەیی**

بەبێ عەشق گەنج پیرە وبە عەشقەوە پیر گەنجە، ئەوەی مایەی سەرنجە، نێر هەیە لە هەرتەمەنێک بێ عاشق و ئەویندارى باخی نارنج و ترونجە، جەنابی شێخ عاشق و هەستناسک و دڵتەڕ و تیرهاوێژ، دەروێشی کوردستان و شێتی وەرزی گوڵ و گەڕەکی مۆسکۆ و سێوی مێخەکڕێژ، شریکی شیعری شعووری عاشقانە بوویم بۆ شێخ چاپووک، خامەکەم یادگارییە دڵی (کون دەکا بە نووک) تەڕیی دڵداری، وشکیی رامیاریی لە یەک بۆتەدا تواندۆتەوە، ئاگری کردۆتەوە، جوانیی گوڵ و گڕی ئاگری، بە هۆگری و خۆڕاگری، رێی لە جەنابی شێخ نەگرتووە، بە پاکی عاشقایەتی کردووە، عاشقایەتیی لێ جوان بوو.

**عاشقی یار ونیشتیمان بوو**
**بۆ کوردستان چەک لەشان بوو**
**کوردایەتی و ئەوینی یار**
**ئاوێتە بوون لە دڵ و دەمار**

شێخە بەسەر شاخاندا ڕۆیشتووە، لە هەوراز و نشێوان ئارەقەی ڕشتووە، لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دەرد و مەینەتی چەشتووە، حەوت ساڵان پیشمەرگایەتیی کرد لە ناو شاخ ودەشت ودەر، لە ناو کەفکەفەی خوێن وبرین وناوجەرگەی شەڕ لە سەنگەری داروبەرد و بەندەن و رێی هاتونەهات و مردن، لە مۆسکۆ زەمالەی وەرگرتووە چۆتە بەرتەختی خوێندن، ماستەری هێناوە لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی، بە پێشبینی و تێبینی و کارامە و کارا بووە لە سیاسەت، رامیاریزانێکی بەبیر و بیردۆز، بە کوردایەتییەکی پێشکەوتنخواز و باوەڕپیرۆز، مارکسییەکی کورد و بەهەڵوێست بووە، سەیرە کۆمەڵە و کۆمەنیست نەبووە.

**من لە گەڕەکی قەلات**

**نیشتیمانی و دیموکرات**

**ئەو مارکسی و کۆمەنیست**

**شارەزا لە مانیفیست**

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستی دڵی شێری دەوێ، هەق هەبێ و نەبێ ڕاستی هەر دەردەکەوێ! گەواهن نامەکان، پیرۆزن خامەکان، لەو ڕۆژگارە، سەخت و دژوارە، قوباد بەهرەوەر، شاعیر ونووسەر، شێخ چاپووک بەرەو لوتکە دەبات:

**دەڵێن تاکە سوار تۆز ناکات**

**بەڵێ...بەڵام سواری درۆزن**

**سواری نەخۆش ناخ چلکن**

**سواری دز و**

**سواری حیز و**

**سواری شەو وکەڵبە و مردن...**

**سواری تانەگڵێ نابێتە سوار**

**تۆ نەگلایت وبویتە سواریش**

**سوارێکی سۆرانی باڵدار**

**سواری (شێخ چاپووک) نەک تۆز ناکا**

**بەڵکو باواجی وئاوگرد**

**ئەکاتە وردە نەیزەک و...**

**شەیتانەکانی پێ دەکوتێ**

وشەگەشەکانی ئەو شیعرەش هی قوباد بەهرەوەرن:

**یادەکانت پشکۆن بڵێسەی ئاگرن**

**نامەکانت بێ هاوسەرن**

**وەک وێنەکەت سەوداسەرن**

## سەرچاوەکان

١.پەندی پێشینان و زاراوەی کوردی-ئینگلیزی- ئامادەکردنی شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن

٢.وتەی ناوداران- وەرگێرانی-جەبار تەنیا


٣.ئەندیشەی نوێ- بۆڕۆژێکی نوێ ٣٦٥ وتەی بەنرخ وەرگێرانی عەبدوڵڵا جەمال

٤.ئاگر و گوڵ -شیعر -خالید دلێر

٥.کۆمەڵە شیعری ئەو شەهیدەی گۆرانی دڵداری دەڵێ- قوباد بەهرەوەر ٢٠٠٥



شێخ چاپووک لە کاتی پێشکێش کردنی وتار لە مەراسیمی ناساندن وکردنە دیاری کتێبی نامەکان دیرۆکن




کتێبی نامەکان دیرۆکن نووسینی چاپووک سەید عومەر



قادر شکاک – ڕەهبەر سەید برایم/مەکتەبی ڕاگەیاندن

## ٨

## (قادر شکاک، مێژوونووسێکی پاک)

تاریخ تاریکە، لە کوردی نزیکە، مێژوو لەمێژە، خەونێکی درێژە، مێژوو گوماناوی و ناڕوونە، جۆراوجۆر ڕا و بۆچوونە، ئاگردانێکی گەش و ڕەشە مێژوو، تەژییە لە کۆڵەوەژ و ڕەژوو، تابلۆیەکە لە تاوان و دڕندایەتی، لە ڕووداو و بەدبەختیی مرۆڤایەتی، جەنگ ئاهەنگی مەرگە، شەڕ و کارەساتەکان بە بەڵگە، خۆی مێژوو زانستی زانستەکانە بەرایەڵ، بریتییە لە تۆماری هەموو ئاڵوگۆڕێکی سروشت و کۆمەڵ، واتە چیرۆک و لێکۆڵینەوە و گێڕانەوەی ڕووداوی پێزانراو، بۆ کورد مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەیی و سنووری نیشتمانی بۆتە دیاریکراو، پڕۆژەی تێکشکان گەورەتر و بەهێزتر بووە لە بەرنامەی بنیاتنانەوە و زیندووبوونەوە، کارەساتەکان بەلاڕێدا براون و تەماوین و خراونەتە بۆتەی لەبیرچوونەوە، زانای مەزن مەسعوود محەمەد ڕای وایە، (دەستکاریکردنی مێژوو و ڕووداوەکانی بۆ هەر ئامانجێک بێ کارێکی ناڕەوایە)!! مێژوو ئەو هەموو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە بەسەر مرۆڤدا تێپەڕیون، لەڕاستیدا کەس نییە بە دروستی بزانێت کەی مرۆڤ پەیدا بووە و



قادر شکاک لەسەر مەزاری جەنابی مام جەلال

چی دیوە و چی نەدیوە، ڕاستی پتەوە وەک ئەڵماس، ناسکە وەک گوڵەڕێواس، خاکوخۆڵی سەر گۆڕی مردووەکان، وڵاتیان دروست کردووە بۆ زیندووەکان، سەردەمی زێڕین لە داهاتوودایە نەک لە ڕابردوو، مەگەڕێ بەدوای گەڵا و گوڵی وەریوی بابردوو، ڕابردوو ناگۆڕڕێت دەتوانرێت شتی لێ فێر بین، پەند و وانەی لێ وەربگرین و پێی ژیر بین، بلیمەتی و زانایی لە پەندی نەتەوە دەردەکەوێ، بە پەند و وانەوەرگرتن لە ئەزموون سەر دەکەوێ، ڕوخساری مرۆڤە مەزنەکان دەخوێندرێتەوە، وتە و ئەزموونیان بە نموونە دەهێنرێتەوە، چاو مرواریی دەموچاوە، هەیە گیانی بە گوڵ چنراوە، ژیان شانۆیە، مرۆڤ ماک و تۆیە، مرۆڤەکان ئەکتەرن ڕۆڵ دەگێڕن نۆرە بەنۆرە، دەوراندەورانە چەرخی زەمانە زۆر جۆرە، ئاسمان گەورەیە بۆ هەموو باڵندەیەک، ئازادی هەرپچڕانی کۆت نییە بۆ هەر بەندەیەک، باڵندە شاپەڕێکی بریندار بێ ناتوانێ بفڕێ، دژمنێ زمانی شیرینی هەبێ لە شمشێر تیژتر دەبڕێ، ویژدان ڕاستی دەخوڵقێنێ بیردۆزە، دەربڕینی بیروڕا ئازادیش بێ ڕاستی پیرۆزە، ناسینی خەڵک زانایییە، ناسینی خۆت ڕۆشناییە، سێ شت زۆر سەخت و جێی باسن، خۆناسی و پۆڵا و ئەڵماسن، هیچ ماڵێک نییە شووشەی تێدا نەبێ، مرۆڤیش نییە



**راوەستاوەکان لە راستەوە ١- حاجی ئاغا ٢- محەمەد نووری بەگ**
**دانیشتوەکان لە ڕاستەوە ١- مزگین ئاغا ٢- سمکۆی شکاک ٣-قادر ئاغا**

خەوشێکی لێ پەیدا نەبێ، مرۆڤ ڕووبارە تاقوولتر بێ ئارامترە، تا پڕزانیاری بێ ژیرتر و بەفامترە، لەزێڕ چاکترە ناوبانگی چاک، وەک شیری حەڵاڵی دایک پاک، بەختەوەری ئەفسانەیە، خەفەت نەخۆشخانەیە، (ڤیگتۆر هۆگۆ) هاتۆتە گۆ، گوتوویەتی ئەو کەسەی گیانی بەختەوەری هەبێ، دەبێت کتێب و برادەری خوێنەری هەبێ، ماڵێ بێ کتێب وەک ژووری خەوتنە بێپەنجەرە، جەستەی بێگیانە و بێڕوح لەبەرە! کتێبخانە سامانێکی گەورەیە لە ژوورێکی بچووک، تاریک و بێگوڵە ماڵی بێ قەڵەم و کاغەز و پەرتووک، پەرتووک کلیلی گەنجینەی ژیرییە، ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیرییە، قەڵەم زمانی عەقڵە، نووکەکەی گوڵ و چقڵە، پەرتووک پەنجەرەیە تەماشای جیهانی پێدەکەی، پەرە بە پێشکەوتن و ڕووناکبیری و ژیری دەدەی، مرۆڤ بێزانیاری وەک گوڵێکی بێبارانە، باخێکی وشکە لەناو دڵێکی وێرانە،



**یەکەم کە دانیشتووە گوڵبەیاز خانم خوشکی سمکۆی شکاک و خێزانی بەحری بەگی تەمەرخانی ئامۆزای لای چەپ ڕاوەستاوە موعتەبەر خانم خێزانی جەعفەرئاغای شکاک و دوای شەهیدبونی جەعفەرئاغا هاوسەرگیری کردۆتەوە لەگەڵ سمکۆشکاک**

وشەیەک لە دڵی پاکەوە سەرچاوە بگرێ پڕە لە ڕاستگۆیی، دارێژراو بێ لە بیرێکی سەربەخۆیی، ڕاستگۆیی سەرەتا و بەشی یەکەمی کتێبی سەرکەوتووە، بۆچوونی هەر نووسەرێک لە پەرتووکەکەی دەرکەوتووە، ئوستاد بشیر مشیر فەرموویەتی، قوەتی موئەلیف لە موقەدەمەکەیەتی، لە دڵێکی ڕاستگۆ هێز دەدۆزرێتەوە، گەر دەرفەت و هەل بقۆزرێتەوە، مەبەستی زانست گەڕانە بەدوای بیرێکی ونبوودا، لە ناخی گەنجێکی پێگەیشتوودا یان لە پیرێکی تێگەیشتوودا!.

***

گەواڵە هەور هەیە تنۆکەبارانێکی نەباراندووە، گوڵ هەیە بێبۆن گوڵاوێکی نەپڕژاندووە، وتە کە زۆر ڕازێندرایەوە ئامانج ناپێکی، بەڵام شکاکێک شایانە

گوڵاوی لێ دەتکێ، گەواڵە هەورێک بەباران، گوڵێکی بۆنخۆش لە گوڵستان، لە زەمانی سمکۆ شکاکی، مەربووتن بە سلێمانی و خاکی، لە ئاگردانی سابیر ئەحمەد شکاک لەو وەچاغ، ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی چوارباغ، لە کوڕ تاقانە و تاک، لەدایک دەبێ قادر شکاک، بە چوارساڵی باوکی دەمرێ، لە کۆشی دایکی گۆش دەکرێ، کۆشی دایک نەرمترین سەرینە، پڕلەسۆز و گەرمترین ئەوینە، دڵی دایک قوتابخانەیە، مامۆستایەکی ئەفسانەیە، هەموو قوتابخانەی جیهان دەرسی دایکت ناداتێ، چی پرۆڤیسۆر و زانا و بیرمەندە نایگاتێ، دایک پیرۆزترین بوونەوەرە، دڵسۆزترین ڕاهێنەرە، گورجیەخانی دێرەشی، شکاک گۆش دەکا لە باوەشی، بە نازپەروەری و نازداری، بە سۆز و هێز و ڕێزداری، نوێژە پڕنزاکانی دایکی، بۆتە سەرچاوەی ئەمەکی و پاکی و چاکی، پێی دەخوێنێ هەرچەند بۆی ناسازێ خەون و نیازی، بەڵام بڕوانامە دەهێنێ لە ئامادەیی پیشەسازی، بەهۆی کاروکاسبی خۆی دەژێنێ، زوو هێلانەی خێزانی پێک دەهێنێ، مەلی نامۆ خوا هێلانەی بۆ دروست دەکات، لە هەموو خۆشییەک بێ بەشی ناکات و بۆی ڕێکدەخات، باخیان نەبوو وشک، شکاک خۆی و خوشک، لە نێوجەرگەی شار لە شەقەمامی مەولەوی، پیاوێکی قژپڕ و قۆز و قەوی، دوکانێکی بچووکی هەیە لەناو دڵێکی گەورە، یانەی نووسەر و سیاسی و کاسبکارانە بەدەورە، ئەو دوکانە بچووکە، خۆی چیرۆک و پەرتووکە، نووسینگە و پرسگەی ڕێبوارانی شارە، بۆ بەهرەداران و سیاسەتمەداران و کاسبکاران پێگە و هەوارە، کونجی قەناعەت و مەکۆیە، بۆ ئەو ئەدەب و هونەر و سیاسەت و مێژوو سەکۆیە، لە بۆچوون و ڕای جیاواز، چەپکەگوڵە و سینەواز، هەروەک دوکانەکەی بشیر مشیر، خڕ دەبنەوە خەڵکی سیاسی و ڕۆشنبیر، شکاک میراتگر و بەشیریستە، لە باوەڕ و پابەند بە حزبی سۆشیالیستە، کاسبکار و سیاسی و مێژوونووس، نووسەر و خاوەنکتێب و نووسین و پێنووس، بەرهەمەکانی:

+/ بارودۆخی سیاسیی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٣٠.

+/ کورد لە مێژووی ڕووداوەکانی سەردەمدا ١٩٣٠-١٩٦١.

+/ جوگرافیای مێژوویی عەشیرەتی شکاک لە ڕۆڵی بزوتنەوەی کوردایەتیدا.

خەرمانەی وتارەکانی دەکاتە گەردانەیەک، بەناوی (بەقەندیلدا هاتین) وەک نیشانەیەک، ڕۆح لە قەندیل، قەت نابێ دیل، ئەو قەندیلە ڕۆحی ڕێبازی ڕادەژاند، (قەندیل بەغدای هەژاند)

**لە بەرزایی قەندیلا**

**ئازا و بەرزن گەریلا**

**دەیسەلمێن کە مەردن**

**ئاسۆی ئومێدی کوردن**

*

**قەندیل مەندیلی کوردە**

**بۆ ڕێی ئازادی پردە**

*

بەرزترین لوتکەی قەندیل (شەمۆڵ)ە، پڕ لە ڕنووە بەفر و کانی و مێرگ و گوڵزار و لەوەڕگە و بژوێن و هۆبە و مۆلە، هەوارگەی مەڕدارانە، لانەی شاسۆ و تەوارانە، زاڵ و ستراتیژ**ییە** و سەرسنوورە، شوورەی بەرگری ڕەنگین بە گوڵاڵەسوورە، زێدەڕۆیی نییە شاعیرەکان شیعریان هەڵداوە بەسەر ئەو دیمەن و سروشتە، خاکی پاکی ڕازاوەی کوردستان وەک بەهەشتە، ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە، شکاک وشەکانی بە قەندیلدا هێناوە، کتێب و نووسینەکانی بەمێژوودا گێڕاوە، عەشیرەتی شکاکی، باسی کردووە بەچاکی، شکاک دووەم هۆزی گەورەی ڕۆژهەڵاتە، مێژوویان خوێناوییە پڕ کارەساتە، لە مێژوودا هەر باس لەوە دەکەن سمکۆخانی شکاک، مارشەمعونی ئاسووری کوشتووە، باس لەوە ناکەن لە تۆڵەی ئەو لە دوو ڕۆژدا ١٠-١٢ هەزار کوردیان لەناو بردووە، باس لەوە ناکەن دایکی

سمکۆی شکاک (دوڕییە خانم) هەر قاچێکیان بەستۆتەوە بە ئەسپێکەوە لاشەیان دووکەرت کردووە، بەو بێویژدانییە، کە نموونەی لە مێژوودا نییە، بەقەد گۆمی ورمێ خوێنی شکاکەکانیان ڕشتووە، ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەیان ڕەشەکوژ کردووە و کوشتووە، ئاوارەیان کردوون،ماڵیان بە تاڵان بردوون، تەمەر خانی شکاک کەوتۆتە کۆیە لەوێش مردووە، لە کۆیە نێژراوە بەو شێوەیە شیوەنیان بۆ کردووە بەشین و گریان:

**کێ مردییە؟ تەمەرخان**

**چی لەسەرە؟ گوڵ و ڕیحان**

**حوتک و جەمال**

**حوتک و جەمال**

سمکۆخانی شکاک، قارەمانی گەل و خاک، ڕێکپۆش و پۆشتەوپەرداخ، سەردەمیانە ئاوێتەی شاروشاخ، ئینگلیزەکان سەرسام بوون بە جلوبەرگ و چەکمەکەی، بە پیانۆ و هێڵی تەلەفۆن و گالیسکەکەی، بە کۆشکەکەی، کە دروست کرابوو لەسەر دەریاچەی ورمێ بە هونەری بیناسازی، سەرکردەیەک بوو هیممەتی بۆ دەوڵەتی کوردی بوو نیاز و ڕێبازی، لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە یەکەم قوتابخانەی کوردیی کردۆتەوە وەک مێژوو بۆتە موژدە، لە شارۆچکەی (خۆی) لە ١٩١٣/١٠/٢٧، ساڵی ١٩١٩ بایەخی ڕۆژنامەوانیی زانیوە ئەو سەردەم، ڕۆژنامەیەکی دەرکردووە بەناوی (ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم) لە نێوان بەرداشی (ڕۆم و عەجەم)دا ڕەنجی کوردیان بەبادا، ویژدانی مێژوو ناهەژێ، خوڕەی خوێنی کورد بەهاژە هەر دەپڕژێ، باس لەوە ناکەن بەناوی ئاشتی و گفتوگۆ، سمکۆ شکاکیان هێنا بەتەڵە و درۆ، کوشتیان خۆی و کوڕی و خورشیداغای هەرکی لە شاری شنۆ، سووکایەتییان بە تەرمەکەیان کردووە، قژیان ڕاکێشاوە وێنەیان لەگەڵ گرتووە، عەلی خانی باپیری سمکۆ شکاک لە زیندانی تەورێز، بە کۆت و کەلەپچە و زنجیری ئەڵقەڕێز، بە هەڵواسین و لەژێر ئەشکەنجەدا مردووە، جەعفەراغا

برای سمکۆیان گۆڕبزر کردووە، ستەمکردن لەهۆزی شکاک و سمکۆ شکاکی، پڕ کارەساتە بە سامناکی و ترسناکی. هەندێ نووسەر وازیان لەوتەی بێسەروبەر نەهێنا، (تاریخی دەرنەهێنا تەئریخی دەرنەهێنا).

***

وشە بەوشە کتێب دروست دەبێ، بە شەونخونی، بە ماندووبوونی، بە هێزی دەستو چاو و هەست دەبێ، بەیەک بەرد دروست ناکرێ دیوار، وەختی زێڕینی دەوێ بە کات و بوار، پێپیلکە بە پێپیلکە، بەسەر دەکەون بەرەو لوتکە، کورد زۆر تاریخی بە تاریکی نووسراوەتەوە، بەشی گەشی شاردراوەتەوە، عەبدولقادر شکاک، وەک مێژوونووسێکی پاک، بەڕاستی و چاکی و پاکی و ڕوناکی، گەشی کردووەتەوە لایەنی تاریکی تاریخی هۆزی شکاکی، قەندیل نابێ بێ هەڵۆ، بۆیە وتارەکانی کردە مەڵۆ، (بە قەندیلدا هاتین) هێمای بەرگری و خەباتین، خۆڕاگری کارەسات و نەهاتین!. ئەمانەتی مێژوو بن، ڕیشەی کورد قەت نایە لەبن.

تێبینی:

+/ کوژرانی سمکۆ شکاک لە ١٩٣٠/٦/٢١ شاری شنۆ.

+/ کوژرانی مارشەمعون بنیامین لە ١٩١٨/٣/٣.

+/ قەندیل بەغدای هەژاند» نووسینی ڕێباز

شاسۆ: هەڵۆی نێر

تەوار:هەڵۆی مێ

بە قەندیلدا هاتین: ناونیشانی کتێبی (قادر شکاک)ە کۆمەڵێ وتارە.

سەرچاوەکان:

١. زانیاری لە ئەکاونتی قادر شکاک.
٢. جوگرافیای مێژووی عەشیرەتی شکاک.
٣. پەند و قسەی نەستەق.
٤. دیلانە و مۆزیک.
٥. مێژوو-کەمال مەزهەر.
٦. مێژووی کورد و هاوسێکانی-جەلالی ئەمین بەگ.
٧. ئەندێشە و ڕەفتار.
٨. گوڵبژێرێک لە وتەی ناودارانی دونیا.
٩. مێژووی کۆیە-تایەر ئەحمەد حەوێزی.
١٠.دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.
١١.کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ-مەسعوود محەمەد


کۆیە/ گوندی هەرمۆتە

## ٩
## هەرمۆتە و ڕۆحی پیرۆز

مێژووی جیهان بریتییە لە ژیاننامەی کەسە دەگمەن و مەزنەکان، ژیانی هەموو مرۆڤێک چیرۆکێکە خودا دەینووسێت و نیشاندەدا نموونەکان، هەموو مرۆڤێک دڵی هەیە بەڵام هەموو مرۆڤێک ویژدانی نییە، یەکێک لە وەچەی خوا بێت بایەخ نادا بە زێڕ و پارە و مەیلی سامانی نییە، سروشت هونەری یەزدانە، نوێنەری (خوا) ویژدانە، باوەڕبوون بە خوا بە ئاسمان دەتبەستێتەوە کەمەند و کۆتە، باشترین شوێن بۆ دۆزینەوەی (خوا) لێی بگەڕێی ناخی خۆتە، خوا لە دەروازەیەکی تایبەت و رووناکیێکەوە، دێتە ناو دەروونی هەر تاکێکەوە، باوەڕ بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە لەناو دەروونداا، بەهێز دەبێ لە تاقیکردنەوە و ئەزموونداا، ئەوەی بەدەم خواکانەوە دەیڵێین ئەفسانەیە، (گۆڕ) گەواهە و دوا لانەیە، دەریا فرمێسکی خوایە کە گریاوە، ئاسمان بێ ئەستوون راوەستاوە، ئەوەی دەردی مرۆڤایەتی دەکا چارەسەر، پەیوەست و پێویست بوونە بە باوەڕ، کردارێکی ئەفسوونناوییە نوێژ، دەردی دەروون دەکا سارێژ، هەموو ئایینێک نایاب و پیرۆزە، تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە (دین) ئاڵۆزە، (ماکس مولر) لە قسەوباسێ، دەڵێ دیندار نییە ئەو کەسەی یەک دین بناسێ، جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام ئایینی ئاسمانین، نێردراو و پەیامی

یەزدانین، لە دوای یەهوودی و زەردەشتی و بوودایی، چوارەم ڕیزبەندە دینی عیسایی، ئیسلام کۆتا ئایینی ئاسمانییە، دوایین پێغەمبەر محمەد (د.خ) پێغمبەری دیکەی لەدوا نییە، حەزرەتی مریەم بێ مێرد لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆز سکی پڕ بوو، حەزرەتی مەسیح لەدایک بوو گەوهەر و جەوهەری هونەر پێغەمبەر و کوڕ بوو، حەزرەتی مریەم، تاک و یەکەم ئافرەتە، ناوی لە قورئانی پیرۆز هاتبێ کە لەناو دەقی ئایەتە، حەزرەتی عیسای کوڕی مریەم پێغەمبەری موژدە بەڵێندراوە، لە شاری (جەلیل) نزیک (ئۆرشەلیم) لەدایک بووە و سەری هەڵداوە، (ئینجیل) کتێبی فەرمیی ئایینی مەسیحییە بە زمانی عیبری نووسراوە، مەسیحییەکان بڕوایان وایە، حەزرەتی عیسا کوڕی خوایە، لەلایەن خواوە نێردراوە، ڕزگاریی مرۆڤایەتیی پێ سپێردراوە، کوێری و گەڕی و کپداگەڕانی چا کردۆتەوە، (سام) دەکاتە کوڕی حەزرەتی نووح مردووە و زیندووی کردۆتەوە، خوا وێنەی حەزرەتی عیسای لەسەر ڕوخساری (شەمعوون ئەسخەریووت) کێشا، لاشەی حەزرەتی عیسای بۆ ئاسمان هەڵکێشا. موسڵمان هەیە لەدڵیەتی، ئاهوحەسرەتی ژێر گڵیەتی، بۆ حەزرەتی مەسیح بۆ ئاسمان هەڵکێشراوە، دوا پێغەمبەر (محەمەد) د.خ لە زەوی لەژێر خاک نێژراوە، شێخ رەزای تاڵەبانی، ئەو بابەتەی باس کردووە بە جوانی، لە شیعرێکی پڕمانا و نایاب:

**مسیح بر فلک و شاه انبیا بـــــتراب**
**دلم ز آتش این غصه بسکه بود کبـاب**
**سؤال کردم ازین ماجرا ز پیر خـــــرد**
**چو غنچه لب بسخن برگشود داد جواب**
**که قدر هردو بمیزان قـــدر سنـجیدند**
**که چون گرانتر ازو بود درهمه أبـواب**
**نشست کفه میزان مصطفی بـــزمین**
**بآسمان چهـــارم مسیح شد بشتاب(١)**

***




لە هەرمۆتەی دیانان، لە ناوجەرگەی موسڵمانان، دیانەکانی هەرمۆتە و کۆیە بە شێوە کلدانین،بە زمانی ئاخاوتن سریانین، هەرمۆتە شارێکی گەورە و کۆن و مێژوویی بووە لە سەردەمی ساسانییەکان، لە نێوان (هەرمۆتە و تۆبزاوا و شیلە) پڕە لە ئاساری کەنیسەی کلدانییەکان، گوندی (بۆگدو کلێسە) بە ئایین دیان بوون، کلێسە لە کەنیسەوە هاتووە دوایی موسڵمان بوون، هەرمۆتە ناوێکی ئارامییە بەمانای (خاکی مردن) دێت، یان واتە هەنار، سەیرانگایەکی خۆش و بەهەشتی کۆیە بوو بە زەیتوون و باخ و گوڵزار و جۆبار.

عەبدولکەریم ئەلیاس پۆڵس ناسراو بە کەریم ئەلەکە، هەرمۆتەیی بوو لەبنەرەت و ڕەچەڵەکا، خێرەومەند و چاکەخواز، کەسایەتی بەرز و سەرفراز، لە ١٩٢٢/١٠/١٠ کە شێخ مەحموودی نەمر مەلیکی کوردستان بوو، کەریم ئەلەکە لە کابینەی حکوومەتی کوردستان وەزیری دارایی و تاکەدیان بوو، مووچەی وەزیری وەرنەدەگرت، خۆبەخشانە کاری دەکرد، پوولی پۆستەی داهێنا، لەسەر بەرهەمی تووتن گومرگی دانا، یەکەم بازرگانە کەللەشەکری قەندی لە بەغداوە، بۆ شاری سلێمانی هێناوە، سەرچاوەی دەرامەتی بووژاندۆتەوە، برسی و نەبوونیی ڕەواندۆتەوە، لە سەفەربەرلک و ساڵی گرانی، بێ بەرامبەر دابەشی کردووە خواردن و جلوبەرگی کڕیوە بۆ هەژاران، خەرجی دابین کردووە بۆ خوێندکاران، لەو زەمان و دەوروفەلەکە، دەیتوانی دەوڵەمەندتر بێ پارە زیاتر بکا کەڵەکە، بەڵام ئەوەی نەکرد کەریم ئەلەکە، دیان بوو، دڵفراوان بوو، پێداویستییە سەرەکییەکانی بۆ هەندێ مزگەوتی سلێمانی دابین

کردبوو، لە کارێزەکەی خۆیەوە ئاوی بۆ مزگەوتی (تەکیە ڕووتە و حاجی شێخ ئەمین و هەمزاغا و شێخ محەمەدی بەرزنجی) بردبوو، بۆ کۆنگرەی ئاشتیی پاریس لەجیاتی سەرجەم مەسیحییەکانی کوردستان واژۆی لەسەر پشتگیریکردنی پرسی ڕەوای کورد کردبوو، هەستی کوردانە و دەستی مەردانە و گیانی هیمدادانەی دەربڕیوە، خوێندەوار زمانی سریانی و کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزیی زانیوە، کاتێ شێخ مەحموودی نەمر لێی قەوماوە دوورخراوەتەوە بۆ هیندستان، شێخ لە شەڕ و شۆرش و بەرگری و خەبات کۆڵی نەداوە بێ وەستان، ماڵی لە سلێما بێ بەرامبەر هەمووی بۆ بردۆتەوە، چاکە و پیاوەتیی هەبووە لەسەر شێخ، هەمیشە بەخشندەیی نواندووە بێ دریغ، خێرخواز و ئاشتیخواز و ئازادیخواز، کارساز و نیازپاک و سینەواز، لە مێژوودا دەگمەنە، فریادرەس و مەلەکە، دیانێکی هەرمۆتەیی وەک کەریم ئەلەکە، بیری بازرگانیی بەهێز بوو، نەخشەی وای کێشاوە، رزوقوڵڵای برای لە (پردێ) داناوە، فرەنسیسی برای لە بەغدا پێستە و جاو و شتومەکی بۆ رەوانە کراوە، رەحیمی برای لە سلێمانی کاروباری بازرگانیی بەڕێوە بردووە، لەبەردەست کەریم ئەلەکە بووە و سەرپەرشتیی کردووە، هەرچەند میراتی زۆریان لە باوکە دەوڵەمەندەکەوە بۆ بەجێمابوو، لەراستیدا لە هەرمۆتەوە بۆ بازرگانی و کاسپی ڕوویان لە سلێمانی نابوو، (قانع) شاعیری چەوساوەکان، دێڕێکی هەیە لەناو هۆنراوەکان، دەیزانی بۆ خەڵک بەکەڵکە:

**پیاوەتیت ناکەم نەڵێی مەلەکە**

**ئەبمە کاربەدەست کەریم ئەلەکە**

کەریم ئەلەکە ساڵی ١٩٢٣ شاری سلێمانی بە ئێجگاری بەجێ هێشتووە، بەرەو کەرکووک پاشان بەرەو بەغدا ڕۆیشتووە، لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨، پەپوولەی ڕۆحی فڕی بۆ بەهەشت، لە گۆڕستانی (کاسۆلیک) لە بەغدا نێژراوە، فەرموودەی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی تەواوە، ئەوی باقی بمێنێ هەرناوە.

***

زەمانی بەعس کوردایەتی ئەستێرەیەکی نەبوو لە حەفت ئاسمانان، کەچی (دیانێک) لە وەچەی حەزرەتی مەسیح هەڵکەوت لەناو موسڵمانان، هەروەک حەزرەتی مەسیح بانگەوازی دەکرد لە (ئۆرشەلیم)، لە کۆیە و هەولێر و هەرمۆتەش ئەوها مامۆستا سەلیم، جاڕی جۆشدانەوەی ڕێکخستنی شۆرشگێڕانەی دا وەک هەنگ، هەنگ چەند زۆرتربێ هێشتا گوڵ زیاترە لە دیمەن و سروشتی ڕەنگاوڕەنگ، مامۆستا سەلیم حەنا، وەستاکارانە وەک بەننا، بەردی بناغەی ڕێکخستنی دانا، لە دۆزەخ بژی بە سەربەستی، نەک لە بەهەشت بی بە ژێردەستی، زانای مەزن ئەفلاتوون، ئەو پەندەی گەر بنووسرێتەوە بە ئاڵتوون، ئەگەر ئازادی لە ئاسمان بباریێ، کۆیلەکان چەتر هەڵدەدەن ئازادییان ناوێ بەهیچ باریێ، سنووری نێوان مرۆڤ و گیاندار ئازادییە، وازهێنان لە ئازادی ژێردەستی و دیلی و بێدادییە، لەو ڕۆژگارە سەختە، لە دژوارترین وەختا، هەرمۆتە تەنرابوو بە پۆستاڵی بەعس و تەلبەندی دڕکەزی و سیم، بە جلکی کوردی و جەمەدانییەوە دەرسی دەوتەوە مامۆستا سەلیم، سروودی نیشتمانیی فێر دەکردن، بە قوتابییەکانی دەگوت ئێوە مەرد و کوردن، تەونی ڕێکخستنی هەڵدەچنی، بێباک دەگەڕا بە گوڵەوەچنی، بە ئینجیل و تەورات و کەلامی قەدیم، بە دەگمەن هەڵدەکەوێ وەک مامۆستا سەلیم، وەک دار زەیتوون و درەختی سنەوبەر، هەمیشە سەوز و بەبەر و سێبەر، (سەلیم حەنا کەریم ئیسحاق) لە لۆگۆیەکەی (ی.ن.ک) بۆتە پەڕەی گوڵەمێلاق، رژێمی بەعس بە سیاسەتی زوڵم ومەرگ و سێدارە، کوتەک و چەکوشی بەکار دەهێنا وای دەزانی خەڵک بزمارە، هەرچەند قەفەس تەنگ و تەسکتر بێ ئازادی شیرینترە، مرۆڤی باوەڕپۆڵایین لە هەموو کانزایەک بەتینترە، لە (هەرمۆتە) لە ١٩٨٦/١١/٢٣ لەگەڵ سەباحی برای گیرا، هەواڵیان لێ درابوو دەنا بەعس ئەوانی نەدەهات بەبیرا، دارێک بە هەزاران دەنکە شقارتە بە بەرهەم دێنێ، یەک دەنکە شقارتەش دارستانێک دەسووتێنێ، مامۆستا سەلیم، نەبوو تەسلیم، لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی زیندان، خۆی ڕاگرت بەرامبەر جەلادان، یەک وشە و هەڤاڵی ڕێکخستنی نهێنیی نەدرکاند، خائین و ڕووڕەش بە شاهید لەسەریان سەپاند، باوەڕکردن بە هەمووکەس مەترسیدارە، بەڵام

باوەڕنەکردن بەکەس مەترسیدارتر و دژوارە، هاوڕێی بەوەفا دەرمانی دەردی ژیانە، بۆت دەردەکەوێ لە کاتی تەنگانە، هیچ ڕێگایەک درێژ نییە، لەگەڵ هاوڕێی ڕاست و پڕتەونوور، برادەرێکی نزیک باشترە لە برایەکی دوور، سەباحی برای برا بوو، لەناو ڕێکخستنی شۆرشگێراندا بوو، دڕندانە ئازار درا، بەندکردنی هەتا هەتایەی بەسەردا سەپێندرا، نۆ ساڵ و حەوت مانگ زیندانی سیاسی بوو، بە لێبووردنی گشتی ئازاد کرا، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە نەپچڕابوو، لەسەر باوەڕی شۆرشگێرانەی خۆی مابوو، ناوی نهێنی و حزبیی ڕۆستەم بوو، بەڕاستی ڕۆستەم بوو، دژ بە چەوسانەوە و ستەم بوو، کەمکەس وای دەناسی، وەک تێکۆشەرێکی دێرین و زیندانیی سیاسی، خۆی هەڵنەدەکێشا و نەیدەکرد باسی، ژیا بێپاداشت و بە قوربەسەری و کەساسی، سوودمەند نەبوو زۆری کرد بۆ کورد، تا لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/٦) کۆچی دوایی کرد، لە هەرمۆتە نێژرا، لەبەر دەردی (کۆرۆنا) پرسەی بۆ دانەنرا، بە ڕەشپۆشی و خامۆشی نێژرا لەپەنا برا شەهیدەکەی مامۆستا سەلیم حەنا!، چوار کوڕ و سێ کچی بەجێ هێشت، لە ژیانی پڕشانازیی خۆیدا دووری و ئازار و بەندیی چێشت، بە مەبەست و مانا، ناوی لە منداڵەکانی دەنا، (سەرکەوت، سەرکیس، زانکۆ، زانست، بەهار، پەروین، بەندە) لە سەروبەندی بەندکرانیدا پاشەبەرەی ناولێنا بەندە، سەلماندی (سەرکەوت) بەندییش بێ بە بڕواوە پابەندە، هەردوو برا بە جووتە، بوون بە مۆم لە هەرمۆتە، دەسووتێن و دادەگیرسێن بۆ ڕووناکی، لە جەژن و بۆنە و یادی شادی و غەمناکی، ڕێکخستنە نهێنییەکان و تێکۆشەر و پێشمەرگە و شەهیدە دیانەکان، هێمای ئازادییان بەخشی و ڕەوایەتییان دا بە کوردایەتی و بوونە نموونە جوانەکان! ڕۆحی شیرینایەتی و گەزۆی زەیتوون(٤) بوون، لە شیرینی شۆڕش و خەباتیان نەخوارد و (ون) بوون!! سۆران عەنکاوەیی و سولاقە، شەهیدکرانیان ناهەقی و مەراقە، مامۆستا سەلیم، ئەمین و سەلیم، نازناوی حزبی و نهێنیی (هەڵۆ) بوو، ئۆباڵی ڕێکخستنی لە ئەستۆ بوو، هەڵۆی بەرزەفڕ و باڵندە، لەو شوێنە هەڵدەنیشێ کە بڵندە، لێپرسراوی ناوچەی (یەکێتیی شۆرشگێرانی کوردستان) بوو، لەناو ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) تاکە

لێپرسراوی کلدانی و دیان بوو، ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شاری یەکیەک دەناسی، لەژێر توندترین ئەشکەنجەی بەعس نەیکرد باسی، رووحـی دەیـان تێکۆشەری لەبەردەستدا بوو، کەسی تووش نەکرد، هێند مەرد و ئازا بوو، بەعس لێی بووە گرێ و مەراق،، چۆن سەلیم حەنا کەریم ئیسحاق، وەک کلدانی و دیانێک، لە ڕێکخستنی ناوەخۆ بۆتە شوانێک، سـەری دانـا، سرِی نـەدا، گیانی خۆی کرد فیدا، فەرمانی لەسێدارەدانی درا، لە ١٩٨٧/١٢/٢٠ شەهید کرا، حەزرەتی مەسیح و مامۆستا سەلیم، دراون لە خێ و ئەلف و چیم(٢)، حەزرەتی مەسیح دیسان چوارمێخەی دەکێشرێتەوە، لە هۆدەی ئاشۆ ڕۆحی پیرۆزیان بۆ ئاسمان هەڵدەکێشرێتەوە، مامۆستا سەلیم حەنا، مەرد بوو لە مردنا، بەرەو پیری مەرگ چوو بەپێوە، بەدەم دروشمی شۆرشگێڕانە و مەقامی سێوە، زەرد هەڵنەگەڕا، شین و مۆر نەبۆوە، کەسک بوو بەخوێن و شێوە، مامۆستا سەلیم حەنا کەریم ئیسحاق، لە دەروازەی هەرمۆتە بۆتە قوبە و تاق، هێمای کەنیسە بەرزیی خاچە، وێنەی بەستراوی دەست و قاچە، سێ کوڕ و کچێکی لەپاش بەجێمان، بوونەتە نیشانە و هێما، بەڵگەن ناوەکان ناوازەن لەناو ناوان (کوردۆ-د. نەهرۆ-هەڵۆ-بێ تاوان) مامۆستا سەلیم حەنا، ئەدەبدۆست بوو شیعری دادەنا، لەژێر کاریگەریی شیعرەکانی هێمن بوو، دەفتەرە شیعرەکەیان شاردەوە هەتا ون بوو، تا دواهەناسە هەر ما لەخەتا، هەتا ملی کرا بەپەتا، پێش ئەوەی تەرمەکەی بێتەوە لەناو تابووت، دواجار بەخزم و هاوڕێکانی گووت: (خۆزگەم بەخۆتان دەچنەوە هەرمۆتە و کۆیە)، وتەکەی نامۆیە، ئاگر و بۆنسۆیە، هەرمۆتە و دیانەکان کۆیەیان جوانتر کردووە، هێمای ئاشتی و پێکەوەژیان و سیاسەت و زانست و ئەدەب و هونەریان بەرەوپێش بردووە، ئەستێرەیان گەشە بە هونەرمەند و کەسایەتی، قوربانییان داوە لە ڕێی خەبات و کوردایەتی، (هەرمۆتە گوندێکی بچووکە، بەڵام کەسایەتیی گەورەی لێ لە دایک دەبێ) لە رووحی پیرۆزی حەزرەتی مەسیح و کەشکەلانی ئاسمان هەرنزیک دەبێ


کەریم عەلەکە


مامۆستا سەلیم


مامۆستا سەباح برای شەهید مامۆستا سەلیم

سەرچاوەکان:

١. دیداری یادێک لە کەریمی ئەلەکە (ژیان و کەسێتیی عەبدولکەریمی عەلەکە) لە نووسینی (دکتۆر ئامانج حەسەن ئەحمەد).

٢. ئایینە دێرینەکانی کوردستان (کاردۆ مەهدی).

٣. ئینجیلی پیرۆز.

٤. مێژووی هەرمۆتە، د. هاوژین سلێوە.

٥. دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی.

٦. پەند و وتەی نەستەق.

٧. کورتەیەک لە مێژووی ئۆلەکانی جیهان-وەرگێڕ:ناسر رەزازی.

٨. دیوانی قانع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان- بورهان قانع)

واتای شیعرە فارسییەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:

(١)مەسیح لە ئاسمان و شای ئەنبیا بە ژێر گڵدا بێ،

دڵم لە داخی ئەم خەفەتە بەجارێ بووە کەباب

لەبارەی ئەم ڕووداوەوە لە پیری خاوەن وێڵم پرسی،

وەک خونچە لێوی بۆ قسە کردەوە و وەڵامی دامەوە و وتی:

سەنگی هەردووکیانیان خستە تای ترازووەوە

جا چونکە شای پێغەمبەران لە هەموو ڕوویەکەوە لەو قورستر بوو،

تای تەرازووەکەی ئەم نیشتە زەوی و

مەسیحیش بەپەلە سەرکەوت بۆ ئاسمانی چوارەم

(٢)خێ و ئەلف و چیم واتە: (خاچ)

(٣) هۆدەی ئاشۆ: بیت المقدس

(٤)گەزۆی زەیتوون: لە هەرمۆتە لەداری زەیتوون بەرهەم دێت بەڕەنگ و بەتام وەکوو شەکری سپییە! بە دیاری لە هەرمۆتە بۆم هاتووە و خواردوومە!!.

## ١٠

## ((ئاگر جێگەشی نزم بێ بڵێسەی بۆ سەرەوە دەچێ))

بە پانایی مێژوو یەک لە هۆکارەکانی ڕووخانی میرنشینەکانی کورد، ناتەبایی و ناکۆکیی ناخۆیی بووە و لەڕقی یەکتر بۆ بێگانە بوونەتە پرد، بوون بە دەستکێشی بێگانە و شەڕی خۆکوژییان کردووە، بە دەستی خۆیان بە چەقۆی خۆیان، خۆیان لەناو بردووە، سەربڕین خەتای چەقۆ نییە، کورد کە نەبۆتە دەوڵەت بێهۆ نییە، سەرکردە و دەسەڵاتدارانی کورد بە ویستی دەسەڵاتی تاکڕەوی خۆسەپێنەر بوون، بۆ بێگانە چەماونەتەوە کەچی لەگەڵ یەک نەسەلمێنەر بوون، قەت سنوور و دەسەڵاتیان جێگیر و دامەزراو نەبووە، بە پانایی مێژوو سنووریان دیاریکراو نەبووە، بەپێی گۆڕانکاری و ڕۆژگار، پێگەی جوگرافی و سنووریان کراوە دیار، بەگژ یەکدا چوون، هەتا تێدا چوون!!، شیعری حەزرەتی حاجی قادری کۆیی دەکەوتە بەریاد:

**تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد**

**هەروا دەبنە خەرابە ئاباد**

***

بابانەکان (١٦٦٩-١٨٥١ز) ١٨٢سـاڵ زیاتر دەسـەڵاتدار و حوکمڕان بوون، پاشای شاری سلێمانی و شارباژێر و شارەزوور و کۆیە و بەدرەوجەسان بوون، تا جەبەل حەمرین، بە پردێ و خانەقین، مێژوونووس و شاعیر (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) مێژووی دوا میری بابانەکانی باس کردووە بەڕوونی و ڕەوانی، کە خۆی کۆڤانی ئەو زەمان بوو:

**لــەبیرم دێ ســـلێمانی کــە دارولموڵکی بــابــان بوو**
**نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**
**لەبەر قاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید**
**مــەتافی کـــەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو**
**لــەبــەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا**
**ســـەدای مۆزیقەوو نــەققارە تا ئــەیوانی کەیوان بوو**
**درێخ بۆ ئـــەو زەمانە، ئـــەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە**
**کـــە مەیدانی جریدبازی لـــە دەوری کـانیئاسکان بوو**

***

**عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما**
**(سەڵاحەددین) کە دونیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو**

***

**کە(عبداڵله پاشا) لەشکری والیی سنەی شڕ کرد**
**(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تفلی دەبستان بوو**

میر عـەبدول رەحـمـان پاشـای بـابـان، لـەژێر قـەڵـەمڕەوی بـووە، کۆیـە و سماقووڵیەکان و دۆڵی ئەسحابان، سەرۆکێ بۆ گەل، شوانە بۆ مێگەل، لە ساڵی ١٧٩٥ی زایینی، لە پێناوی زانست و پێشکەوتنی ئایینی، لە کۆیە کۆی کردوونەوە کەسایەتی و مەلای ئایینی و ئەشراف و ئەربابان، پرسیاری شەرعیی کردووە، میر عەبدول رەحمان پاشای بابان، لەناو هەموو حەشاماتا، لەو مەیدانە کە بۆتە

موجەللی، بەرەو سەرەوە چووە بلێسەی ئاگری مەلا عەبدول رەحمانی کاکی جەلی، پاشای بابان پێی سەرسام بووە زیرەکی و شایستەیی لێ بینیوە، مزگەوتی مەلا ئەسعەدی لە کۆیە بۆ کردۆتەوە و چنارۆک و قەسرۆک و پیبازۆک و گەلی گولانی پێ بەخشیوە، ئەو بنەماڵەیە گەورە و پڕشکۆیە، لەو ڕۆژمێژووەوە لە گوندی (جەلی)یەوە هاتوونەتە کۆیە، بەناوبانگ بوون بە کاکی جەلی و جەلیزادە، کۆی ئەستێرەن لە بریسکەی سوورەییادا، کوردستانی گرتەوە بنەماڵەی جەلی! بلێسەی ئاگریان بەهوولەڵی! لە ئاگردانی گەشاوەی بنەماڵەی مەزنی جەلیزادان، لە زانست و ئەدەب و ئایین و مێژوو دەکەونە بەریادان، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، بە مەزنایەتیی خۆی بە شکۆیی، پێی وایە بنەماڵەی جەلیزادە، ئەساسی عیلمیان داناوە لە بونیادا، بەبیری وردی، بە زمانی کوردی:

**خسووسەن ئاستانەی ئەرجومەندی**

**جەلی زادێکە (عەبدوڵلا) ئەفەندی**

**چ عەبدوڵلا عوبەیدوڵلای ئەحرار**

**موسغغەر بەندەییێکە زەڕ خڕیدار**

**زەکاوەت کانییێکە تۆی دەراوی**

**خەتی ئیقراری نووسیوە زەهاوی**

**مەلاییێکی فەقێیانە ویقارت**

**بەیانت (ئاوەگردە) ئیقتدارت**

***

**بــە غــەیری جەددی ئێوە کێهە دانا**

**لە کوردستان ئەساسی عیلمی دانا**

***

هەر حەزرەتی حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکی دیکەش هاتۆتە گۆ:

**لە شەرق و غەربەوە تا قیتعەیی کۆ**

**لەبەر گۆچانی ئەمرت بێ وەکوو گۆ**

**چەند جار ناوی هێناون دووپات:**

**مەماتم حەیاتە» حەیاتم مەمات**

**کە لێم توند دەبێ ئەو دەمی ئیلتیفات**

**لەبی (نازەنین)ی بە خەتتی (جەلی)**

**لە (ئێران)ەوەی گرتووە تا هیرات**

لە جوملەی ماجەرای حەزرەتی حاجی قادری کۆیی لە نامەی شیعری ناردوویەتی بە نامۆیی و مەلوولی:

**(جەلی)مان نووسی ئەرقامی وسوولی**

**بە ئوممێدی قبووڵی بێ فزوولی**

شێخی شاعیران شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە شیعری داشۆرین و ستایش وەستاکارە بەلێزانی، شیعری شیرینی پڕ شیلەترە:

**حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە**

**باوجودی مەرتەبەی پێغەمبەری**

**ئەم بە سەد شەیتان لە کۆیە دەرنەچوو**

**ئەو بە شەیتانێک لە جەننەت دەرپەڕی**

***

حەلیمە سووری مەلا محەمەدی شێخ وەتمان، حەزلێکردەی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بووە بە ئاشکرا و ناپەنهان، ئەو عەشقە بێ خەوشە دەنگی داوەتەوە، بنەماڵەی هەردوولا پێیان زانیوە و شەرمیان لێ نەهاتۆتەوە و نەشاردراوەتەوە، بەدڵ یەکتریان خۆش ویستووە، بۆ یەک نەبوون و سەری نەگرتووە، عەشقی وا نەمر و پیرۆزە، گەرچی ئاڵۆزە، بەڵام پڕ سۆزە، حەلیمە شیعری بەسەردا هەڵداوە، نەترساوە لە بەڵا:

**ئەگەر ژەهراوە دەینۆشم شەرابی دەستی عەبدوڵڵا**

حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، ئەویش شەیدا و مەستی بووە بێ بادە، وشەی ئاگرینی بۆ هەڵبەستووە، بۆ خۆشەویستی وخۆشی:

**کە بێری هاتە ناو مێگەل سەراسەر قرمزی پۆشی**

**مەلا ئیدراکی چوو، شێخیش تەریق، عاریف نەما هۆشی**

**حەبیب» دیتی رەقیب وەستاوە چارۆگەی بەروودا دا**

**گوتم هەوری سیا هات شەعشەعەی خورشیدی داپۆشی**

حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە ژیانیدا پێنج ژنی هێناوە حلیمەی بۆ نەبووە ئەمما، هەتا مردنیش بە چاوی تەڕەوە دەستی لەسەر دڵ دادەنا و ئەو برینەی حەلیمەی لەناو دڵ هەرما! حەلیمە لە داخان کۆچی دوایی کردوە، ئەو عەشقەی بۆ ناو گڵ بردوە! حاجی مەلا عەبدوڵڵا شیعری نەکردۆتە پیشە، هەر خەریکی شەریعەت و وانەگوتنەوە بووە هەمیشە، لە جووڵانەوەی شیعری کوردی بناغەی داڕشتووە، هەنگاوی بۆ نوێبوونەوە و تازەگەری هاویشتووە، کەس بوختانی بۆ هەڵنابەستی، دیارە بەڵگە و هەڵبەستی:

**با بکەم تەبدیلی نەزم و قافیە و ڕەوییە و عەرووز**

**بەم زوبانە هیچی تر شیعرم لە بۆ هەڵناستی**

**بیکەمە کوردی زوبانی خۆمە چاکی تێدەگەم**

**خوایە تۆفیقم بدەی (من بندە تو مولاستی)**

**کاکی جەلی، شانازیی بەخۆیەوە کردووە کە داهێنەرە:**

**دەفتەری ئەهلی هونەر بگرن ئەگەر لەم عەسرەدا**

**ماڵی بێ ئیقبال نەبێ وەڵڵا (جەلی) سەردەفتەرە**

مەولوودنامە کوردییەکەی حاجی مەلا عەبدوڵڵا، بە ئارایشتی سروشتی کوردانە پڕە لە نێرگس و شەهلا، داهێنانی پەخشانی کوردییە، گەرچی وەرگێڕانە بەڵام خۆکردییە! بە دەق و شێوازێکی خۆش و پڕلەجۆش و کە لە مەولوودان

دەیانگووتن:

گوڵی بەهەشتیّ پشکووتن، نەسیمی بەهەشتیّ ئەنگووتن، غونچە دەمی کراوە، کانیی وشک ژیاوە، تەیر هاتنە خرۆش، جۆگە و جۆبار هاتنە جۆش، حۆرییان خۆیان بۆن خۆش کرد، والیدان شەرابەن تەهوورەیان نۆش کرد، بولبول مەست بوون لەسەر چڵان، نەسیم وەربوون بەناو گوڵان، گڵووک سوور بوون، گیا پڕنوور بوون، گوڵ گەش بوو، وەنەوشە ڕەش بوو، نێرگز پشکووت لالە بزووت، درەخت هاتە بەر، میوەی کەوتە دەر،... ...

***


شاری کۆیە فێرگەی خوێندن و داری عیلم بوو ئەویّ ڕۆژیّ بەو ڕادە، بەهۆی بنەماڵەی جەلیزادان و ڕەئیسی عولەما بوو حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، هێندە دەستنووس و ئەرشیف و کتابیان خۆش ویستووە، بە گیان و دڵ بە شمشێری ڕووت کتێخانەیان پاراستووە، مفتیی زەهاوی سینگ و مێشکی کراوە و کاکڵ بوو، لە ئاست حاجی مەلا عەبدوڵڵا گوێی خێڵ بوو، لە مەکە بووین هەندیّ مەلای عەرەب لۆمەی کوردان دەکەن بەبیّ تامی و بەرباد، کتێبیان لەسەر کوردان داناوە (ارشاد العباد، في ذمة الاكراد) حاجی مەلا عەبدوڵڵا بە مەلا عەرەبەکان دەڵیّ لە مەراقا، ئەوەندەتان بەسە خوا دەفەرمووێ (الاعراب اشد كفرا و نفاقا)!، ئەو زاتە مەزنە ساڵی (١٩٠٨)، پەپوولەی گیانی دەفڕیّ بۆ بەهەشت.




ئارامگەی ئیقلیمە مەلای گەورە




ئارامگەی مەلا عەبدولڕەحمان




**ئارامگەی مەلای گەورە**




١) زەینەب : مێردی بە کوڕێکی مەلای مەلا محمودی لۆتەرگویی کردووە

٢) سەعدە : مێردی بە محەمەدی عبدالکریم کردووە و عەلی ئاغا و روقیاخانی لێ بووە

٣) حەبیبە : مێردی بە عبداللەی عبدالکریم کردووە و حسێن هۆزار و مصطفی الدین لێ بووە.

٤) محمد بهاءالدین ، باوکی ئێمە و گەورەی (کاکە باو) یا کەوکەب (کەوکەس) ی کچی مەلا حەبیبی ئامۆزای خۆی هێناوە بەڵام بە گەنجی دەمرێ.


٥) یا ئامینە : مێردی بە مەلا نەشئەتی کوڕی مەلا حەبیبە کردووە.


٦) فاطمة (عزا لنساء) : لەگەڵ یا ئامینە خوشکی کاکە باو بوون (لە دایک و باوک) مێردی نەکردووە لە ساڵی ١٢٨٩ هـ بووە لە ١٣٠٤ هـ مردووە.


٧) مەلا محمدی مەلا عبدالله (مەلای گەورە) لە عائیشە خانی کچی حاجی بەکراغا بووە . ئەم عائیشە خانە پێشتر ژنی (عبدالکریم کوڕی مستەفا غا) بووە (محەمەدی عبدالکریم) و (عبداللەی عبدالکریم)ی لێ بووە و عبدالکریم بە گەنجی دەمرێ و عائیشە خانە دەدرێتە حاجی مەلا عبدالله واتە : دەچێتەوە جێی خوشکی و لە حاجی مەلا عبدالله تەنیا مەلای گەورەی دەبێ.


٨) شێخ نورالدین : لە خاتوو زەینەب (حەمدیە) ی کچی شێخ ... ١٨٨٥ بووە و لە ١٩٥٥ ی زاینی وەفاتی کردووە و بە ساڵی میلادی ٧٠ ساڵ ژیاوە.

٩) بەدیعە خانە لە خاتوو زەینەب و لە شێخ نورالدین گەورەتر بووە و دراوە بە حەمەی ئاغای ... و تەنیا جلال ئاغای لێ بووە.


نەسرین
جیهاد
جەلال
لطیفة
ناجیة
بەهیە
دڵشاد
نازەنین
ئازاد
دلێر
پیرۆز
رەعنا
نازدار


مەلا رەحمەت
ی کوڕی مەلا حەبیب
عمر
جهانگیر
نەزاهەت
بەفرین
راضیة
سعدیة
زکیة
مەلا عزیز کوڕی مەلا حەبیب
جمال
نهاد
بەهیة
بەیان
بوریان
بەفرین
ناجیة
نەسرین
لطفیة
قدریة
زبیدە






(٦)


(١٠) مەلیحە خان : یەکەم جار دراوە بە برایاغای ئەمین ئاغا و ڕەعبە خانی لێ بووە ولەم گوێشی دراوە بە سایب آغا سەلیاغا . دوای مردنی برایاغا دراوە بە عبدالفتاح آغای عەولاغا و (فاضل، حەلیمە، کاظم، عبدالخالق) ی لێ بووە .


(١١) عائیشە خان : مێردی بە شێخ ڕەشید کوڕی شێخ مەعرووفی خەڵەجە کردووە ولاسەعید و ڕەکیبی لێ بووە .


(١٢) سەکینە خان : مێردی بە شێخ طاهری کوڕی شێخ مەعرووفی خەڵەجە کردووە و جەلال و جەمال و کۆشنیە و ڕەفیعە و ئەبوبەکری لێ بووە .

تێبینی : ① شێخ نورەدین و ئەم چوار خوشکەی دوایی هەموویان لە خاتوو زینەب شێخ ذکریای بەرزنجی بوون
② یا ئامینە و یا نەجمە و کاکە باو ، لە یا (حەبیبە) ماڵی حاجی بەکراغای هەوێزی بوون .




صابر
عصمەت
واحد
ظاهر
وریا
جعفر
شیرین
سۆزان
خاوەر





عەبدول حەمید و عیفەت و حەسیبە لە کوڕ و کچی مەلای گەورەن، لەو درەختەی مامۆستا کەریم شارەزا کە نەخشەی بۆ کێشاوە نەنوسراون: عیفەت مێردی بە شێخ حەسەنی سەید گوڵی سەندۆڵان کردبوو ساڵی ١٩٥٤ کۆچی دوایی کرد و کچێکی هەبووە.



وێنەیەکی مێژویی کە ساڵی ١٩٣٠ گیراوە ناوەکان (عەبدولڕەحمان خدر، بەڕێوبەری ناحیەی تەقتەق، مەلای گەورە، ساڵح بەگی ساحێبقڕان، قائیمقامی کۆیە، ڕاوەستاوەکان منداڵەکە کوڕی قائیمقام، مەجید نورەدین، محەمەد خەلیفە)



زانکۆی کۆیە /ڕەهبەر سەید برایم ، د. عیزەدین مستەفا رەسول

١١

## د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ:
## ئیتر بۆ بنووسم؟

### چیتر نەینووسی

ئـەوەی بە پـەڕەی باڵندەیەک بنووسرێتەوە، بە هیچ شمشێر و تەورێک نابڕرێتەوە، ئەو وتە بەتینە، شیعری پۆشکینە، خودای مەزن کە قورئانی پیرۆزی نارد، باشترین وشە سوێندی بە پێنووس خوارد، پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسـووڵ، دەریایەکی پڕزانیاری و فراوان و قووڵ، ئەو گوتی قەڵەمم نەیگوت پێنووسم! لە دواگۆشـەی (ئەم کونجەش) نووسـی (ئیتر بۆ بنووسـم) کە چرۆ دەکات درەختی چواڵە، بووکی ڕازاوە و جوانی ساڵە، ئەو وەک زەمانی گەنجی و جوانی، هەر دەینووسـی و دەیخوێندەوە و بەپیرییش دەیتوانی، بەتوانا و پڕ، بەتینوگوڕ، تا دەستی گرت قەڵەمی نەشکا، ساغ بوو لە دەستوچاو و مێشکا، بیرتیژی و زیرەکی و خوێندنەوە و نووسین بەهرەی خۆڕسکی بوو، وانەبێژی و لێکۆڵینەوە و کتێب و قەڵەم و کاغەز هاوڕێی نزیکی بوون، وەخت و تەمەن بەشی نەدەکرد، لەناو کتێب و

پەڕەکاغەزان ژیانی بەسەر دەبرد، دەیخوێندەوە و دەینووسی و دەدوا، گەشبین و وردبین و پڕلەهیوا، دەیگوت نەمردووم ماوم، باشە چاوم، خوا پێداوم، بەو تەمەنە دەنووسم و دەخوێنمەوە، خوێندنەوە و نووسین چۆتە ناو دەماری خوێنمەوە، گەمەی منداڵانەی نەزانیوە، کەمتر کۆڵان و دەرێی دیوە، خولیا و خەیاڵی لەسەر کتێب و کاغەز هەڵچنیبوو، عەوداڵی کتێب بوو کونبەکون دەگەڕا روح و دینی بوو! (لە پەخشنامەی دیواری قوتابخانە دەستی پێکردووە، بە مەبەستی نووسین وای بۆچووە، هەمیشە نووسین دەربڕینی ئەندێشە و هەڵچوونی دەروون و ئەنجامی بیرکردنەوە بووە، مامۆستا ئەحمەد هەردی هانی داوە، مەدالیای (چیرۆک)ی لە یەخە داوە.

توانا و تێبینییە زانستییەکانی، بەڵگە و بۆچوونە ڕاستییەکانی، بەئاوەز و بەئەزموون، جیاواز لە بیروبۆچوون، وەک حەمەی مەلا کەریم دەفەرموێ (عیززی) لە نوێبوونەوەدا بوو هەرچوار وەرزی، گوڵاوی باخی گوڵان بوو، وشک نەدەبوو هەر لە هەڵقوڵان بوو، شێوەزارەکانی کوردیی دەزانی بە زمانێکی ڕەسەنی کوردی دەدوا و دەینووسی، شارەزا بوو لە زمانەکانی بێگانە هەروەک (تورکی و عەرەبی و فارسی و ڕووسی) زانینی زمانەکانی تر بە ڕوونوڕەوانی وجوانی و فراوانی لەزماندا، کلیلی کردنەوەی دەرگای هزر و هەست و دەروونی میللەتەکانی ترە لە جیهاندا، مرۆڤ تا زانیاریی زیاتر بێ پتر خەموخەفەت دەخوات، زیاتر هەست بە ئازار و پەژارە دەکات، شکۆمەندیی مرۆڤ لە ڕەنج و بەهاوە سەر هەڵدەدات، زانایی تێزابە، دەروونی مرۆڤ دەسووتێنێ، ئۆقرە ناگرێ ئارامی نامێنێ، خەفەتی دەخوارد بە ڕووداوی سیاسی و هەڵەی زمانەوانی، بە نووسین دەریدەخست دەچووە بنجوبنەوانی، بەپەرۆش و مشورخۆر و کۆڵەگەی زمانی ئەدەبیی کوردی بوو، هەڵەی زمانەوانیی ڕاست دەکردەوە بۆچوونی وردی هەبوو، پلە و ئاستی زانستییانەی پرۆفیسۆرییەکەی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەراورد ناکرێ لەگەڵ هەندێک بڕوانامەداری قەڵەمکول، پڕۆفیسۆر بوو پرۆفیسۆر،


د.عیزەدین مستەفا ڕەسول

لێزان و داهێنەر بوو لە بواری جۆراوجۆر، چیرۆکنووس، شاعیر، ڕۆژنامەوان، زمانەوان، توێژەر، نووسەر، ڕەخنەگر، وەرگێر، سیاسەتوان، خاوەنی بڕوانامەی (ناوک) بوو کە باڵاترین بڕوانامەیە لەوڵاتی ڕووسیا، هەر کانییەکی بەر تریفەی مانگەشەو نەبوو دەریا بوو دەریا، یەک لەبەردی بناغەی دەستەی دامەزرێنەرانی (یەکێتی نووسەرانی کورد بووە)، یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی بە قەڵەمی ئەو نووسراوە، هێند بە دەستوبرد بووە، سەرپەرشتیی زۆر نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرای کردووە، دەیان پێشەکیی نووسیوە، خەڵکی پێگەیاندووە و بەرەو پێشکەوتنی بردووە، درەختێکی ڕەگ قووڵی داچەسپاوی بەلقوپۆپی سەر ئەزمڕ بوو، فرە ڕەهەند لە بواری سیاسی و فکری و فەلسەفە و تەسەوف و ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوو پڕ بوو، دانەدەما و لێینەدەبڕا، زانیاریی وردی هەبوو، شانشینی عەرشی عەزیمی زمانی کوردی بوو، (خانی و گۆران)ی بەدوو لوتکەی ئەدەبی کوردی دەزانی و نموونەیان نابێتەوە، خانی بە فەیلەسووفێکی گەورە دادەنا و (مەم وزین)ی بە تێکەڵەی زمان نووسیوەتەوە، لە زۆرلاوە (خانی)ی بە فەیلەسووف داناوە بەتایبەتی لایەنی زمان، خانی خەڵکی بایەزیدە (مەم وزین)ی نووسیوە لە بۆتان!! لە کونجی حوجرەی فەقێیانەوە هەتا کۆشکی سوور، پساندی کۆت و زنجیر و شکاندی سنوور، ڕۆڵەی دارولمولکی بابان و دەرگەزێنی سلێمانی بوو، گەنجینەی گەوهەری جەوهەری گیانی مەلای جزیری و جگەرخوێن و ئەحمەدی خانی بوو!

پرۆفیسۆر کوردۆییڤ پێشنیازی کرد لەسەر (خانی) بنوسێ، توێژینەوە عەرەبییەکەی بکاتە زمانی ڕووسی.

ئاشنای رۆحی (خانی و گۆران) بوو، قەڵەمێکی گەورە و لە گەشەوگۆڕان بوو، کانیی پێ جوانتر بوو لە دەریای بێ سنوور، لە باخچەی سروشت گوڵی چنیوە لە نزیک و دوور، ماندوو نەدەبوو لە نووسین و خوێندنەوە و سەرنج و ڕامان، کتێب و کاغەز و قەڵەمی کردبووە کونجی قەناعەت و تامان، هەروەک چۆن هەنگ شیلەی گوڵ دەکاتە هەنگوین، ئەویش وابوو بۆ نووسینی جوان و رازاوە و ڕەنگین، شەوان چرای هەڵدەگرت، ڕووناکیی پەیدا دەکرد، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، ئەو پرۆفیسۆرە بیرتیژە بوو، کوڕی مەلا مستەفا سەفوەتی مەلا رەسووڵی دێلێژە بوو، لە دوو ئایدیای دژ بەیەک مارکسیزم و ئایینداری، ببووە گەنجینەیەکی بەهاداری پڕزایناری، شیووعیەتی بە لوتکەی باوەڕ و نیشتمانپەروەری دەزانی، جیاواز لە بیروڕا، نزیک بوو لە قاسملوو و تاڵەبانی و بارزانی، شیووعییەکی باوەڕنەگۆڕ لە مارکسیزم و مانیفێست شارەزا و نزیک، لە کوردایەتی و بەکردەوە پاسۆک و کاژیک، پاشەکشەی لە بیروباوەڕی نەکرد، نەتەوەیی نەبوو بەڵام کورد بوو کورد، لەگەڵ ئازاری گەل و چینە چەوساوەکان و سەرجەم مرۆڤایەتی بوو، کۆمۆنیست و ئاشنا بە بیری (لینین) لە بەرگی کوردایەتی بوو، پێی وابوو پێشەوا قازی محەمەد خوێندەوارترین سەرکردەی کوردە، زۆرترین زمانی بێگانەی زانیوە بەو پێوانە و بەراوردە، بەدیدەی ئەو (بەکر سدقی) کوردێکی تەواو رەسەن بووە، خەونی دەوڵەتی کوردی لە خوێن و بەدەن بووە، لە نووسینێکی بەڕوونی و ئاشکرا و ڕاشکاوی دەریخستووە (کوردی ئازربایجان) زۆر کۆنن، تەنانەت لەسەدەی دوانزەهەمدا بنەماڵەی (شەدادی)ی کورد حوکمڕانیی ئازربایجانیان کردووە، شاعیری وەک (نیزامیی گەنجەوییان پێگەیاندووە).

نووسینەکانی بایەخدار و مێژوویین وەک کەسایەتییەکی سیاسی، سەرچاوەی بڕواپێکراون و ئەکادیمین لە بواری کوردناسی! یاداشتەکانی پانۆرامایەکی

ڕەنگاڵەیی و ئەرخەوانی بوون، ئارشیفێکی دەوڵەمەند و موڵکی ئەرز و ئاسمانی بوون، شارە حەیاتەکە لە هونەری بیناسازی کە بەجوانی نەخشێندراوە، بە دیتنی ئەو (سلێمانی) لەسەر دەستی وەستا سنەییەکان بنیاتنراوە، بە لۆژیکی لێکدانەوەی، سۆشیالیستی لە یەکێتیی سۆڤیەت وەک ئەزموونێک ڕووخاوە، ئەگینا هزری مارکسیەت و بیری سۆشیالیستی هەرەسی نەهێناوە، د. عیزدین مستەفا رەسووڵ بەشیریست بوو، سەرسامی وتە و کیتابی ئوستادی حەقپەرست بوو، ئوستاد بەشیرمشیر، فەیلەسوف بوو عیندەلئیجاب شاعیر، یەکەم سکرتێری حزبی شیووعی (عاسم فلەییح) دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی هەڵگرتبوو، بەڕای د.عیزەدین ئەو دروشمەی لە ئەفسوون و فەلسەفەی بەشیرمشیر وەرگرتبوو، بەخۆشییەوە دەیگێڕایەوە (کورد کەوەرە چەند بیبڕی هەر دەردەچێتەوە) ئوستاد پێی وابوو نێوانی سۆڤیەت و چین (عیزەت) تێکی داوە و ئەو کێشەیان بۆ دەنێتەوە!!. لەگەڵ ئوستاد هەیانبوو بەزم و سەربوردە، هەر ئوستاد بەشیرمشیر فەرموویەتی (ئەو عێزەتە لۆرەنسی کوردە)، ماکو چبیر، ئیللا بەشیر، بە شیعری کامل ژیری شاعیر بێ:

**گەلێ ئازادی لەیاد و بیر بێ**

**خاوەنی ڕۆڵەی وەکوو بەشیر بێ**

**بەشیر مشیر بێ» کامیل و ژیر بێ**

**بۆ کوردستانی قەڵغانی شیر بێ**

**ئەو گەلە دەبێ بگا بە ئاوات**

**سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات**

کوڕە مەلا بوو، زانینی لەلا بوو، دەیگوت وشەی (مەلا) ڕەنگە لە (مەولاوە) هاتبێ، پێی وانەبوو (مەلای خەتێ) فەتوای وای بەدەمدا هاتبێ! فەتوای وای هەرگیز نەداوە، میری سۆران بەهۆی مەلای خەتێ نەڕووخاوە، گەورەترین فەیلەسووف (ویژدانە)! دەروون دادگای سزادانە، مەلای گەورەی کۆیە چەند بەتوانا ناسراوە،

ئەو بە فەیلەسووفی دانەناوە، سەرەتا لە حوجرەی مزگەوتی باوکی دەرسی دینی و قورئانی خوێندووە، یەکەم کتێبی مارکسییشی لە مەلا مستەفای سەفوەتی باوکی وەرگرتووە، سوودی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن وەرگرتووە بەجیا، هەر لە حوجرەی فەقێیان و قوتابخانەی غازی و خوێندنی لە بەغدا و شام و باکۆ و مۆسکۆ و سۆفیا.

(ئەم کونجەش) گۆشە و نامیلکەیەکی زانیاری و زمانەوانی بوو، پرۆفیسۆر لەو گۆمە قووڵە بناوی لێ دەدا و خەریکی مەلەوانی بوو، لە خێزانێکی ئایینی و سەربەتەریقەت و قوتب و خەتیب بوو، بە فەرموودەی دەخشەک (حب الوطن من الایمان)ی لەگەڵ سروودی (ئەی ڕەقیب) بوو، لە هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کورددا لە جمهوریەتی کوردستان، لەبەردەمی پێشەوا قازی و ئەو هەموو شێخ و مەلایە ڕازی بوون و وەستان، لە مهاباد سروودی (ئەی ڕەقیب) ناوبانگی دەرکرد و دەنگی دایەوە، (لە گفتوگۆی خۆشدڵی، دەمی وەتەن گەشایەوە).

سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە لە ڕۆژمێژووی ٢٠١٢/٦/٣٠ دکتۆرای فەخریی پێ بەخشی، بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد بەشاگەشکەیی وخۆشی، گوتی عومرم گەیی بەهەشتا، قەڵەمم بەکارە هێشتا! گەیشتە (٨٦) کتێب و بەرهەمەکانی، هێشتا مابوو ئاوات و خەون و خەمەکانی، کتێبەکانی زیاتر بوو لە تەمەنی، باخەوان بوو پڕ گوڵ بوو باخ و چەمەنی!! ٨٥ ساڵ ژیا، عاشقی وشەی کوردی بوو ئەشقیا، ئاوا بوو (شەمس و قەمەر، نوور و زیبا).

لە ٢٠٠٩/١٢/٥ لە هۆڵی زانکۆی کۆیە لە نامەی دکتۆرایەک، بەناونیشانی (ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی) سەرۆکی لیژنە بوو بەو شیکاری و وردییە، گوتبووی (سەباح ڕەنجدەر) ((گۆران)ی ئێستای شیعری هاوچەرخی کوردییە!!. د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لە پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانتار بوو لە یەکەمخول، نەیاری هەبوو بەڵام لەگەڵ نەیارەکانی بریتی بوو لە سۆزێکی ڕاستەقینە، لەدڵی نەدەما، ئەمما، لە مێشکی دەما، دوور دەکەوتەوە لە رق و کینە،

سپی بوو تووڕەبوونی، گەش بوو دڵ و دەروونی، ئەوەی دڵ ڕادەچەڵەکێنێ، مێشکیش دەهەژێنێ. لە دوایین گۆشەی ئەم کونجەش، بە گیانێکی کوردانە دوایین وشەی کرد پێشکەش، نووسیوەتی پێنج پارچەیە کوردستان، کوردی جەزیرەی رەچاو کردبوو لە کازاخستان، زانای گەورەی کیمیا کوردی کازاخستان (نادری نادرۆڤ) شانازیی دەکرد بە کورد وەک مرۆڤ، خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتبوو، بە خوێن و دڵ و گیان کورد بوو، بە کوردەکانی کازاخستان پێنج پارچەیە کوردستان، دوا وتەی دەربڕیوە بۆ خۆشەویستان و دۆستان، دەوڵەتی کوردی یەکگرتووی کورد بەڕێوەیە هەربژی کورد، هەربژی کوردستان.

**سەرچاوەکان:**


١- وتەی بەنرخ، نووسینی ئەزوەر ئەنوەر قادر.

٢- رۆڤار ژمارە ٧٨ د. عیزدین مستەفا رەسول، لە حوجرەی دیلێژەوە بۆ کۆشکی کرملن.

٣- گوڵەوەچنی زمانی کوردی، سەرپەرشتیار زیرەک کەمال.

٤- عەللامە، کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٠١١)٢٠١٩/١١/١٤.

٥- کوردستانی نوێ، ئەم کونجەش، ژمارە (٧٩٧٥) ٢٠١٩/١٠/٣.

ئەو ڕۆژەش کۆچی دوایی کرد دوایین گۆشە و نووسینی بوو بە ناونیشانی (ئیتر بۆ بنووسم)!!.

٦- یادەوەرییەکانم، د. عیزەدین مستەفا رەسول.

٧- گەنجینەی بەنرخ، وەرگێڕانی سیروان مەحمود.

٨- سیپارەی حەقپەرستی،١٩٣١.

٩- بلیمەت، کیتابی بەشیریزم، ئامادەکردنی سیروان رەحیم.

١٠-دیوانی نالی.
١١-مامۆستا و هاوڕێ، پ.د. هۆگری شێخ مەحمود.
١٢-سوارە شێخ سەعیدی شاکەلی، وتەیەک لە دەمی ئەو.
١٣-وتە سەنگینەکانم، د.کەمال مەعروف.
١٤-یانەی کوردایەتی یان قیبلەی ئامالی کورد.
١٥-ئەم کونجەش-د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ٢٠١٧.
١٦-دیوانی راجی ئەو دێرە شیعرە هی راجییە (لە گفتوگۆیی خۆشدڵی، دەمی وەتەن گەشایەوە).

**فەرهەنگۆک:**

دەخشەک:حدیث

حەقپەرست: ئوستاد لە سیپارەی حەقپەرستی ساڵی ١٩٣١ نووسیویەتی: حەقپەرست بشیرمشیر.




## ١٢
## (بابچینە گۆڕستان گوڵگەشتی جۆبار)

**(با بچینە کوێستان بۆ گەشتی ئەم ناوە**
**جوانیی جیهانی خوا بەم شوێنە داوە**
**لە چلەی هاوینا نەوبەهار ببینە**
**قەندیل مەندیلی هەر فڕێ نەداوە**
**تا چاو لێی دیارە چیمەن و گوڵزارە**
**پڕ جۆگە و کانی و ڕووباری بەفراوە**
**ئەم ناوچە جوانە شوێنی کۆچەرییانە**
**هۆبە بە هۆبە ڕەشماڵیان هەڵداوە**
**بلوێری شوانی لە بەرزی تەلانی**
**کیژ لەسەر کانی دێنێتە سەماوە)**

باران لە ئاسمان دەبارێ، فرمێسک لە چاو دێتە خوارێ، فرمێسک و ئاو دەبنە جۆبارێ، ڕووبارەکان دەڕژێنە دەریاوە، دەریا قەت پڕ نابێ بەو هەموو ئاوە، کۆی

جۆگەکان واتە جۆبار، جۆگەی شیعر و گۆرانی و ئاواز و نووسین و وتار، تێکەڵاو بە سیاسەت و کەسایەتی و خەبات هەروەک ڕووبار، جۆبار ڕووبارە، نابێتەوە دووبارە، بانگ و ڕەنگ و کەبارە، جۆگەی بەهرەی لە کوێستانی قەندیل و باواجی و هەیبەسوڵتان و کۆسار، بە دەشت و سروشتی کوردستان بەخوڕ هاتۆتە خوار:

**(لەپێشەوەی قەتار**

**دەڕۆی هەوار هەوار**

**بە مێرگ و مێرغوزار**

**بۆ بەهەشتی کوێستان**

**لەپێش کۆچ وکۆچبار)**

بەگوڵەوەچنی لە باخی شیعرەکانی، لە نووسین و کانیاوی بەهرەکانی، با بچینە گۆڕستان گوڵگەشتی جۆبار، بۆ گردی کەکۆن بۆ دوایین هەوار، خوا بەهرەی جوانی شیعری پێ دابوو، لە هۆبەی هونەر ڕەشماڵی هەڵدابوو، تاچاو لێی دیارە، شیعری جۆبارە، پڕ لە گۆرانی، بە شیعری جوانی، ئەو کۆیە جوانە، شوێن شاعیرانە، تارای بووکی بەفری کردە مەندیل، بۆ لوتکەی کوێستانی قەندیل، بلوێری سەرداری، لە بەرزیی کۆساری، دێنتێتە سەما مێرگ و گوڵزاری، چلەی ببینە، یادی غەمگینە.

ئەڵقەڕێز و گاز و بزمار بوو دوکانەکەی، بەڵام سێوی سەر لک و هەناری بن لک بوو دیوانەکەی، خوڕەی جۆباری شیعری لە شنەی هەیبەسوڵتانەکەی، لە شیعری زەمانەی چەرخی گەردوون، بە لێکدانەوە و ڕامان و بۆچوون، بۆ مەرگ و ژین ڕۆچۆتە ناخی هۆش و دەروون. شیعرێکی فەلسەفییە لە جوانیدا لێوانلێوە:

**(زەمانە چەرخی گەردوون چۆن دەسووڕێ سەیری کەن ئێوە**

**کە چەند دەور و دوکان تێکچوو بزربوو چەند هەزار شێوە**

**هەزار سوڵتانی خاوەنعیززەت و جاهو جەلال ڕۆیی**

**کە خاکی قەلبی ئەمڕۆ گەردەلوولی ڕووی کەژ و کێوە)**



**٢٠١٥/٢/١٠ کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە ، ڕێزلێنان لە مامۆستا جەلال جۆبار**

مرۆڤ چییە ڤایرۆسێکی ورد و نادیار پێی دەوێرێ، گەر ڕۆستەمی زاڵ و پاڵەوانی زەمان بی بگری گوێی شێرێ، ئەنجام چ سوود، با مرۆڤ بگاتە ئەوپەڕی هێز و پۆست و پارە و لوتکە:

**(مەنازە قەت بە ماڵ و گەنجی دونیا ئەی مرۆڤ چونکە**

**کە مردی لەم هەموو چشتە دووسێ گەز جاوەکەت پێوە)**

جۆبار هەر چەکوچ و کێلۆن و گاز و بزمار نەبوو سامانەکەی، باخی ئاواز و بەهرە بوو تامانەکەی، جگە لە ئارام و ئاراس و ئامانج و موژدە و کۆچەر و دیمەن و خەرمانەکەی!، هەر شیعرێکی کوڕێکە هەر گۆرانییەکی کچێکە، شیعرە سیاسییەکانی هەر دێرێکی بزمار و چەکوچێکە، هەروەک (خۆری خەبات، کورد قڕان، ئەنفال و کیمیاباران، نەورۆزی ڕزگاری، ئەنجامی شەڕ، نەورۆز و ڕاپەڕین، لە ڕێی هیوا و پارتایەتی و کوردستان).

کورد لەناو خۆیدا گیرۆدەی نارێکی و ناکۆکییە، خووی خۆخۆری و دیاردەیەکی ترسناکییە، جۆبار لەو گۆڕەپانەدا نموونەی سوارچاکییە:

**(میللەتانی ڕووی زەمین ڕوویان بەرەو ڕووناکییە**

**میللەتی ئێمەش لە تاریکی و کەسادی و تاکییە**

**ڕۆستەمن بۆ خۆبەخۆیی و کوشتنی یەکتر بەڵام**

**مێگەلی دەست دوژمنن بەم مردەنی و هیلاکییە**

**پشت لەیێک و بەرلە بێگانە لەسەریان بۆتە خوو**

**وا دەزانن گەر وەها بن کردەوەی وا چاکییە)**

جۆبار دەردەکەوێ لە شیعر و شێوە و شێواز، مۆزیکییە و بەهەستە لە گۆرانی و سازوئاواز، شنەی هەیبەسوڵتانی ڕازاندۆتەوە بە ئاوازی هەمەرەنگ، شیعرەکانی شوبهاندووە بە مۆزیک و ئامڕازی بەزموڕەزم و ئاهەنگ، هەروەک شیعری (بۆم بڵێ تۆزە تۆزە، کیژە کۆچەری، هەڵسە شۆڕێ، ئەی گوڵ، چنارۆک، زستانی دژ، شەوی زستان لە کوردستان، جوانی کوێستان)!.

دیوانەکەی پڕە لە نۆتە و تۆن و ریتم و بەزم و ساز، بۆیە زۆربەی شیعرەکانی دەشێت بۆ گۆرانی و ئاواز، لە بەستە و گۆرانی و ئاوازی دەزانی وەک شارەزا و مەقامناس، دۆستی هونەرمەندان بووە هەر لەمەلا ئەسعەد و سێوە تا مەلا کۆرە و باکووری و حەمەدەمین عەباس.

جۆبار شاعیرێکی جوانکاری و دڵداری و ڕامیارییە، ئاوێنەی سروشت و کوردەوارییە، ئاوێتەی کۆمەڵایەتی و ئامۆژگارییە، شیعرە نیشتمانییەکانی لە کەبار و موناجات و مەولوود، بۆتە وێردی زمان و جۆشدانی مەشخەڵانی سروود، مەلا کۆرە بەدەفە و دەنگە زێرینە، وەک کەو دەیقاسپاند بەو گەرووە ئاگرینە:

**(کوردستان چەند شیرینە**

**جەننەتی ڕووی زەمینە**

**خوایە هەر ئاوەدان بێ**

**قەومی کورد جێنشینە)**

لە شیعری (کوڕی ڕۆژ)ی جۆبار تێدەگەی، گەر باسی سپڵەیی و بێبەڵێنی بێ بارێک دەکەی:

**(ئەی کوڕی ڕۆژ هەردەمەی تۆ ئارەزووی بارێک دەکەی**

**کاتێ دڵداری لە هەرساتێ لەگەڵ یارێک دەکەی**

**چەشنی ڕەنگاڵە بە ئەنواعی تەرز خۆت دەردەخەی**

**هەر دەمەی بەرگێک دەپۆشی و جۆرە ڕەفتارێک دەکەی**

**کەس نەبوو ڕەنگت بزانێ زەردی سووری یان ڕەشی**

**کاتێکی دەمزانی چییە ڕەنگت لە چۆن مارێک دەکەی**

**دۆستی گورگی کاتی گۆشتخواردن بە چەپڵە و ئافەرین**

**ڕوو دەکەیتە لای شوانیش چەشنە هاوارێک دەکەی**

**بۆ بەدیهێنانی گشت ئامانجێکت بلوێرژەنی**

**لێ دەدەی هەردەم بە نەزمێ مەدحی سەردارێک دەکەی)**

خەڵکی وا هەیە بۆنان و کەباب، کەوتۆتە زەمی مام و خاڵ و باب، ئەوانە ڕووبەڕوو دەمچەور، پاشملە دەمتەور، سەرزمان شەکرن، بن زمان ژەهرن، حەمدیی نەمر شیعرێکی هەیە لەو شێواز و ڕەنگە:

**لەدەست دۆستی دووڕوو دڵم تەنگە**

**فیدای ئەو دوژمنەش بم کە یەکڕەنگە**

سەید برایمی شاعیر برادەری جۆبار، شیعرێکی وای هەیە بۆ خەڵکی دەربار و بێبار، خاولی حەمامن پێناسە و شوناسی، کە دوورن لە ڕەوشتی سیاسی:

**هەندێ کەس هەیە بۆت بکەم باسی**

**هەر هێزێ هات و خۆی پێ هەڵواسی**

**دەنی و خۆپەرست پیشەوو خواسی**

**میللەت ئەمانە زۆر چاک دەناسی**

* * *

**برادەری بابم**

**بێ وەفا نابم**

* * *

جۆبار کانیی شیعری تەقیوەتەوە بە عەشقی فەهاوە، بە پاکی بۆی بۆتە سرۆشان و جۆشان و سەرچاوە، ساڵی ١٩٤٩ لە یەکەم شیعری بۆتە جۆبار:

**(ئەی چووک شیرینی نازدار**

**هەرنەبێ بە یەک پرسیار**

**نابێ بپرسیی یەک جار**

**برینی جەرگی جۆبار)**

ساڵی ١٩٥١ لە شیعری (گوڵی باخ) وەک عاشقێکی سوتاوی ناخ، کە جیاواز و نەوازەیە:

**(ئەی گوڵی باغی ژیانم دڵ کوژەی ئەم نازەیە**

**گەر لە دیدەی تۆ بەدی دەکرێ بە ئەم شێوازەیە**

**نازەنینی هەر لەخۆت دێ، کەس پلەی ناگا بە تۆ**

**شای جوانانی جیهان تۆی بەم جوانییە شازەیە**

**تۆ لە ڕێبازی ئەشقدا پادشای و من گەدام**

**خۆ گەدا شایانی پاداشتە لە ئەم ڕێبازەیە**

**خۆشەویستیت بوَ لاي من توَ كة كردە خۆشەویست**

**دڵ کە ئاوێنەی دڵە دانراوە بەم ئەندازەیە)**

جۆبار لە جوانیدا وێنەگرێکی بەهرەمەند و وشەدەوڵەمەندە:

**(بەم وێنەیە بێ وێنەیە بەم شێوەیە مەندە**

**بەم لێوە بەخەندە دەمەکەت کارگەیی قەندە**

**مەیلت مەیە مەستم بە وشەی ئەم دەم و لێوە**

**سا بولبولی دڵ تاوێ بئاخێوە بەخەندە**

**جووڵانەوەکەت ناز و ئەوینبازییە قوربان**
**تۆ هانی دڵم بەس بدە بەم چەشنە ئەوەندە**
**ئەم چاوە هەمیشە بە نیگاکەی کە لە ڕاوە**
**چەندان دڵی ڕاو کردووە ئەم ڕاوچییە ڕەندە**
**پەرژینی قژت لادە لە دەوری گوڵی گۆنات**
**بەم زوڵفە کەمەندە کە دڵی بەندە لە بەندە**
**لەم گەردەنە بەللورە کە پڕ بادەیی سوورە**
**بۆ شەربەتی لێوت دڵەکەم ئارەزوومەندە)**

جۆبار هەندێ وشەی نامۆی بەکار هێناوە تایبەتە بە فەرهەنگی:

غەمگە، یەکپا، قەلۆش، چووک، پێچە، کچک چاپ، غوول، هەڵگرِدا، چەل، یەکبار، زێرِنیگار، شوێندار، شاژندە، زیاندەر، نەشکینە، گزوولە، تەنگە، دەڕی، هەڵزەقینەوان، جاشاوی، قارەبڕ، سێرەدار، گەو، حەوکە حەوک، وەریا، سونگ، کنەمە، سروەدار، گۆرەوشار، ئاودەنگ، تیلانە، کلدار، خۆرەنگی.

* *

جۆبار گەرچی نوێژی نەدەکرد، ڕۆژیی نەدەگرت، بەڵام خوای ناسیوە بە ئیمانەوە، چونکە ڕوو لەخودا دەکات بەویژدانەوە:

**(ئەی خودا هاتوومە قاپی تۆ بەدەم پاڕانەوە**
**تۆ بە بەخشین و منیش بە کۆمەڵێک تاوانەوە**
**نائومێد نابێ پەشیمانێ کە تۆی بەخشندە بێ**
**گەر لە ئاست فەرمانی تۆ باوەڕ بەتین و بەندە بێ)**

جۆبار بە تەوژمی نەتەوایەتی، بە نیازی کوردایەتی، هەناوی خۆی بۆ کۆیە کردۆتەوە کوورەی پشکۆ:

**(پڕ لە سەیرانگەی کە شایان بەرنیگایە شاری کۆ**
**جێگەیی ڕابواردن و کەیف و سەفایە شـــــاری کۆ**

**گەر بکەی سەیری بەهاری بێگومان سەرسام دەبی**
**بەم گوڵستان و چەم و کانیەی تیایە شـاری کــۆ**
**باغی پڕ میوەی لەسێ لاوە سەری کردۆتە یــەک**
**دەشتودەر ڕەنگین بە دەوراندەور چیایە شاری کۆ)**

جۆبار لەسەر هونەرمەندانی کۆیەی نووسیوە، وای باس کردووە (حەنیلە خڕەم نەدیوە، بەڵام لە سێوەم زانیوە، حەنیلە خڕەی دیان سێوەی فێرە گۆرانی و مەقامات کردووە، بەوردی پەی بەهونەر و گۆرانیی کۆیە بردووە، لە شایی و شلەوخانان، لە ئاهەنگ و دیوەخانان، بۆ خۆشی و هەڵپەڕکێ، بە لۆرکێ لۆرکێ و سۆتم دەردی حەلۆکێ، لە چنارۆکێ و حەمامۆکێ!

دەربارەی خۆشخوانەکانی جوولەکە لە کۆیە، لە ناویاندا بولبول حەییوم و شەمتۆیە، بولبول بولبول بوو، مەلی سەر چڵ بوو، جوانتر لە شاگوڵ بوو، کە دەیچریکاند (ئەی هاوار لە ناوڕەزان) ئاهەنگ و کۆڕی شادی دەتەزان بەرد و داری دەهەژان.

گۆرانییەکی خۆشی فۆلکلۆریی هەیە لە کۆیە بۆتە باو و پەند:

**لێوقەند و دەمقەند هەردووکی هــەر قەند**
**وەستای قەندفرۆش کەڵلەی قەند بە چەند**

باسی جوانییەکانی کچە جوولەکەکان دەکات بەو هۆیە:

**کچــانی جوولەکە ناوبەناو چــاویان هەڵۆیە**
**زێدە لە هەمووان نەوبەهار کچی شەمتۆیە**

جۆبار زۆربەی شیعرەکانی لە کۆیە داناوە، چونکە زیاتر هەر لە کۆیە ژیاوە، سێ چامە شیعری بە ستایش بەسەر کۆیەدا هەڵداوە، لە شیعرەکانی (٢١) جار ناوی کۆیەی هێناوە، شیعرێکی هەیە تایبەت بەسەر چنارۆک، وەک (بن سوول) جوانیی لێ دەتکێ تنۆک تنۆک، چیای هەیبەسوڵتان چنارۆکی خستۆتە ناوکۆش، بۆیە جۆبار بەو جوانییە بە ئەشق و پەرۆش، هاتۆتە جۆشوخرۆش، وەک مرواری

فرۆش:

چنارۆک چنـــــارۆک چنارۆکی کۆیەی خــۆش
سەیرانگەکەی چنـــارۆک غەم لێی دەبێ فەرامۆش
لەو دیوی هەیبەسوڵتان بەبای شەماڵی کوێستـــان
دێنە سەما درەختـــان دەبزوێنێ هەســت و هــۆش
سوولی پاشا و خاڵەبــاس لــە ساردی لێ ناکرێ بــاس
دەی تەزێنێ کەللەکاس لە هاوین کە دەیکەی نۆش
لایێ بەزم و ئاهەنــگە لایێ شـــایی و قەشــەنگە
بە بەرگی هەمەرەنگە هەمووی بێ بادە سەرخۆش
ڕەش بەرەکی چاومەستان دەست دێنێتە ناو دەستان
لەدەم جۆگە و ڕۆخ بێستان بـــە گــۆرانیی پڕ لەجۆش

کۆیە و کوردستانی خۆش دەویست، ئەشق و جوانی و کوردی دەپەرست! جۆبار تا دواهەناسە لە کۆیە هەرما، گەرچی بینایی لە چاوی نەما، مەرگ دوا تیری خۆت بهاوە، خۆ دوایین شیعری جۆبار بۆ فەهاوە، دەڵێ هاتم بۆ گەشتی ئەو ناوە، خۆشی ویستووە بەدڵ و بەگیان:

(وابەجێت هێشتم لە غەمگەی ژیان
با بۆت زاری کەم، لەمان تا نەمان
ئەو شارە بێ تۆ لەلای من چۆڵە
مەرگت لە جەرگم برینی قوڵە
لە دڵ دەرناچی لە هەموو کاتم
هەر بزانە منیش کە بۆ لات هاتم)

کۆیەی چۆڵ نەکرد ژیانی لێ بەسەر برد، تا لە ٢٠١٨/٩/٢٣ کۆچی دوایی کرد، هەر لە کۆیە ژیاوە لەوێش نێژراوە.

**(ئەی گوڵی گوڵزارم)**

**ئەی شاعیری ناودارم**

**سەرسامی جۆبارم**

**بۆ کۆچت غەمبارم**

فەرهەنگ:

+/شنەی هەیبەسوڵتان – دیوانە شیعری جۆبارە.

+/فەهاوە، خێزانیەتی بە خۆشەویستی هێناویەتی.

+/ ئارام و ئاراس و ئامانج و موژدە و کۆچەر و دیمەن و خەرمان، کچ و کوڕەکانی شاعیرن.

+/لەژێر ڕۆشنایی شیعرەکانیدا ئەو وتارە نووسراوە.

+/جەلال جۆباری شاعیر دوکانی بزمار و گاز و چەکوچ و ئەڵقەڕێز و کێلون و ئەوانەی هەبوو.

+/ بولبول حەییوم کچە جوولەکەیەکی ئێجگار جوان و دەنگخۆش بووە لە کۆیە.

+/شەمتۆ، پیاوێکی جوولەکە بووە لە کۆیە دەنگی خۆش بووە، پێ دەچێت کچەکەی ناوی (نەوبەهار) بووبێت.

+/سوول: تاڤگەی بچووک، بافل.

+/شیعری ناو کەوانەکان هی جۆباری شاعیرن.

+/بلوێری سەرداری: مەبەست لە هونەرمەندی بەتوانا مامۆستا سەرداری باب سەرداره.



**٢٠١٤/١/٢٠ کۆیە /خەڵاتی سەید برایم/ سەنتەری گەنجان رەهبەر سەید برایم ، جەلال جۆبار**



## ١٣
## مەلای گەورە، دەوری لەو دەورە

مەلا محەمەدی حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلیزادە ناسراو بە جەنابی (مەلای گەورە)، کە سنوورشکێن و کەلەپچەپچڕێن و پێشکەوتوو بووە لەو زەمان و دەورە، کار و هەنگاوەکانی هونەر بوو، ئاگرپەرست نەبوو نەورۆزپەروەر بوو، لە نەورۆزی ساڵی (١٩٣٨)، لە بەردەرکی سەرای کۆیە بەرامبەر سروشتی شاخ و دەشت، عەللامە بوو بە عەمامە و جبە و عەباوە، بەو شێوازە وتاری داوە، بە دەروونێکی ئاگراوی گەرمی ناو تەندوور:

(ئەمڕۆ ڕۆژێکە پڕ نوور، دونیا مالامالە لە سروور، ژاڵە دەدرەوشێتەوە، لالە دەگەشێتەوە، دارودرەخت دەپشکوون، بەر و سەمەر دەردەکەون، فەلەک وەک خێوەتی ژێر جەدی هەڵدراوە، زەمین کەوای ئەتڵەسی سەوزی گوڵگوڵی لەبەر کراوە، ئافتابی عالەم درەخشانە، خورشیدی خاوەر بە ئەشیعەی زەهەبی زەڕئەفشانە، نزیکە بڵێم ئەرز و سەما، کەوتیتە ڕەقس و سەما، ئەمە چ باسوخواسە، چ ئەسەرە، چ خەبەرە.

بەڵێ بەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی مرادە، نەورۆزی گەلە، حەقە ڕۆژی زۆر موبارەکە، ئەوەلی بەهارە، یەکی ئیعتدالی لەیل و نەهارە، جەژنە جەژنی ئۆمەتە، جەژنی مەحەببەت و ئولفەتە).

ئەو سەردەمە زۆر لەمەلا و شێخەکان هێز بوون، دژی ئاگرکردنەوە و جەژنی نەورۆز بوون، مەلای گەورە ڕقی گەورەی لە شێخانی تەریقەت بوو، بڕوای بە قورئان و شەریعەت بوو، وتەی گەوهەر بوو، مێشکی جەوهەر بوو، بۆچوونەکانی، وشەی شیعرەکانی، گەوهەر دەهێنێ:

**هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ**

**ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ**

**تەریقەی قادرییوو نەقشبەندی**

**بەبای دا رەونەقی ئاهەنگی کوردی**

❊❊❊

**بە ریشی پان و پرچی پڕ لە ئەسپێ**

**بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ**

**بە کەشکۆڵ و سواڵ و فەقر و زیللەت**

**محاڵە کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت**

پێی وابوو دەروێش و شێخایەتی دیاردەی داکەوتنی خەڵک و بێکەلکییە:

**بەسییە بۆ خاتری خوا بەسییە**

**تا بەکەی بەزمی خانەقا و تەکییە**

بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر، قورئانی کردۆتە پێوەر، بڕوای بە نوێژەباران و گەڕانەوەی عیسا و هاتنی محەمەدی مەهدی و دەجال نەبوو، بڕوای بە دەروێشی مونتەشا و شانبەکۆڵ و بەرماڵ نەبوو، بڕوای بە زانست و کەلامی خوا بوو بەڕاڤە و تەفسیر:

**عیسا لە ئاسمان، مەهدی لەناو بیر**

**ئیشمان شلۆقە یاران چ تەدبیر**

**نە ئەو دێتە خوار نە ئەو دێتە دەر**

**دەجالیش زۆرن گشتی سواری کەر**

**لە دێ و لە شار سەربەست دەگەڕێن**

**بە ناوی دینی باش دەلەوەڕێن**

***

لە تاریکایی و خامۆشیی حەرەمی مزگەوت، دەکەوتە باوەشی زکر و فکر نووری کەسک دەردەکەوت، بە هەندەکاری وازی هێنا لە خۆشی و چێژی دونیا و دەروون، ڕووی کردە خوێندن و زانست و پەروەردە و بەدواداچوون و فێربوون، بۆ ئەوەی بۆ کەلامی خوا ببێ پەیوەست:

**دەرگەی لەزەتم لەسەرخۆ بەست**

**چی علووم هەبوو بەدەستم خست**

بڕوای بە تەقە و تەنەکەلێدان نەبوو بۆ مانگگیران، دژی کۆنەپەرستی و نازانستی بوو بەرامبەر تاریکبیران، بڕوای بە دەقی قورئانی پیرۆز هەبووە بێ منەت ئەو ڕایەی خستۆتە پێش چاو:

**مەهدی دێتە دەر وەک بڵقی سەرئاو**

**دونیا دەگرێ بە دوعا و سڵاو**

**پف چەندە خۆشە ئەوجا مامۆستا**

**هەستە لەخەوێ تالعت هەستا**

دیندار و نەترس و مەردانە، ڕای خۆی دەربڕیوە کوردانە، بە دڵێکی پڕ لە گڕ:

**قۆڵتێکی لە دەوری بابەگوڕگوڕ**

**نایدەم بە منارەکەی ئیمام دوڕ**


۲۰۲۰/۸/۲۹ /پارکی ئازادی ، رەهبەر سەید برایم لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی مەلای گەورە

**بستێ لە وڵات و موڵکی کوردی**

**نایدەم بە مەرقەدي سوهرەوەردی**

مەلای گەورە گەمەی بە شێخان هاتووە ئەو زەمان:

**جەنابی شێخی، شێخی بەگەمان**

**دەمێ لە عەرزی دەمێ لە ئاسمان**

**کەرامەتی تۆ چی کرد لە کوردان**

**بە درۆودەلەسە چۆنت لێ تێکدان**

***

مەلای گەورە مەلا بوو لە هەموو زانستەکانی ئیسلام کتێبی دادەنا، تەنانەت لە گەلێک مەسەلەدا (ئیجتیهاد)ی خۆی بەکار دەهێنا، کە دەرسی دەگوتەوە یان دەیدا وتار، وەک تاڤگە قسەی لێ هەڵدەڕژا، چاوی دەبڕیە شتێکی نادیار، کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکیی دەزانی، بە چوار زمان بێ کاغەز دەیتوانی لە بابەت



هه‌ڤاڵ ئه‌بو به‌کر له کاتی په‌یدانی په‌یکه‌ری مه‌لای گه‌وره بۆ ره‌هبه‌ر سه‌ید برایم

بدوێ به ڕه‌وانی، دژی بێگانه و داگیرکه‌ر بووه له قووڵایی دین و مه‌زهه‌بی:

**ئه‌م خاکه دایکی تۆیه که‌وته ده‌ستی ئه‌جنه‌بی**

**ئه‌ی کوردی ساحێب غیره‌ت تۆ چلۆن ڕازی ده‌بی**

**بۆ خۆت ئه‌وا ده‌بینی دژمن ئه‌رزت ده‌کێڵێ**

**پاشی چه‌ند ساڵێکی دی هیچت به‌ده‌ست ناهێڵێ**

زانایانه و سیاسییانه و خواناسانه بووه وتار و شیعر و ده‌رسی:

**هه‌واڵی کورد و کوردستان ده‌پرسی**

**وڵاتی چۆڵ و قه‌ومی ڕووت و برسی**

**له سایه‌ی شێخ و شه‌یتان، دین و ئیمان**

**له‌نێو کوردان نه‌ماوه خۆڵ به‌سه‌رمان**

بۆماوه‌ی ده ساڵ خۆخه‌ریککردن به ورده‌کاری و له‌خۆبوردی، بۆ ته‌واوکردنی به‌رهه‌می (ته‌فسیری کوردی) له که‌لامی خوداوه‌ندی، که نۆبه‌ره و به‌چێژترین به‌رهه‌می زانستیی کوردییه، له ئاست ڕۆشنبیرانی به‌رز له قۆپکه‌ی په‌سندییه، بۆ پیرۆزی و دروودییه، مه‌سعوود محه‌مه‌د ده‌ڵێ: (مه‌لای گه‌وره له ته‌فسیره‌که‌یدا زۆرشتی باس کردووه) که محه‌مه‌د عه‌بده له ته‌فسیره‌که‌ی خۆی لێ که‌نار گرتووه.



**لە کاتی پێشکێش کردنی وتار پەخشانێک لە فیستڤاڵی مەلای گەورە، سلێمانی - پارکی ئازادی**

مەلای گەورە هێزێکی میناکیی هەبووە لە کەسایەتی، ناسراو بووە بە جەنابی مەلای گەورە و بە زیرەکی و ئازایەتی، لە هەرکوێیەک گوترا (مەلای گەورە) بەو ناو و شکۆیە، بێ گومان ڕاستەوخۆ واتە مەلای گەورەی کۆیە، پێگە و مەقامی بنەماڵەکەیان و باوکی برادەری حەزرەتی حاجی قادری کۆیی و حەزرەتی نالی بووە، لە دایکەوە حاجی بەکراغای حەوێزی دەبێتە باپیری و ئەمینئاغای ئەختەر مێردی پووری و خاڵی بووە، حەماغای کۆیە کەسایەتییەکی گەورە و دەوڵەمەند و خانەدان و نانبدە و سەرۆک عەشیرەتی غەفووری بووە، پێنج ژنی هێناون دوو لە ژنەکانی کچی خاڵی مەلای گەورە و یەک لە ژنەکانی پووری بووە، باوکی دەرسی گوتۆتەوە بە شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کەیفیی جوانڕۆیی، لەسەر شیعری داشۆری نێوانیان تێکچووە هەردوو شاعیر. بۆیە کەیفیی جوانڕۆیی» لەداخان لە کۆیە ڕۆیی، (ئەمما بە عاجزی) و هەست بریندار:

**ئەی نووحی نەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکار**
**وەی رووح و سەر و ماڵی منت جوملە بە نیسار**
**با خاکی بەری پێت بێ دڵی زار و نەزارم**
**با فەرشی سەری ڕێت بێ گوڵ و گوڵشەن و گوڵزار**

***

**(مینجوملە)کە نووسیوتە، لەبۆ نایەوە کۆیە**
**چۆن بێمەوە ئێستەش کە لە سەرمایە شەڕی پار**
**ئێستەش وەکو مورغێ کە زەدەی چەنگی هەڵۆ بێ**
**بێ هۆشم و ئیفتادە، پەرێشان و نگونسار**
**بێغیرەت و بێعارم ئەگەر بێمەوە کۆیە**
**وەک پەیکەری پێ ڕووت و وەکوو سەرڕەشی موختار**

***

**خۆت واقیفی ئەسراری کە چۆن ئاخری کاریش**
**بێ حورمەتی کردم بە قسەی موفسید و بەدکار**
**چۆن هیبەتی بردم لە حوزووری حەزەراتی**
**چۆن هەیئەتی کردم بە سەروسوڕەتی دیوار**
**هەرچەندە جەفای دام و سەفام لێ نەدی ئەمما**
**شاهانە دەکەم مەدح و سەنای چاکی بە ئەشعار**

***

خانەوادەی جەلیزادان ئاوەدان بووە حوجرە وماڵیان، بەهۆی ژێرخان و پاشخان باش و خۆش بووە ژیان و حاڵیان، مەلای گەورە بە ژیانی بەڕاتبە و ڕەحمەتی نەیخوێندووە، بە داهاتی موڵکی خۆیان هی چنارۆک و هیزۆپ و جەلی و پێبازۆک و قەسرۆک و گەلی گوڵان گوزەرانیان کردووە، چاوی لە دەستی کەس نەبووە، بژێوی ژیان نەبۆتە گرفتی، خۆی پێشنوێژ و وتاربێژ و پەرلەمانتار بووە بۆتە قازی و مفتی، جەمیلاغای حەوێزی قائیمقام مێردی پووری و کوڕی خاڵی بووە، خزم بوون لەگەڵ شێخانی سندۆلان و بەرزنجییەکانی کۆیە، چی دیار و کەسایەتی بووە لە پاڵی بووە، هەموو هێز بوون بۆ مەلای گەورە، بۆخۆی کێوێک بووە لە توانا و شایستەیی و لە (ورە)! بەهۆی زیرەکی و ئامۆژناکی، بە خزمی دەسەڵاتدار و چاکی، بە داهاتی ئاو و بەراو خاکی، بۆی بۆتە هێزێکی ماکی و میناکی، (پشتت کێو بێ، با دژمن دێو بێ)، وەک زانایەکی ڕۆشنبیر و پێشەوای

دین و میللەت و کوردایەتی، نەترسانە هەڵوێستی سیاسی و زانستیی هەبووە بە مەبەستی نەتەوایەتی، خەباتی کردووە بۆ زانست و دین و قەوارەی سەربەخۆیی:

**هەستە پێشکەوە ئەی لاوی کۆیی**
**ئاگات لە خۆبێ کاروان وا ڕۆیی**
**بە نووری عیلمی ڕێگا بەدەر خە**
**بە زۆری بازوو بارێ بەسەر خە**
**بە باڵی عیلمی بفڕە وەک تەیران**
**بە هێزی عیلم هەڕوە بن بەحران**
**عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە**
**قالە ئەقوولو گشتی هەبایە**
**عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە**
**بەخوا نازانی خوا چی کردووە**

لەڕادە بەدەر ئاشقی درەخت و گوڵ بوو، ڕەزداری و باغەوانیی (زەردەشت) ی بەدڵ بوو، پێی وابووە چاکەی هەبوو لە کوردەواری لەو وەختەوە، بە گفتار و ڕەفتار و بیری چاکەوە، بەچاندنی دارودرەختەوە، درەختی بەدەستپێن خۆی دەناشت، لە چنارۆک بەشی کانیاوان دایدەداشت دەچووە ناو باغان لکی نەدەشکاند، میوەی دەچنی بە قەڵانگ یان دەیچەماند، زیرەک بە زگماک، ئازا و زانا و ماک، لەو بڕوایەدا بوو کە مرۆڤ زۆر بەتوانایە، فێربوونی زمانی بێگانە لە فەرمانە شەرعییەکانی ئیسلام دانراوە بە (فەرزی کیفایە):

**خۆزگە ئیمامی ڕازی لەم عەسرە زیندوو بایە**
**تا لە سونعی بەشەری تەیارەی بدیبایە**
**ئەوجا ئیمانی دەینا بە قودرەتی بەشەری**
**قەت ئینکاری نەدەکرد بە تەقلیدی ئەشعەری**

هەتا مرد لە بۆ کوردان نالآندی، ئەویش هەروەکوو غاندی، هەتا ژیا بەکاری نەهێنا چاویلکە و داروەکاز، ژانی گەدەی هەبوو دەنا لەش ساغ و تەنساز، بەڵام لە ١٩٤٣/١٠/١٢، زنجیرەی تەمەنی دەپسێ، لە سەرەمەرگ دەستی هەڵدەبڕێ دەڵێ (بەدوعا و ویداعێکی ئەبەدی) مەلا مەعسوومی هەورامی مێژووی مەرگی بەو شێوەیە دەرخستووە، (گوڵی باغی من با بردی) پیرەمێردی نەمریش نووسیویەتی (ئۆف نەمردم مەرگی ئەویشم دی)! هەتا مرد یەخەی خۆی بۆ کوردان دادەڕی! بەرزە بڵێسە و گڕ و ئاگری! ڕووناکیی ماوە گەرچی ڕۆیی بە تەمەنی ٦٧ساڵی، هەرما ناوونیشان و عەبا و عەسا و مێزەر و بەرماڵی، لە کۆیە نێژراوە لە گۆڕستانی (دەروێش خدر).

**ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا**

***

سەرچاوەکان:

١. مێژووی حوکمڕانی بابان لە قەڵاچوالان تا دروستبوونی شاری سلێمانی ١٦٦٩-١٧٨٤، نووسینی تۆفیق قەفتان.

٢.هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسیدا، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری مێژوویە (کامەران عەزیز عەبدوڵڵا).

٣.مێژووی جەلیزادە (نەجیبەخانی جەلیزادە).

٤.بیرەوەری و ڕوانینەکانی مەلای گەورە (هێمن عومەر خۆشناو).

٥.گەشتی ژیانم (مەسعوود محەمەد).

٦.مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر (عەبدولخالق عەلائەدین).

٧.سەرجەم بەرهەمەکانی (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) دکتۆر کەمال مەعروف.

٨.دیوانی نالی.

٩.دیاری مەلا محەمەد کۆیی.

١٠.دیوانی حاجی قادری کۆیی.

١١.دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

١٢.کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ (مەسعوود محەمەد).

١٣.بڕگەکانی ڤیستڤاڵی یادەوەری مەلای گەورە-سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە.

١٤.مەلای گەورە (مومتاز حەیدەری).

١٥.حەماغای گەورە: مەسعوود محەمەد.

١٦.تەفسیری کوردی، لە کەلامی خوداوەندی لە پێشەکی پ.د. جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم هەیدەری!.

تێبینی:

+/ (ئاگر جێگەشی نزم بێ بڵێسەی بۆ سەرەوە دەچێ)، وتەی مەلا عەبدولرەحمانی کاکی جەلییە بە عەبدولرەحمان پاشای بابانی گوتوە لە خوارێ دانیشتووە، پاشا گوتوویەتی وەرە سەرێ مادام هێندە زیرەک و بەتوانای ئەویش ئەو قسەیەی کردووە پاشای بابان هێندەی دی پێی سەرسام بووە!.

+/ بە پانایی مێژوو: شێخ شەرەفی شێخ نوورولڵای تاڵەبانی بەکاری دەهێنا!.

+/ هەتا مرد بۆ کوردان ناڵاندی، ئەویش هەروەکوو غاندی ئاماژەیە بۆ شیعری مەلای گەورە.

**هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم**

**عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم**

–

**منیش هەروەکوو غاندی**

**هەناسەسارد و ماندی**

+/ موجەللی: بەو ئەسپە دەگوترێ کە یەکەم بێ لە مەیدانی غارغارێندا!.

+/ کۆڤان: شاهد. د. جەمال نەبەز بەکاری هێناوە!.

+/ مونتەشا: تەورێکی بچکۆڵەیە دەروێش هەڵی دەگرێ.

+/ ئامۆژناک: کوردییەکی پەتییە بەواتای خاوەنسەبر و خۆگر، لە کۆیێ دەگوترێ فلانە کەس ئامۆژناکە. زاراوەسازی پێوانە-مەسعوود محەمەد ل١٨١.

+/ میناکی: مەعنەوی. د.جەمال نەبەز بەکاری هێناوە.



هونەرمەند ئاسۆ عومەر سوارە (١٩٦٤-٢٠١٩)

## ١٤
## سوارەی ژانی گەل و سلێمانی و خاکی

هەرگیز گوڵ لە ئاسمان ناباریّ، پەیامە پیرۆزەکانی لێ هاتۆتە خواریّ، گوڵ لە زەوی دەڕویّ، چرۆ دەکا و دەپشکویّ، پەریی جوانی ئاسمان باخ و گوڵزار ببینە، پڕ لەگوڵی جوان و ڕەنگینە، ئەستێرەکان لە تاریکیدا دەدرەوشێنەوە، ڕووناکی دەبەخشن و جوان دەگەشێنەوە، لە تاریکایی شەویّ، ئەستێرە دەردەکەویّ، جیهان پەرتووکێکی گەورەیە، زەمانە بەپێچ و دەورەیە، یەک لاپەڕەی دەخوێننەوە ئەوانەی ناگەڕێن، (چڵکی دەستەماڵی دونیا) وەک دەڵێن! زەمەن ئەو مامۆستا مەزنەیە، کات گەوهەری ناو خەزنەیە، وەخت دووبارە ناگەڕێتەوە، ژیان مۆمە دادەگیرسیّ و دەتوێتەوە، مرۆڤە زیرەکەکان، ڕۆژە زێڕینەکان، دەژمێرن، کات بەفیرۆ نادەن و دەرفەت نابوێرن، ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەتایی، ئاسانترە لە کۆتایی، (تۆماس هیۆد) هەقی خۆیەتی گوتوویەتی (جیهان شانۆیەکی گەورەیە، زەوی تەختەکەیەتی، خودا و سروشت زەوییان پڕ کردووە لە ئەکتەر، کەمدەستی و پێویستیی مرۆڤ دەکاتە داهێنەر، زگی مرۆڤ گۆڕستانی بوونەوەرەکانە، دەریای ئیجەش بۆ کوردان گۆڕستانی کۆچبەرانە، لە گۆڕستانەکان مەگەڕێن،




۲۰۱۰/۱۰/۱۵/ بنکەی گەلاوێژی کۆیە رەهبەر سەید برایم، ئاسو عومەر سوارە

گوڵ لەسەر دەریا دابنێن، خۆشترین خۆشی لەدایکبوونە، گەورەترین خەمیش مردن و لەناوچوونە، مەرگ باجی ژیانە، ئاوێتەی خەم و ژانە، ئەوەی ئارامی دەداتە ڕۆح، زانست و هونەرە، بەهرەمەندی قەڵەندەریش لەناخدا بەختەوەرە، وەختێ کارێکی هونەری پێش زەمەن دەکەوێ، کات وەک خۆی دەڕوا خۆ ناسرەوێ، هەموو شتێک تێدەپەڕێ هونەر دەمێنێتەوە، هونەرمەندی ڕاستەقینە هونەرەکەی دەشارێتەوە، هونەر زمانی هاوبەشی هونەرمەندانە، ئامانجی خۆشی و خۆشەویستی و خەندانە، ئەو هونەرەی لە ڕۆحی نەتەوەکەی هەڵدەقوڵێ، ڕۆحی نەتەوەش گەلە، ویژدانی پێ دەجوولێ، چونکە هونەر جوانی دروست دەکات و شیلەی ژیانە، هۆکاری ئارامیی ڕۆح و گیانە، جوانیی هونەری زیندوو شانۆیە، بۆ دواندنی مرۆڤایەتی هۆیە، گەورەترین پلەی هونەر ئارامگرتنە، درەنگ بێ یان زوو، بێ ئارەزوو، سەرەنجامی ژیان مردنە، ژیان و مەرگ گرێیەکە ناکرێتەوە، نهێنییەکەی ئاشکرا نابێ و ڕوون نابێتەوە، ئەوەی کۆچی کردوە نەگەڕاوەتەوە، بەسەرهاتی ژێر زەویی نەگێڕاوەتەوە:

**(بەو بچیم بچین بەو بچینەوە**

**لە باخچەی پێنجوێن گوڵ بچنینەوە)**

پێنجوێن مەملەکەتی گوڵەزەردە، سەر بەگوڵعنبەر و ڕەوگەی جافان و




ئەلبوومی وێنە لەلایەن هونەرمەند ومیدیاکار ئاسۆ عومەر سوارە ئامادە کرابوو

هەوارگەی کوردە، بنەماڵەی حاجی محەمەدی قوربانی، لە بوومەلەرزەکەی پێنجوێن هاتوون بۆ سلێمانی، ساڵی ١٩٤٦، لە ڕۆژگارێکی ناخۆش و ڕەش، لەکەلی شاخی سلێمانی و خاکی، ئاسۆیەک دەردەکەوێ بە ڕووناکی، لە ١٩٦٤/٢/١٨، گوڵێک دەپشکوێ لە باخچەی شار، بەمنداڵی، بە هەشتساڵی، هونەر دەبێتە ئەشق و خەیاڵی، لە دیوەخانی وەیس و ماڵێکی هەژار، وەکوو ئەکتەر دەبێ بەشدار، لەسەر تەختی شانۆکاران، لە ڤیستیڤاڵی شاران، لە شانۆگەریی (دڵدارانی باران) بەشدار دەبێ، ڕۆڵی دیار دەبێ، ناوی لێ دەنێن (سوارە) بەو نازناوە ناودار دەبێ، هەوڵ مەدە بەهێز بیت، هەوڵ بدە بەڕێز بیت، ئاسۆ بەهێز و بەڕێز بوو، پرشنگی سەر ملەکەوە و ئەزمڕ و ناڵپارێز بوو، دەدرەوشایەوە لە ئاسمانی کوردستان، خۆشەویست و شیرین بوو لەناو دۆستان، زمانی گوڵ و پەپوولەی دەزانی، ئاشنا بوو بەسروشت و دیمەن و جوانی، دەروون سپی لەبەفر دەچوو لە پاکی، بە سوارچاکی و چالاکی، شەبەقی دەدایەوە بە ڕووناکی، ناوبانگی باش باشترە لە پشتێنی زێڕ، لەکۆڕدانیشتن هەرگیز لێی نەدەبووی تێر، ئارامی دەگرت بیانووت

پێگرتبا، گوڵی تێدەگرتی گوللەت تێگرتبا، کراوە و کۆمەڵایەتی، مرۆڤ بوو بە مانای مرۆڤایەتی، پەلکە ڕەنگینە بوو لەپاشی باران، نەدەچەمایەوە بەرامبەر نەیاران، (بەبێ دەنگی دەسووتا) مێژووی خستۆتە ناو کایەی هونەرەوە، بە ئەلبومی وێنەیی دۆکۆمێنتاری لەسەر سلێمانی و پێنجوێن رەگی هێناوەتە دەرەوە، تێکۆشەر، کۆڵنەدەر، بەبیروباوەڕ، لە زەمانی بەعس ئاشکرا بوو لە ڕیزەکانی (ی.ن.ک) کە ڕێکخستنی نهێنیی ناو شارە، فەرمانی لەسێدارەدانی دەرچوو بەڵام بەر تەمیز و لێبووردنی گشتی کەوت، دەنا دەدرا لە سێدارە، هەموو گیانیان هەڵپڕووکاند، نهێنییەکی نەدرکاند، وەک زیندانیی سیاسی، کارەساتە بەسەرهات و باسی، ژیانی بە هونەر و شانۆ و ئەشکەنجەی زیندان بەسەر بردبوو، بەشی کارگێڕیی پەیمانگای تەکنیکی لە بەغدا تەواو کردبوو، لە باخی هونەر شارەزای زۆر بوار بوو، بەهرەمەند و بەرهەمدار بوو، (شانۆکار، پێشکەشکار، ڕاگەیاندنکار، ئەکتەر، نووسەر) تێکۆشەر، چلوحەوت ساڵ لە بواری هونەر، ڕۆحی لێ هێناوەتە بەر، باخچە بژمێرە بە گوڵەکانی، نەک بە هەڵوەرینی گەڵایەکانی، ڕێژەی ڕاژەی بەرز بوو لە هونەر و وێژە، لەمێژە، لە بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژە، دەیزانی ئامانجی هونەر و ڕاگەیاندن و مرۆڤایەتی چییە ڕەواجی، لێپرسراوی ڕاگەیاندن بوو لە ڕێکخراوی مینهەڵگرتنەوەی بە ناوی باواجی، (ئاسۆ) کازیوەی زەردەی دەم کەل بوو، پاڵەوانی (گەردەلوول) و (ژانی گەل) بوو، هونەر هەڵقولاوی (کانی) جوانییە، بۆ مرۆڤایەتی و ئاسوودەیی و یژدانییە، گەرچی هونەر پڕ لە دژواری و سەختییە، بەڵام خۆشبەختییە، تەختی شانۆ پاشای سەرتەختیە، گەرمیی ژیان و ساردیی مەرگ، دەسووتێنی ناخی جەرگ، مردن خەوێکی ئارامە خەونی خۆش و ناخۆشی تێدا نییە، ئەوەی بمێنێ ناوە، نەمری زیندەگانییە، بە تەمەنی ٥٥ساڵی، گەردەلوولی مەرگ ڕایماڵی، هەرگوڵێک نەبوو هەڵوەری لە بەفرانبار و چلەی ڕێبەندان، بوومەلەرزەی پێنجوێن بوو لەناو هونەرمەندان، لە بەرنامەی پێشبڕکێ و (وێنەکانی دوێنی)، کێ پێشکەشی بکا و بیاندوێنێ، تا (وێنە)کان کۆنتر دەبوون، لە

ڕۆحی (ئاسۆ) نزیکتر دەبوون، لە دڵی خەمناک، بە دیدەی نمناک، لە ٢٠١٩/١٢/٣٠، چەند ساتێک مابوو بۆ سەری ساڵ، مۆمی تەمەنی هەڵنەکرد و گۆڕی کردە ماڵ، بە مەرگی بوومەلەرزە و شاخێک هەژا، لە چاوی کوێر هەر ئەوەندە فرمێسک ڕژا، مەرگ کۆتایی ژیان نییە، هەموو ناوێک لەناو ویژدان نییە، (ئاسۆ عومەر سوارە)، لەدڵی مێژوو تۆمارە، قوللەی بەرزی شانازییە، ساباتی ڕۆحی هونەر و دڵنەوازییە، برین دێتە سۆ، بۆ مەرگی ئاسۆ:

**حەزرەتی (نالی) داد، هاوارە بێ تۆ**

**چاو ئاوە (ئاسۆ عومەر سوارە) بێ تۆ**

**پێنجوێن و بابان پرسەبـــارە بێ تۆ**

**وەرز خەزان و بێبـــەهارە بێ تۆ**

**(کاژین و سۆلین) لە ئازارە بێ تۆ**

**تریفەی (بەیان) بێ گوڵزارە بێ تۆ**

**بنکەی گەلاوێژ، پڕ یادگارە بێ تۆ**

**فلیم و سیناریۆ، ڕەش دیارە بێ تۆ**

**ئەلبوومی فۆتۆ، بێ نیگارە بێ تۆ**

**درامـــــــــا و شانۆ، شوێننادیارە بێ تۆ**

**تەلاری هـــونەر لار و خوارە بێ تۆ**

**بۆشایی و خامۆشە ئەو شارە بێ تۆ**

**بەردەرکی سەرا شوێنەوارە بێ تۆ**

**چایخانەی (شەعب) بێ هەوارە بێ تۆ**

**یادی سلێمانی تاسەبارە بێ تۆ**

**برینی (ئاسۆ) بێ تیمارە بێ تۆ**

کار و بەرهەمەکانی (ئاسۆ عومەر سوارە):

١.دراماکانی (گەردەلوول١) ساڵی ٢٠٠٥، (گەردەلوول٢)٢٠٠٨ .

٢.شانۆگەریی گەرمیان و کوێستان ٢٠١٠

٣.چپەی ڕابردوو ٢٠١٤

٤.بەبۆنەی یادی ڕاپەڕینی خەڵکی ستەمدیدەی (پێنجوێن)یشەوە، ڕۆژی (١٩٩٥/٧/١٩) فیستیڤاڵێکی گەورەی سازکردووە کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاندووە و خۆشی سەرپەرشتیی کردووە.

٥.ژانی گەل

بەشداریی لەم کارانەدا کردووە:

٦.دیوەخانی وەیس، ١٩٧٢

٧.ماڵێکی هەژار، ١٩٧٣

٨.زەفی شین،١٩٧٦

٩.دایکی فلەستین، ١٩٧٧

١٠.وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد، ١٩٧٧

١١.تەنیا کەوش لەپێکردنەوە حساب نییە،١٩٧٨

١٢.هاوڕێیان، ١٩٧٩

١٣.دڵدارانی باران، ١٩٧٩

١٤.ڕەشبەڵەک لەسەر ئاوازی مەرگ، ١٩٧٩

١٥.پێکەنینی ژووری دادگە، ١٩٨٠

١٦.بەرگە ئەفسووناویەکەی پاشا، ١٩٨٠

١٧.شارەوانی، ١٩٨٠

١٨.ڕووبار، ١٩٨١

١٩.بەندی و شێتخانە، ١٩٨٢

٢٠.تەنەکە، ١٩٨٣

٢١.بایتی بابا، ١٩٨٣

٢٢.ئەو پیاوەی دووجار مرد، ١٩٨٤

٢٣.فەرهاد بە دوای جەژنا وێڵە، ١٩٨٩

سەرچاوەکان:

١.سوارچاکی هونەر لە کوردستانی نویٚ ژمـارە(٨٠٧٩)ی ڕۆژی هەینی و شەممە ٧-٢٠٢٠/٢/٨، ئاسۆی قووڵایی ئاسمانی بـەرزی هونەر و ویـژەدا، د. حوسێن محەمەد عەزیز.

٢.پەند و وتە نەستەقەکان.

٣.دیوانی نالی.

٤.سلێمانی و خاکی.

٥.زانیاری وەرگرتن لە (کارمەند لەتیف).

٦.دیوانی ناری.

تێبینی:

هاوژینەکەی (بەیان یوسف سەعید)ە.

(کاژین و سۆلین) کوڕ و کچی ئەون.

دێتەسۆ: دەکولێتەوە.

مەلا کاکەحەمەی بێلوو (ناری) دەڵیٚ:

(ناری) گەر گەردی غەمی ئەمڕۆ لەدڵ تاهیر نەکەی

وەک برینی کۆنە زامی سەختی میحنەت دێتە سۆ

## ١٥
## گوڵە گەشەکان و مانگی بن هەور
## حەزینە (١٨٦٣-١٩١٨ کۆیە)

ئافرەت سەرچاوەی هەڵقوڵانی هەموو خۆشەویستییەکانی ژیانە، مەتەڵێکە بە پیاو هەڵنایە هێندە ئاڵۆز و گرانە، ژن لە پەراسووی چەپ دروست کراوە، هاوزەمان و هاوژیان و هاوشانی پیاوە، (ژن لە جەمالدا، پیاو لە کەمالدا)، ژن ڕەوشتی شیرین بێ، جوانە با ناشیرین بێ، ژن هەیە بیژمێری، ئازاترە لە شێری، ئەوەی شیری پاکە، لە شێر بێ باکە، لە کوردەواریدا باوە، بە پەندوبەند گوتراوە، (ژن بەچی دەناسی، بە داوێن و کراسی) ژن هەیە لەناو لاپەڕەی مێژووە، مێژوویان گەش و جوان کردووە!! هەڵکشان بە پەیژە پێچکە بەپێچکە، بەرەو سەرکەوتن دەگاتە لوتکە!

شاری کۆیە، باخی گوڵ و چرۆیە، پڕ ئەستێرەیە ئاسمانەکەی، سەرقافڵەیە کاروانەکەی، هێلانەباز، بازی لێ نابڕێ، هەڵۆ لە لوتکە نەبێ نامرێ، شارەکەی کۆیە، لانەی باز و هەڵۆیە!



ئامینە خانی محەمەد ئەمین ئاغا حەوێزی

چنار بە باڵا، شۆڕەبی بە پەل، (یایان) هەڵکەوتوون لەناو جەرگەی گەل، نازدارحەیران و کیژن، تەواری پەنجە تیژن، وەک هەنگ بۆ گوڵی باخ و کۆساران:

**بەشەوی تاریک نم نمەی باران**
**چرا دەگێڕم بەدوای نازداران:—**

عاسمە کوردستانی و ئایشێی خەمان و شافاتم و فاتمی بسکزێڕ و یاعیفەتی حاجیە گەورە و ئایشێی وەستا عەبدوڵڵای کورتاندروو و هەمینەخان و ئامینەخانی حەوێزی و ست خانە و فاتە قۆریتانی و مونیرەخانی جەلیزادە و نەزەندخانی غەفووری و ست لوتفیەی مەلا سدیقی نازەنینی و مامۆستا ئایشەخان و زبێدەی غەیری و فەقێ عەیشێی بن جووی و قانیعەی حاجی عەلی موختار و ست ناجیەی شەرەف و ست حەمدیەی خێزانی شەعب و پلکە سوراحی و پووزەکزە و پیرۆز و پلکە شەمێ و ئەستی کانیکەندی و بولبول حەییوم شەنگ مێرەم و سەحەر و فەتێ رابی و کافیەی مەلایان و فەقێ گورێ و یایەی دایە و ئۆیە، ... چەپکێ گوڵی گەش و ڕەنگاوڕەنگن لە وراتی کۆیە، گوڵی بێ دڕکی باخن، هەڵکەوتەی زەمانی خۆیی و قۆناخن، پۆلێ مەلی بەهەشتن، لوتکەی ڕێز و ڕەوشتن، بەردی بناغە و قەڵان، کیژان دەچنە مێرگوڵان. لە زۆر بوار پێشەنگن، هەنگوین و کوورەی هەنگن! ژن هەیە مێژوو هەقی دەداتێ، (خەڵکی لادێ بوو دایکی من فاتێ) دایکی حەزرەتی حاجی، شازادە زێڕینە تاجی، خێزانی

حەماغای کۆیە (یاعەیشان) لەیەک سەنگەر دژی عوسمانلی شەڕی کردووە لەگەڵ حەماغا هاوشان، ئاغاژن، بەرامبەر دژمن، وەستاوە، لەو شەڕە حەماغای کۆیە گیراوە، ١٥ ساڵ حوکم دراوە، یەخسیر کراوە بە برینداری، کەچی یا(عەیشان) قوتار بووە بە شاسواری، قارەمانیەتیی عەیشان، شۆرەتی ناوونیشان، عەیشانی ئەبابەکری ڕەمک، بۆ ئازایەتی بۆتە هێما و چەمک!


هەمینە خان

زەینەب خان، (کچە کورد)، درەنگ دەنگی دایەوە، لەبن پەڕی هەور و سامالاَن دۆزرایەوە، خوشکە فریشتە، مەلی بەهەشتە، کەسایەتی و کۆمۆنیست، خوشیی ژیانی خۆی نەویست! گوڵی گەش ئایشە گرووکە، هەنگی کەژ بە شەمەترووکە!

لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ خاتوو (لوتفیە عەبدولقادر) لە شاری کۆیە، لە ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی بوو بە ئاگر، یەکەم تروسکەیە لەناو کورد، تەختی شانۆی پیرۆز کرد. ست خێریەی نەوەی مەلای ڕەش، ساڵی ١٩٥٧ وەک ئەستێرەیەکی گەش، لەسەر شانۆ دەرکەوت عەبای فڕێ دا، حەماسەتی خوڵقاند لە دەقی شانۆ لای دا، ساڵی ١٩٦٠ (ماریا خەممۆ) نووری ڕوخساری بەدەر خست لەسەر شانۆ، ئەو هونەرمەندانە لە مەیدانی هونەرا شارەکەی کۆ، نۆ نەخشە و شازادەن لەسەر تەخت و تاجی شانۆ، بە زیندوویی وشەیەکی ناسک و گوڵێکی سروشتی بن ڕەوەزێک، بکە دیاری نەک لەسەر گۆڕەکەی دروست بکەی گومبەزێک.

***

خاتوو زەینەب شێخ عەبدولکەریم شێخ ئەحمەد بەرزنجی کۆیی (حەزینە) لەناو گوڵدەستەی شاعیرانی ژن یەکەمینە، یەکەم شاعیری ژنە نامەی شیعریی نووسیوە، ئەحوالّی خوشک و برا و دایکی پرسیوە، شاعیر بووە (ئۆباڵ بە مل و ماڵم):

**عەزیزم نووری چاوم نەونەهالم**
**لەدووریت هەروەکوو بولبول دەناڵم**
**مەڵێ خوشکم لەبیری کردم ئاخر**
**بە وەڵڵا هەر لەکن تۆیە خەیاڵم**
**ببووسە دەستەکانی دا خەجیجم**
**سەروڕووی خۆم بەخاکی پای دەماڵم**
**قسەم زۆرە بەرا وەعدی درەنگە**
**تەواو نابێ وەها زوو عەرزی حاڵم**

حەزینە شیعرەکانی پڕسۆز و جوانییە، خوشکی گەورەی سەید ئەحمەدی حوسێنی و نیهانییە، لە نامەیەکی شیعری شەکرقەند، بۆ سەید ئەحمەدی برای دەنووسێ بەچەند بەند:

**ڕووحی ڕەوانم کاکە سەید ئەحمەد**
**یاخوا مەحفووز بی لە ئەنفاسی بەد**
**حافزت حەق بێت ناسرت مەولا**
**پشتیوانت بێت هەم ڕەسوولەڵڵا**
**بۆچی قەت جارێ لێمان ناپرسی**
**چما وا چاکە لە کەس نەپرسی**

حەزینە سووتاوە جەرگی، بە (بەدیعە)ی جوانەمەرگی، بەو دەردەوە دەبێ گرفتار، بیماریی نابێ تیمار، لەتاو بەدیعەی کچی، هەناوی هەڵقرچاوە، ئاگری دەروونـی دانەمرکاوە، بە شیعر شیوەنی بۆ گێڕاوە، (هەرناخێکە، لەداخێکە!) سووتانی جەرگ گڕی هەیە، لە کوورەی دڵ ئاگر و پەنگری هەیە، شیعری شینامە

داڕشتووە بە ئازار:

**بریندارم بریندارم بریندار**
**بە فریادم بگەن ئەی قەومە هاوار**
**عیلاجێکم بکەن دەردم گرانە**
**بە لوقمان و حەکیمان ناکرێ چار**
**گوڵێکم چوو لەنێو باغی گوڵانە**
**دەسا چ بکەم!**
**(پەروەردگار)**

پێنجەمین خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بووە (حەزینە) (یەکەم شاعیری ژنە لە بابەتی شینا)، شاعیرێکی وا گەورە، گومناوە و مانگی بن هەورە، بە شیعر شینی گێڕاوە، بۆ کۆچی دوایی مێردەکەی شیعری داناوە، بە شیعرێکی ئاگرین و دڵی حەزین پڕ و پڕبرین:

**ئەی ڕەفیقانی طەریقەت بێن بکەین گریان و شین**
**حەیفە بۆ ئەو قوتبی کامیل کۆچی کرد بۆ ژێر زەمین**
**حەیفە بۆ ئەو کووهی عیرفان و دەلیلی ڕاهی حەق**
**پێشەوای ئەهلی موحەببەت ئەو ڕەئیسولعاشقین**
**ئەو چراغی خانەدانی عیلم و فانۆسی خودا**
**تالیبی ڕاهی خودا وو ناصیبی ئەعلامی دین**
**وەک جەنابی حەق تەعالا مەرحەبای فەرموو لەوی**
**ڕووی لەوی کرد و لە دونیای کرد ویداعی ئاخرین**
**ئیرجەعی عەبدی ئیلا فەرمووی کە موشتاقم بە تۆ**
**(هذه جنات عدن فادخلوها خالدین)**
**قابیزی ئەرواح لەسەردا هات بە ڕیفق و ئیلتیفات**
**قەبزی کرد رووحی شەریفی ئەو عەزیزی نازەنین**

**ئاخری داخی فیراقی نا لەجەرگی عالەما**
**کورد و تورک و هەم عەرەب، هەم ئەهلی دین و غیرەدین**
**بەعزێ کەس شێت بوون لە تاوی هێندێ کەوتنە بەحری غەم**
**هێندەکیش صەبر و ثەباتیان گرت مەلوول و ماتەمین**
**ئەلغەرەز گریەو فیغان و شیوەن و سۆز و صەدا**
**هێند بڵند بوو گەییە گوێی سوککانی چەرخی حەوتەمین**
**سا خودا بمرم لەپاش تۆ کاکە عەبدوڵڵای جەلی**
**ئەم ژیانەم بۆ چییە من پاشی تۆ بە دڵی غەمین**
**ئەی ڕەفیق دونیا وەهایە کەس دڵی پێ خۆش نەکا**
**نەبووە تاسەر قەت لەبۆ کەس تا (رسول المرسلین)**
**دایم و باقی خودایە ماسیوای وی فانییە**
**(کل نفس ذائق الموت)ە بەوی ڕاجع ئەبین**
**ئەی (حەزینە) بەس بسووتێ سووتنت بێ فایدەیە**
**بگرە سەبرێ بەڵکە مەئجووری لە جوملەی صابرین**

***

حەزینە(خاتوو زەینەب) شاگوڵی شیعر و ئەدەب، حاجی مەلا عەبدوڵڵا گفتوگۆیان بووە لەگەڵ شێخ عەلی تاڵەبانی، کە دژی شێخە و کەچی کچی شێخە حەزینەی خێزانی، ئەو وەرامەی خستۆتە ناو دەست و پەلی:

**(هی من عالمێکە وەک جەلی،**
**شێخێکە وەکوو شێخ عەلی)**

شیعری زۆری فەوتاوە، بەس هەندێ شیعری ماوە، شاعیرێک بووە پڕ بەرهەم:

**خوداوەندا بەحەققی ئیسمی ئەعزەم خداوندا بەحق اسم اعظم**
**بە نووری سیلسیلەی ئەولادی ئادەم بە نور سلسلە أولاد آدم**
**بە سووزی سینەیی سددیقی ئەکبەر. بە سوز سینە صدیق اکبر**

**بە سەلمان و بە قاسم باری دیگەر**
**بە شاهی سەفدری کراری حەیدەر.**
**کی از نیروز وا شد بابی خەیبەر.**
**بەحرمت آن حبیب حوض کوثر.**

**به سلمان و به قاسم بار دیگر**
**به شاه صفدر کرار حیدر**
**که از نیروز وا شد باب خیبر**
**به حرمت آن حبیب حوض کوثر**

بەتوانا بووە شیعرەکانی پڕ مانایە:

**شەفیعی ئەووەلی ڕۆژی جەزایە**
**بکەی ڕەحمێ بە ئەحوالی حەزینە**
**فەقیرە، دەردمەندە، بێ نەوایە**

ناوی خۆی بە خۆیەوە حەزین و دڵپڕلەسۆز و بۆنکروون، لە ساڵی (١٩١٨) لە ١٣ی تەموون، بە حەسرەتەوە ماڵئاوایی کردووە، چەند شیعرێک نەبێ شیعرەکانیشی بۆ ژێر گڵ بردووە، دەساڵ پاش مەرگی حاجی مەلا عەبدوڵڵای مێردی، گەردەلوولی مەرگ ڕایماڵی و بردی، ٥٥ ساڵ ژیاوە، مۆمی تەمەنی کوژاوە! خاتوو (زەینەب حەزینە) شیعرەکانی مێژوویینە، لە شیننامە و شیعرنامەی، تیژ بووە نووکی خامەی! (یەکەم شاعیری ژنە، لە شیعرنامە و شینا)! گوڵێکی شاراوەی گەشە لەناو گوڵانا. لەگەڵ «با وجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری» دەست لەملانە!!.



**نەزەندخانی غەفووری**



**پورە عەیشێ**



ست لوتفیە



ست نەجیبە شەڕەف



ست حەمدیە



خاتوو فاتم



یاعیفەتی حاجیە گەورە



کافیەی مەلایان



عاسمە کوردستانی

سەرچاوەکان:

١-سەرجەم بەرهەمەکانی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە-د. کەمال.

٢-مێژووی جەلیزادە-نووسینی نەجیبەخانی جەلیزادە.

٣-وتە و پەند و قسەی نەستەق.

٤-کۆیە و شاعیرانی-کەریم شارەزا.

٥-ناودارانی کۆیە-عەبدولخالق عەلائەدین.

٦-مفتی زەهاوی-شێخ محمەدی خاڵ.

٧-گۆرانییەکی هونەرمەند (عەدنان کەریم)ە.

ڕوونکردنەوە:

+/ هەر ئافرەتێ ناوی هاتووە شاکارێکی هەیە لە خەبات و خوێندن و قارەمانیەتی.

+/ زبێدەی رەشیدی حاجی عەوڵای غەیری، دز چۆتە سەریان دەستی لە کونی دەرگاوە هێناوەتە ژوور بەقیمەکێش دەستی دزەکەی پەڕاندووە، بردوویەتی بۆ سەرا.

+/ فەتێ عەیشێ سوختەخانەی گەورەی هەبووە دەرسی گوتۆتەوە بە مامۆستا زەکی هەناری و خوێندەواریی بڵاو کردۆتەوە.

+/ ست حەمدیەی حەمەدەمین کەبابچی (گۆجە) لە شۆڕشی ئەیلوول و لە ژیانی پارتایەتی زللەیەکی لە ئەفسەرێک داوە ناوی (عەدنان) بووە، ست حەمدیە خێزانی عیسامەدین شەعب بووە.

+/ ئۆیە: حەلیمەخانی کچی حاجی یاسین دایکی ئەمیناغای ئەختەر و خێزانی حاجی بەکراغا و کچی خاڵی بووە، لە دیوەخان دادەنیشێت کەوایەکی لەبەر بووە سێ باغەڵی هەبووە بۆ پارە و هاوکاریکردن! قەتارەی زێڕ و سەروبەندۆکە و کرمۆکەی لەسەر کڵاوی بوو، پارەی لێ دادەنا بۆ ئەوەی زووتر دەستی بگاتێ، کارەکەر و پیاوی هەبووە، قەنەنەی کێشاوە، لەدوای کۆچی ئەمیناغا لە دیوەخان دانیشتووە گەورە پیاوانی کۆیە چوونەتە دیوەخانی.

+/ پلکە سوراحی: دایکی باوکی ناوداران (ئەحمەد دڵزار و کەریم شارەزا و خوشکە فریشتە) بوو، قسەی شیعر بوو خوشکی هەقی ئەمیناغای ئەختەر بوو، حەکیم و شاعیر بوو.

+/ پیرۆز: دایکی جەمیل سدقی زەهاوی بووە، خەڵکی کۆیە بووە.

+/ ئامینەخانی حەوێزی، خێزانی ڕەئیس بەکراغای حەوێزی بووە، خانەدان و کاروباری دیوەخان و جووتیارەکانی شیوەشانی بەڕێوە بردووە، دایکی (ئەردەڵان و ئەلوەند و دڵزار و هێرش) دەکات.

+/ قانیعەی حاجی عەلی موختار خێزانی شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید بوو، دایکی ڕێباز و ڕەوا، تورکمان بوو بەڵام لەپێناو مێردەکەی خەبات و کوردایەتیی کرد و شووی نەکردەوە گوتبووی پیاو نییە بگاتە ئاستی مێردەکەم لە دوای ئەو کەس نییە شووی پێبکەم، شووی نەکرد تا کۆچی دوایی کرد.

+/ ئایشێی خەمان دایکی مامۆستا عەلی حەوێز و مەغدید بەلۆعە بوو ژنێکی بەخەم و خانەدان عیزەتی نەفسی گەورە بووە.

+/ ست لوتفیە شەرەف لەگەڵ نەجیبەخانی جەلیزادە لەگەڵ کوڕان خوێندوویانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نموونەی نەبووە.

+/هەمینەخان (شەهید کرا) دایکی (د.ساڵح و سەلاح و سەباح و د. سەبریە و د. عەتیە و ئازاد و سەیفەدین و سەرباغ و سلێمان) پووری شەهیدی سەرکردە د. خالید بووە، ئەویش پەروەردەی کردووە. خەسووی (د. بەرهەم و د. نووری تاڵەبانی و وشیار کاکە زیاد)

+/ فاتمە بسکزێر کچەزای شێخ محەمەدی بریندار و دایکی سەید برایم و د. سەید ئەحمەد بەرزنجی.

+/یاعیفەتی حاجیە گەورە ژنێکی شیووعی و ئازا و شاعیر بوو.

+/نەزەندخانی غەفووری: ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ فەیزوڵڵاغای یارەمیش بەرگرییان کردووە و شەڕیان کردووە لەگەڵ حەرەس قەومی شکاندوویانن!.

+/مونیرەخانی جەلیزادە یەکەم ژنی شەهیدە خۆی و منداڵەکەی باوەش و کۆرپەی ناو سکی شەهید کراون لە ساڵی ١٩٦٣.

+/عاسمە کوردستانی: تێکۆشەرێکی پارتی و ئاوارە و بەبیروباوەڕ تا مرد کوردایەتیی کرد.

+/پلکەشەمێ: کە عوسمانلییەکان هاتوونەتە کۆیە کەس تورکیی نەزانیوە، ئەو پلکەشەمێیە وەرگێڕ بووە، کاری وەرگێڕانی کردووە لە مەجلیسی گەوران شیعری فارسی خوێندۆتەوە!


+/بولبول حەییوم: جوولەکە بووە، دەنگخۆشێکی وا بووە دەگمەن بووە لە مەجلیسی پیاوانیش گۆرانیی گوتووە، باوکیشی لەوێ بووە.

+/ کافیەی مەلایان: دوکاندار بوو لە ناوجەرگەی بازاڕی شاری کۆیە، لە دوکانەکەی پیاو دادەنیشت و دەنگی ئێجگار خۆش بووە لە ماڵی مەلای گەورە نزیک بووە.

+/خاتوو فاتمە: کچی سەید حەمەدی پیرخدرییە،دایکی مامۆستا سابیر و مامۆستا تەها و کامەران و سەلاح و هۆشەنگ و قاسم و شەهید زاهیر حەمەد تەها. کە شەهید زاهیر و بووک و نەوەکانی ئەنفال کران، چووبووە کن سەدام حسین سەرۆک کۆماری عێراق، پێی گوتبوو تۆ کوڕ و بووکەکەم و منداڵەکانت عەفوو کردبوو بۆ نەگەڕانەوە، سەدام گوتبووی شتێکی دیکەیان لەسەر نەبێ دەگەڕێنەوە، خاتوو فاتم گوتبووی کەی دەگەڕێنەوە ئەوە دوو مانگە خۆت بڕیارت داوە، سەدام بە توورەیی پێی گوتبوو: لەسەری مەڕۆ!!

+/ باوجودی مەرتەبەی پێغەمبەری ئاماژەیە بۆ شیعرێکی شێخ رەزای تاڵەبانی. مەبەست حاجی مەلا عەبدوڵڵای مێردیەتی.

*/ئەستی کانیکەندی: دەنگخۆشێکی دەگمەن بووە، زانای مەزن مەسعوود محەمەد باسی کردووە بە دەنگی سەرسام بوو.



هونەرمەندی گەورە مامۆستا سەردار باب سەردار (١٩٤٥-٢٠١٩)

## ١٦

## سەرداری باب سەرداری، شای شمشاڵ و فلووت

بۆ مێژوو لە مێژە کۆیە بە مەکۆی هونەر و ئاواز و گۆرانیی ڕەسەنی کوردی دەرکەوتووە، مەڵۆیەک بەهرەدار و داهێنەر و هونەرکار و خۆشخوانی لێ هەڵکەوتووە، لە دەستنووسێکی کتێبخانەی جەلیزادان، بەڵگەی مەقام و خەتخۆشی دەکەوێتە بەر دیدە و یادان، بەر لە نزیکەی (٦٥٠) ساڵ، مەقام و خەتی خۆش لە کۆیە بۆتە موڵک و ماڵ، لە کتێبی ئیمام نەوەوی بە ناوی (الاذکار) کۆییەک بە ناوی (عومەر کوڕی خدر کوردی) خۆشخەت و مۆسیقار، مەقامی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژئاوای عەرەب بڵاو کردۆتەوە، زاتەن ئەو زاتە مەزنە ناویان لەبیر چۆتەوە، گوڵ دەوەرێ، درک دەمێنێتەوە، زانای مەزن مەسعود محەمەد دەڵێ (مۆسیقاری هەرە زلی ئیسلام ڕۆشنبیرێکی کۆیی بووە، ڕاستی بۆ چووە، مەبەستی لە عومەری کوڕی خدری کوردی بووە، مەلای گەورەی کۆیە فەرموویەتی: لە کوردستانی ئێران گۆرانی کە دەبوو پەیدا، لە سلێمانی تەوش و تراش دەکرا، لە شاری کۆیە لە چەرخ دەدرا، ئەو ڕاستییە سەلمێندراوە، کە عەبدولواحید ئاغا مستەفا نۆتەی لە مۆزیکی کوردی هێناوەتە ئاراوە، سوڵتان موزەفەرەدین یەکەم کەس بووە مۆسیقا



**٢٠١٥/١٠/٢٠ کۆیە/ئارامگەی هونەرمەندی گەل(تایەر توفیق) ڕەهبەر سەید برایم، شۆڕش کاکە، مامۆستا سەردار، مامۆستا باکووری، هونەرمەند عەدنان کەریم**

و گۆرانیی هێناوەتە قەڵای هەولێر و دەشتی شارەزوور، مۆرکی کوردن دەف و تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا و دووزەلە و شمشاڵ و کەمانچە و تەنبوور، پەندێکی باوە کە دەڵێن، عەرەب وێن تەنبورە وێن، مۆزیک و مەقام بۆتە میراتێکی کۆنی کۆیە، بۆیە بەو هۆیە، (جەلال حەوێزی کەمانچە و قادر ئاغای سلێمانئاغای محمەدئاغا قانوون و مەلا فەتحوڵڵای مەلا عەباسی غڕامافۆنی) هێناوەتە کۆیە، مەلا ئەنوەری تایەر مام خدری سالحی (١٩٤١-١٩٩٦ کۆیە) یەکەمین قانوونژەنی ئەکادیمی بووە لەناو کوردا، (مەشقی چییە پەروانە لەگەڵ شەوقی چرادا) ئەشقی مۆزیک لە کۆیە گەیشتۆتە کەشکەلان:

**لوتکەی مۆزیک و کێشکێ و فاتمەلان**
**جوولەی دار و ئاو ئاهەنگی مەلان**
**زایەڵەی زوڵاڵ سۆز و سۆلۆیە**
**سەرچاوەی هونەر وراتی کۆیە**

مەل بە ئاواز، مرۆڤ بە گفتوگۆ، کۆیە بە هونەر و زانست و سیاسەت دەناسرێتەوە، بە مێشکوشک و قینلەدڵ و فەرامۆشی مێژووی کۆیە ناسڕێتەوە،

مانگ تریفەی خۆی دەدا هەرچەندە گورگ بلووریێ، وەڕینی سەگ زیان بە هەور و ئاسمان ناگەیێنێ! مۆزیک زمانی هەموو مرۆڤە، وتوویژی فریشتەکانە، ڕەنگدانەوەی ژیان و دەنگدانەوەی دیمەن و سروشتەکانە، مانگ و ئەستێرە و هەتاو گەوهەری ئاسمانن، مۆزیک و گۆرانی ئارامی و بەختەوەریی گیانن، مۆزیک بۆ (گەردوون ڕۆح و عەقڵ) باڵە، خۆشی دەبەخشێت گەشتی خەیاڵە، ڕەهەندی ڕووحانییە، ئاسوودەی ویژدانییە.

لە شارەکەی کۆیە لەو ئولکە، فەرخە شالووریێ ترووکا لە هێلکە، گریان و زیقەی (مۆسیقا)، تاکوو باڵی دا لە شەقا، مام ئەحمەد دای لە قاقا، هەڵفڕی بۆ سەردار، ناو نرا سەردار، مام ئەحمەدی مامە عەدە ناسرا بە باب سەردار، نۆبەرەی کوڕ بوو، بەختی پڕ بوو، دوور لە چاووزار، کۆرپەکەی کغەکغی بووغە بووغی کۆتر بوو، گوێ مۆسیقی و گڕوگاڵی زیاتر بوو، شەقشەقۆکەی ناو لانکی، لەگەڵ لایەلایەی دایکی، بۆ نۆبەرەی ناز، دەبوون بەسۆز و ئاواز، باب سەردار، وەک درەختێکی بەردار، نەدار و دەلاڵ بوو لە گەراج، بە سەپانی خۆی نەدەزانی شای خاوەن تەخت و تاج، پەنجە ئەستوورەکانی لێک دەدا و دەچووقاند، بە پارەی ئاسن ئاوازێکی وای دەخولڤاند، بەرەبابی باب سەردار کۆیین، بەڵام بە ڕەچەڵەک بەهۆز ئاکۆیین، سەردار بە منداڵی، عەشق و خولیا و خەیاڵی، خووی دابووە نایە و شمشاڵی، بە هەناسە و پەنجەی دەست، دەیبزواند هەست و نەست، لەناو ئامێرێکی فووداری کونکون و بۆش، خەڵقی دەکرد ئاوازی بەجۆشوخرۆش و خۆش، چرا و مۆم و لالە دەکووژێنەوە بەفوو، ئەو کەفووی پێ دادەکرد مانگە شەو پەیدا دەبوو! مامۆستا سەردار سەری بەرزە، زێڕینە تاجی، یەک لە دامەزرێنەرانی بەردی بناغەی تیپی مۆسیقای باواجی، بە دەنگ و ڕەنگ و سەنگ و ڕەواجی، لە بەغدا ساڵی ١٩٦٧، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەرچوو و سەرکەوت، وەک ژەنیارێکی ئەکادیمی دەرکەوت و هەڵکەوت، حەرفی مەکتەبی خوێند و لە کۆیە و بەغداد، بوو بە مامۆستای مۆزیک و ئوستاد، لە قامیش و دار




**٢٠/١٠/٢٠١٥ کۆیە/گۆڕستانی شەهیدان ، یادی ٢٨ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەل (تایەر تەوفیق )**
**مامۆستا سەردار، رەهبەر سەید برایم، مامۆستا باکووری، شۆڕش کاکە، لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەندی ١٤ی کۆیە**

و ئاسنی ڕووت، داهێنانی داهێنا لە شمشاڵ و فلووت، دار و ئاژەڵ و گوڵ و مەل و پەپوولە، دەکەوتنە سەما و خۆشی و جۆش و جووڵە، ڕەنگاڵە و چۆلەکە و کۆتر و ڕیشۆڵە و بولبول هەڵدەفڕین، کۆ دەبوونەوە لەسەر دار، کە سەردار شمشاڵی بۆ دەژنین، گوێیان هەڵدەخست بەو چەشنە، بەرۆح دەبوون ئاشنا، لە شیوی ڕەزان و ناو باخان، لە قۆنگرەی سەرشاخان، کە شمشاڵی لێدەدا، دەبوو بە سیمفۆنیا و سەدا، دار و گیاندار و مار و باڵدار و دار و دیوار دەبوون بە گوێ! دەکەوتنە ماتی و خۆشی و بۆی دەهاتنە سوێ! لە ڕەگی ڕۆح و لە دەنگی قوڕگ و لە قامکی یاقووت، داهێنانی دەخوڵقاند لە شمشاڵ و فلووت، سۆزی ئاوازی، زایەڵەی سازی، باخچەی گوڵڕێژ بوو ڕۆحی دەگەشاندەوە، گوڵ و درەختی دەلەراندەوە، بە سۆزی شمشاڵ، بە شنەی شەماڵ، هەست پێ دەکرا ڕۆحیان تێدایە دار و درەخت و گوڵ، نەک هەر گیاندار و مار و مەل و بولبول، بە ئاوازی خۆش، مەست بوون مەدهۆش، کە ئامێرە فوویستەکانی دەزرنگایەوە، بە هونەری دەهێنایەوە، دەنگی دەدایەوە، قافڵەی لە عەجەما دەگێڕایەوە، بووکی کەرکووکی جوانتر دەڕازاندەوە،

گۆرانیی بووکی کەرکوک هێند هێسکسووکە، وەک کۆترێکی پێ بەتووکە.

**(یارەکەم دەڵێی بووکە**

**جوانی شاری کەرکووکە**

**شمشاڵێکی بۆ دەنێرم**

**دارەکەی بەلاڵووکە**

**شنەی شەماڵ لەو لایە**

**لە شنەی شەماڵدایە)**

بە هەناسەی دەم ولووت، کە پەنجەکانی دەبزووت، لەسەر شمشاڵ و فلووت، لەگەڵ جوانیی مانگە شەوا، دەبووە یەک ئاواز و نەوا، خۆشتر دەبوو کەش و هەوا!

**(لەگەڵ ئەو مۆسیقایە**

**کە شایانی سەمایە)**

سروودی ئاگرین و مارشی شەڕ بۆ سەرباز و چەکداران، هاندانی شەڕە و حەماسەتخوڵقێنە بۆ کوشتن و خوێنڕشتن و ئاگرباران، ساڵی ١٩٧٤ لە دەستپێکردنەوەی شەڕ و هێرش، مامۆستا سەردار، دەبێ بەشدار لە تیپی مۆسیقای شۆڕش، بە فلووت و شمشاڵ نەک بە ڕەشاش، لە شاخ و ناو داروبەرد و تەراش! بۆ دڵسۆزی و کوردایەتی، هونەر سێبەرە بۆ مرۆڤایەتی!!

مامۆستا سەردار، وەک ژەنیارێکی ڕێزدار، شیعرەکەی گۆران بۆ دەروێش عەبدوڵلای بەهرەدار، نایگرێتەوە سەرداری بابی سەردار، چونکە خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بووە لە ناو دۆست و دوژمندا!.

**بەڵێ دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار**

**وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا**

**بەلام تەختی ڕەفاهو تاجی حورمەت میللەتی هۆشیار**

**بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کونکوندا**

کام گوڵی گوڵزار، بلوێری شوانی دەوڵەمەندترین مەڕدار، بولبولی سەر دار، قەت ناگاتە بەهرەی مامۆستا سەردار، بەرزە ناوبانگی، وەک ئەستێرە و مانگی، نە دەروێش عەبدوڵڵا نە قالە مەڕە، ناگەن بە ئاستی سەردار چونکە ریزپەڕە، لوتکەی هونەرە، ئەکادیمی و ڕاهێنەر و داهێنەرە، چەندان هونەرمەندی پێگەیاندووە، لە باخی هونەر گوڵی جوانی چاندووە، لە کونی ئامێرە فوودارەکەی، لە فلووت و شمشاڵە کانزا و دارەکەی، بە ئەفراندن و ئەفسووناوی، بە ئاوازی سیحراوی، چریکەی بولبول، نۆتەی شالوور، قاسپەی کەو، ئاوێتە دەبوون لەگەڵ جوانیی دیمەن و مانگەشەو، سەردار سەردارە شتاقە ژەنیار ناگەن بەو، جێکونی ئامێرەکەی ببووە کونەکۆتر و هێلانەی بولبول و گەرووی ئاوازی مەلان، بۆ شنەبا و هارمۆنی و ڕیتم نۆتە ببووە! (دەروێش عەبدوڵڵا) تێکچووە زەوق و مەزاجی کوردەواری، لە هیچ لایێ، دەخیل و هاوار دەنگی شمشاڵ نایێ، نە لە چنارۆک و باواجی، نە لە کۆیە و کۆساری، نە لە شانۆ و گەشتیاری، بولبول خامۆش بوو، کاتێ نەخۆش بوو، دەپاڕاینەوە، دەمانگوت دەهەستەوە، بەو سۆز و هەستەوە، بەو دەمولێوە، قامکان ببزێوە، بە شمشاڵ و فلووت، و بەهەناسە و فووت! دەرسێکی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بڵێرەوە، بەزمێ ساز بکە بە گۆرانی و بلوێرەوە، ئاواز و سۆزێ، عەرش بلەرزێ!

**(سەحەر بێنێتە گریان و قسە سحری پەرینەغمە)**

**(گوڵ و گوڵزار، دار و درەخت دەگریەن ئاوی چاویان شەونمە)**

مردن چرکەیەکە ژیان تەمەنێک، ئەوانەی پاڵەوان بوون رمبەی پێیان دەهات زەمەنێک، ئەمێستا لەژێر خاک ڕاکشاون، لەسەر زەوی نەماون، ئەی مرۆڤ بەچی دەنازی، بۆ هێندە بێ باکی، لاشەی بەنازت دەڕزێ دەبێتە مشتێ خۆڵ و خۆراکی خاکی! مرۆڤ چەند بەتوانا و بەدەسەڵات بێ، دروەستی مردن نایە، ئەوە سروشتی چەرخی زەمانە و کۆنە دونیایە، ژیان ڕێپێوانێکە بەرەو بارەگای مەرگ، مرۆڤ بە ڕووتی لە دایک دەبێ، کفن دەکا بە بەرگ، مردن گاڵتە بە پزیشک و پارێز و



پەیکەری مامۆستای گەورە سەردار باب سەردا لەبەردەم تیپی مۆسیقای باواجی

دەواودەرمان و نزا دەکا، هەرگیز مەرگ مەودا نادا مرۆڤ چ بکا و چ نەکا! بەربەرەکانیی مردن ناکرێ، مردن چارەسەری نیە و مردن نامرێ! بۆیە شیوەنێکم پێیە (نەی) نەیکردووە، گەرچی پەنای بۆ تەشریبی ئارەق و مەی بردووە، ژیانی پیر و نەخۆش وەکوو گڕی مۆمی دەم با دەکووژێتەوە، ئەوەی ڕۆیی نایەتەوە، مۆمی تەمەن دەتوێتەوە، هونەرمەندی ناودار، مامۆستا سەردار، ساڵی ٢٠١٩ لە هەژدەی سێ، چیتر مۆمی تەمەنی داناگیرسێ، بە ڕووناکی، نۆتەی پاکی، ڕێگای هونەری گەشاندۆتەوە، ئەی سەردار شێوەتم بیرکەوتۆتەوە، چونکە خەڵک بە تابلۆیەکی جوانی دیوی، بە چاویلکە و گرتنی ئامێری فوویست بە لانیوی! بەسەری سپی و کراسی سپی و ڕانکوچۆغەی شاڵ، شادترین هونەری دەنواند بە فلووت و شمشاڵ، لە قووڵایی دڵ، بە دەماری مل، دەموپل گوڵ، خۆشتر لە بولبول، ڕۆیی بۆ بەهەشتی هونەری لە تەمەنی ٧٤ ساڵی، وەستا دڵ و هەناسە و وەستا و مامۆستای فلووت و شمشاڵی، ئەگەر وەک گۆران بکەوینە وای وەیلا داد:

**ئەجەل داد، ئاسمان داد، عەرشی خوا داد**

**حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد!**

(تاقە گوڵەکەی من بۆچی) ڕۆیشتی، (ڕەقیب چی گوتووە) خۆتۆ بەهەشتی!
بە گۆڕانکاری و هونەر و بەهرەی وەستاکار، بە تیۆریی و بەکردار، سەردارە سەردار:




٢٠١٩/٢/١٣ گتێبخانە گشتییەکانی کۆیە مەراسیمی ڕێزلێنان لە هونەرمەند مامۆستا سەردار



ڕەهبەر سەید برایم لە کاتی پێدانی خەلاتی ڕێزلێنان کە ئاڵای زێرینی کوردستانە بۆ هونەرمەندی گەورە سەردار باب سەردار ، ٢٠١٩/٢/١٥ - کۆیە

**لە ئولکەی عیشقدا بۆ چوونەسەردار**
**بە ئاسانی مەزانە بوونەسەردار**
**هەیە گەر عیشقی سەرداری لەسەرتا**
**بکە مەشقێ لەوانەی چوونە سەر دار**
**وتی میوەی بەهەشتە شیعری مەحوی**
**خودا نەبڕێ لە باغم داری بەردار**

سەرداری باب سەرداری، بە خۆشەویستی و نازداری، رووحی زیندووە، ناوی لە مێژووە، لەناو ویژدان و دڵە، تا مۆزیک بمێنێ، گلکۆیەکەی پڕ لە گوڵە.

**یـــــــادت بەخێر ، شای فلــوت و بلــوێر**
**نەک مەداڵیادی زێڕ ، شایانتە پەیکەری زێڕ**

سەرچاوەکان:

+/ پەندی زانایان

+/ دیوانی ڕاجی

+/ دیوانی گۆران

+/ حاجی قادری کۆیی بەشی یەکەم (مەسعود محەمەد)

+/ مێژووی کۆیە (تایەر حەوێزی)

+/ دیوانی مەحوی

+/ کوردستانی نوێ ژمارە (٧٧٨٥) لە ٢٠١٩/٩/٨ سوڵتان موزەفەرەدین لە نووسینی (خەسرەو پیربال).

+/بەر لە بڵاوبوونەوەی نیشانی هونەرمەندی گەورە (مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی) دراوە وردە تێبینی هەبووە ڕەچاو کراوە.

+/ شیعری ناو کەوانەکان گۆرانیی تیپی باواجی کۆیەن!



شاعیر بایز توفیق دەرباز

## ١٧
## شاعیری بێ ناز، پایز دەرباز

ژیان کاتێک چاکترە لە مردن، ناو و ناوبانگت هەبێ لە چاکەکردن، لە هەرشوێنێک خەڵک ترسا لە دەسەڵات، واتە زوڵم و ستەم فەرمانڕەوایی دەکات، لە هەرکاتێک دەسەڵات لە خەڵک ترسا، واتە ئازادی حوکم دەکات ئەمە وتەی زانای مەزن (ترماس)ە. ئەو مرۆڤەی دەروونی ئارامە، بیر و کردەوەی جوان و وتەی بەتامە، ڕوخساری مرۆڤ کتێبێکە دەخوێندرێتەوە، گوڵی زیندوو هەرگیز بێ ئاو ناگەشێتەوە، گوڵەکان، بۆ گەنجەکان گەشاونەتەوە، دڕکەکان، بۆ پیرەکان بەتیژی ماونەتەوە، پیری دۆزەخی ژیانە، بێ برستی و نەخۆشی و ژانە، جەستەی نەخۆش نەخۆشخانەیە بۆ گیان، تەندروستی گەورەترین سەرمایەیە لە ژیان، ژیان فەرشێکی ڕەنگاوڕەنگ و بەنەخشونیگارە، تێگەیشتنی ئەستەمە ئاوێتەی خەم و خۆشی و دژواری ڕۆژگارە:

**دنیا پڕ ئێش و دەرد و ئازارە**
**پڕ لە دەرد و خەم ئۆف و هاوارە**

ژیان خەیاڵە، چەشنی منداڵە، هەردەم سەرقاڵە، نەمردن مەحاڵە، هیچ ڕێگایەک دوور نییە، مرۆڤ گەر لەسەرەخۆ بڕوات، کۆڵ نەدات، هەر بە وێستگەی ئاوات دەگات، ژیان زنجیرێکە ئەڵقەکەی مەرگە، هەراز و نشێو و شکست و سەرکەوتنی ئاشتی و جەنگە، بۆیە شاعیری بێناز، بایز دەرباز، بە مەبەست و نیاز، بەهەست و شێواز،وێنای ژیان بە شیعرێک هەستی خۆی دەنوێنێ:

**ڕۆژگاری ناهەق پیاو دادەهێنێ**

**نەمامی گەنجی دادەچەمێنێ**

**هەوراز و نشێو بە چاو دەبینێ**

**لێدان و ئازار لە گیان دەمێنێ**

کۆیە شارێکە هەر کۆڵانێکی دەیگری بەهرەیەکی تێدایە، لە زانست و سیاسەت و بەهرە و هونەر لەبن نایە، لەو کەشوهەوا سازە، لەو هەوار و هێلانە وازە، شاعیری هەیە بە ئەندازە، شاعیرێک بەسۆز و ڕاز، بەنازناو دەرباز، بایز تۆفیقە سووری سابیراغای سادقاغا، بەڕەچەڵەک ئاغای غەفوورییە لە وەجاغا، لە شاری کۆیە ساڵی ١٩٤٦، لە گەڕەکی قەلات دەکەوێتە ناو بێشکە و باوەش، تا سێی ناوەندیی خوێندووە، خوێندنی تەواو نەکردووە، ساڵی ١٩٧٠ پەنای بۆ شیعر بردووە، بە نیازی شیعر لە دەریای وشکی خەیاڵ دەکەوێتە مەلە، فرمێسکی شاعیر هەتوانی برینەکانی کۆمەڵە، شیعری ڕازاوە و ڕووکەش، وەک سێوێکی لاسوورە و گەش، کە بێناوەڕۆک بێ، دەبێ پووچ و کرمۆک بێ! لەو ڕۆژگارە، سەخت و نالەبارە،بایز دەرباز، بۆ(٥)ساڵان کراوەتە سەرباز، ساڵی (١٩٧٣)، تروسکایەکی بۆ دادەگیرسێ، دەبێتە ڕابەری دارستان، لە ریزی کاربەدەستان، بە هەموو توانا و هێزی، ژینگە و سروشت دەپارێزی، بۆ جوانیی سروشت و دارستان شیعر دەنەخشێنێ:

**نێر و مێ دەبێ نەمام بڕوێنێ**

**کاری سەرشانی بەجێ بهێنێ**

**ئەوەی مرۆڤ بێ دەبێ بیچێنێ**

**بۆ خۆشیی گەل و وڵات بمێنێ**

**بچێنە مەبڕە داری دارستان**

**پارێزگاریی کە بەدڵ و بەگیان**

**هەتاکوو وزەت بەدڵ و بەگیان**

**نەمام بڕوێنە لە بۆ نیشتمان**

دەیزانی جوانی ڕاستەقینە سروشتە، جوانی بەرزترین و تەواوترین شتە، سروشت لە شیعر بەرزترە، دڵگیر و بەسۆزترە، دەرباز پێی وایە:

**دارستان بینای خۆشیی دونیایە**

**بەرهەمی بیر و هۆش و بڕوایە**

**سەیری ئاو، باغ و گوڵ و گوڵزار کە**

**نیشانەی دەستی پەروەردگار کە**

بایز دەرباز، بە ئاوات و ڕاز، عەوداڵی شیعری (سامی عەوداڵ) بووە، خوێندنەوە و هۆنینەوەی شیعری لە خەیاڵ بووە، لەگەڵ (سەعید دڵکۆ) هاوڕێ و یەکماڵ بووە، هاوڕێی وەفادار، چاکترە لە کەس وکار:

**ئەوکەسەی دۆستی گیانی گیانیتە**

**دۆستی نەبوونی و لێقەوماویتە**

**بەو کەسەی دەکرێ بڕوا و متمانە**

**پابەندی وەفا و عەهد و پەیمانە**

**سەد چاکە بکەی لەگەڵ ناپیاوا**

**کە بێ دڵیت کرد دەیدا بەئاوا**

لە دەروازەی شیعرەکانی بایز دەرباز، کە دەستنووسەکەی دەبێتە بانیژە و بەردەباز، هاوڕێیەتیی نێوان دەرباز و دڵکۆ، لەگەڵ یەک خۆشەویست و ڕاستگۆ، هەروەک برادەرایەتییان پیرۆز و پڕسۆزە:

**جەژنی ئازادی دڵکۆ نەورۆزە**
**شادی سەرفیراز لەم گەل و هۆزە**
**دەست دەخەینە دەست لەم نزیکانە**
**شاخ و بەرد و چیا لەم کوردستانە**
**دڵنیا بە (دڵکۆ) دەکەین جەژنانە**
**لە شاری حاجی لەم کوردستانە**
**بە شادیی کورد و نەوەی نیشتمان**
**هەر دەرباز دەبین (دڵکۆ) بزانە**

بۆ پاکی و دڵسۆزیی هاوڕێیەتیی نێوان دەرباز و دڵکۆ، قەڵەمی (قەڵەمی من) سامی عەودالْ بۆیان هاتۆتە گۆ:

**نامەی پیرۆزی دەرباز و دڵکۆ**
**دڵمی دابین کرد هاتەوە سەرخۆ**
**کاتێ پێم گەیشت لە ژان و ئازار**
**دەهەژا دەستم هەردووک لە ئەژنۆ**
**کە نامەم وەرگرت لەم دوو شاعیرە**
**تازە جەوانی لاوی شاری کۆ**
**بیرم حەساوە دڵ چوو بۆ باغی**
**بەخەندە و قاقای پێکەنین دەیگۆ**
**لەگەڵ دەرباز و دڵکۆی خۆشەویست**
**بڕۆین بۆ باغی شەوانی شەوبۆ**
**سامی لە مێژووی ویقار و ئەسعار**
**هەرچەند نەدار بێ بێنان و بێدۆ**

بەرزترین خۆشبەختی خەیاڵی فراوان و دڵێکی پاکە، ویژدانی ئاسوودە و کرداری چاکە، بایز دەرباز، بەکار و ساز، بەنیاز دەبێ:

**مرۆڤ کار بکا هەر دەرباز دەبێ**

**دایم سەربەرز و سەرفراز دەبێ**

بایز دەرباز، شاعیری سینەواز، خاوەنی (١٢٠) پارچە شیعر و (٥) ڕۆڵەیە بە ناوی (ڕێباز – ئاراز– ئارام – ڕەنج – شێواز) لە شیعرێکی بە ناونیشانی (سەرباز) کە دەربڕی ناخی ویژدانە:

**خاک و خۆڵەکەی ئەم نیشتمانە**

**بە زاخاوی بیر تا خوێن لەگیانە**

**دایە گیان ئەوا هەستی دڵی خۆم**

**وا سارێژم کرد دڵی کوڵی خۆم**

**ئیتر خوات لەگەڵ بە خوات دەسپێرم**

**وشەی (دەرباز)ە لە هەست و بیرم**

بەر لە مەرگی بە کپداگەڕانی مێشک، نیوەی جەستەی شەپڕێو و وشک، بەو حاڵەش بێ سارێژ، پشوودرێژ، ئازارچێژ، دەهاتە بۆنەکان و بنکەی گەلاوێژ، هەستی کردبوو دەمرێ، لە شیعرێک بە ناونیشانی (لەشکری) پێی وابوو چاک نابێتەوە، مۆمی تەمەنی دەکووژێتەوە، بۆیە شیعرێک دەهۆنێتەوە:

**پێنووسی خوایە ڕەش نابێتەوە**

**چۆن لە چارەت بێ وەها دێتەوە**

**لەشکری غەم هات وا دەبڕێتەوە**

**کاتێ ئەجەل هات ناگەڕێتەوە**

**سووتام و برژام لە کونجی خەما**

**سەرم لێ شێوا ژیانم نەما**



**٢٠١٩/٤/١٨ ڕەهبەر سەید برایم، چالاکی کەسی کاکی، ئەکرەمی مەلا فەتاح، جەمال حەوێزی سەنتەری گەنجانی کۆیە ، کۆڕی چلەی ماتەمینی بایز دەرباز**

لە ٢٠١٩/٣/١٤ بنکە و بارەگای دەپێچێتەوە، بەرەو دواهـەواری گۆڕستانی (کەکۆن) دەگوازێتەوە، جەستە دەڕزێ ناو و ناوبانگ دەمێنێتەوە.


سەرچاوە:

+/ ئەندێشە و ڕەفتار- کۆکردنەوەی (بەهرۆز سەفاجو) وەرگێڕانی لیلۆز ئیبراهیم ئەحمەد.

+/ دەستنووسی بایز دەرباز.

+/ پەندی پێشینان.




## ١٨
## مستەفا ساڵح کەریم
## یەکەم گۆشە نووسی کورد
## (١٩٣٣-٢٠١٨/١٢/١٦ سلێمانی)

مرۆڤ بە گریانەوە دێتە ژیان و سەرزەوی، کە تێر گریا ئەوجا لەژێر خاک بە هەمیشەیی لێی دەکەوی، مردن درۆ ناکات، بۆ ژێرخاکت دەبات، ڕاستی وەک هەنگ وایە، دەروونی هەنگوینی تێدایە، چزووشی هەیە ژەهرە، تاڵی و شیرینی ئاوێتەی ژیان و دەهرە، مرۆڤ تێکەڵاوی زەردەخەنە و فرمێسکە، پێکهاتەی خوێن و دەمار و گۆشت و هێسکە، کەس لە نهێنیی مەرگ و ژیان ناگات، مرۆڤ خۆراکی خاکە و خۆراکی خاکیش دەخوات، گوڵی گەشی لەش، لەگەڵ گڵ دەبێتە هاوبەش، جا هێدیی شاعیر ڕاستیەک دەردەخا:

**عاقیبەت دەڕزێ لەشم هەرچەند بەنازی گەورە کەم**

**خزمەتی زگ چەند بکەم محتاجی یەک نانم دەکا**

دۆستی ڕاست و ڕاستگۆترین و بەردەوامترین هاوڕێ پەرتووکە، کتێبخانە گوڵدان و گیانی جەستە و زاخاوی مێشک و جوان و شێوەبووکە!



٢٠١٩/١/٢٢چلەی مامۆستا و ڕووناکبیر مستەفا ساڵح کەریم
فاروقی مەلا مستەفا، فریاد ڕەواندوزی، قوباد تاڵەبانی، عومەر فەتاح، د. عەبدوڵلا ئاگرین، گەلاوێژ خان،
د. فوئاد مەعسوم، عەدنان موفتی، حاکم ئازاد، ڕەهبەر سەید برایم

**بە تێچێن دێڕە شیعرێکی (حەمدی) لەبار و بەتامە:**

**کە بێمە سەر سیفاتی بێنیازی دێتە گـــۆ خامــە**

**قەڵەم نیم من دەڵێ سەفحە، منیش کەی عەرشی ڕەحمانم**

مستەفا ساڵح کەریم (مامۆستا مستەفا) واتە شەهیدانی قەڵای دمدم و هونەری کورتە چیرۆکنووسین و تریفەی وشە و یاد و وەفا، لە ئاسمانی نووسین باران و تیشک بوو، کەچی باخێک لە وشە وشک بوو، لە باخی پیرەمێرد و گۆران و ژین باخەوان بوو، وەرگێڕ و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەوان بوو!

ساڵی ١٩٥٧ لە ڕۆژنامەی ژین وەک خۆبەخش، گۆشەی (لەو هەفتەوە بۆ ئەو هەفتە)ی دەکرد پەخش، شەرەفی یەکەم گۆشەنووسی لەناو کوردا پێ دەبڕێ، لە دادگای ویژدان مەدالیای پێشڕەوی ڕۆژنامەنووسی وەردەگرێ، نیاز و ئامانجی لە ژیانی، بە عەشقی نووسین و ڕۆژنامەوانی، خۆی کردبوو تەرخان! وەک نۆبەرەی بەدرخان، شۆرەتی باش نیشانەی خۆشبەختییە، بۆیە لە عەرشی ڕۆژنامەنووسی پادشای سەر تەختییە، لە باخی ڕۆژنامەوانی، لە شاری سلێمانی گوڵی گۆڤاری داچاندووە، ساڵی ١٩٦٣ گۆڤاری (رابەر) و ساڵی ١٩٧٠




**٢٠١٩/١/٢٢هۆڵی تەوار/ ڕەهبەر سەید برایم لە کاتی پێشکێش کردنی پەخشانە وتار لە چلەی مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم**

دەنگی مامۆستای دەرچواندووە، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٤ لە سلێمانی بۆتە لێپرسراوی ڕۆژنامەی (تەئاخی)، ساڵی ١٩٧٤ بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بووە لە شاخی، چەندان جار زیندانیی سیاسی و (زرەی زنجیر) چیرۆکێکی درێژە، خۆڕاگر و تێکۆشەرێکی ماندووی ئازارچێژ و ئارەقرێژە.

دوورخراوەی سیاسی بووە کەوتۆتە فەلووجە و ڕومادی، لەپێناوی کوردبوون و سیاسەت و کوردایەتی و ئازادی!

لە ڕەشەبای بەعس دەستی بە کلاوەکەی خۆی نەگرتووە با نەیبا، لە ڕومادی ساڵی ١٩٧٧ بە ئاشکرا بە نهێنی نا، هاوار دەکا (قەڵەمەکەم نافرۆشم، نایفرۆشم نا)!! ئەو کاتەی سەرسنورییەکان ڕادەگوێزن و کانییەکان دەتەقێننەوە، بە کورتەچیرۆک بە هێمای ئاسۆی هیوا دەری بڕیوە (مەلەکان بەرەوە کوێستان دەگەڕێنەوە)

هێندە دڵسۆز و ئازادیخواز بووە، بەربەرەکانیی داگیرکەرانی کردووە بەو وشە جوانانەوە، ساڵی ١٩٨٢ نووسیویەتی: (سەربەستی لە نان و ئاو پێویستترە، بەڵام کە سەربەستی زەوت کرا زۆر کەس لە پێناوی بەدیهێنانیا ئەچنە بەندیخانەوە)!!



**٢٠١٩/٨/٤ سلێمانی/مەکتەبی ڕاگەیاندن ، مستەفا ساڵح کەریم، ڕەهبەر سەید برایم، قوباد تاڵەبانی**

وەستا و دروستکەری قەفەس، مانای فڕینی زانیبایە بەس، هەرگیز قەفەسی دروست نەدەکرد، دەستی لەو پیشەیە هەڵدەگرت!

وشەکانی دەدرەوشێنەوە وەک تیشکدانەوەی بەر ئاوێنە، ساڵی ١٩٨٨ نووسیویەتی: گرنگترین کار لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا پاراستنی نهێنی و شەرەفی وشەی خاوێنە، لەو ڕۆژگارە. گوڵە بەجێماوەکانی وەک مەلۆیەکی جوان دەچنێتەوە، دەڵێ (قەڵەمی خاوێن و هەڵگری مەشخەڵی پیرۆز هەرگیز بیر ناچێتەوە.

مارکسییەکی نەتەوەیی و چەپێکی پێشکەوتنخواز و لەبەرەی گەل بوو، لە وتارێک وشەی (کەلا)ی شی کردۆتەوە، خۆی لە ڕۆژنامەنوسی لوتکە وکەلا بووا!. لە ڕەوسە و تەبارەی نووسین بە گوڵەوەچنی پاش دروێنە، خەرمان بەرەکەت مەلۆیەک گوڵی هەڵگرتۆتەوە بێ وێنە، گۆشە و وتاری وا جوانی نووسیوە، دەڵێی بەرچنەیەک گوڵی لە شاخ و شۆڕش چنیوە، وەک نووسەری شاخ، هەڵیکردووە بەیداخ، لە شاری نەک لە چیا، لە شەوەزەنگ بۆتە چرا.

لێکردنەوە و پەڕەپەڕەکردنی گوڵ ستەمێکە لە سروشت، پێنووس خۆی هیچ نیە خاوەنقەڵەمی بەبڕشت، نووسەر دەکا بەشت! شەرەفی قەڵەمەکەی پاراست و

نەیفرۆشت، چاوی لە تاوانی بەعس و فاشیستەکان نەپۆشت! ئاخر ئەویٚ ڕۆژیٚ بەعس هێسکی تێکۆشەرانی دەهاڕی و دەکرۆشت، ئەو بێمنەت و بێترس، لە زەمانی بەعس، لە ١٩٨٨/٧/١١ تا ١٩٨٩/٧/٢٧ لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆشەی (گوڵەوەچنی) کردۆتە دیاری، تەژی لە پاکی و هەڵوێست و زانیاری، وشەکانی گڕو گوللە و گەوهەر بوون، بابەتەکانی گۆنیا و گرنگ پڕهونەر بوون! ساڵی ١٩٨٩ ناوی (د. کەمال فوئاد)ی هێناوە، بۆ دۆزینەوەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ڕەنجی زۆری داوە.

هەر ساڵی ١٩٨٩ وتارێکی ئاڕاستەی ئەمینداریەتییە گشتییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کردووە، لەسەر کوردینەنووسین توانج و ڕەخنەی گرتووە، بۆ پاکی و جوامێری بەسن: نووسیویەتی! (گەلی برایینە بە کوردی بنووسن).

پەرتووک و گۆشە و نووسینەکانی ئاماژە و هێمای هەڵوێست و جێی باسن، بە زانستی و وردی لیٚیان بکۆڵرێتەوە ئەو جا مستەفا ساڵح کەریم دەناسن! ڕا و سەرنج و تێبینییەکانی وەردەگیرێن بە هەند، ئەو گوڵانەی نەکەوتوونەتە بەرداس ئەو هەڵی گرتۆتەوە بە مەودا ورەهەند! لە بەیاری نووسین رەباس بوو، خامەکەی داس بوو، لە داسوو هۆناس بوو، هەر کەسانێکی چ حەرفان بزانیٚ (لە ئەلف و جیم)، دەزانیٚ ڕۆحی چ گەوهەرێکە، مستەفا ساڵح کەریم! قەڵەمبەبڕشت و بوێر و ئەرشیفی، دیار و ناسراوە بیٚ ناساندن و سیڤی، لە ڕۆژنامەی هاوکاری (٥٢) ستوونی گوڵەوەچنی چنیوە، پاشان هەر بەو ناونیشانە لە ٢٠١٢/١٢/١٢ لە کوردستانی نویٚ (١٦٠) گۆشەی نووسیوە، گۆشەی گوڵەوەچنی بە ناوەڕۆک و کاکڵ، بۆ گوڵدانی کتێبخانەی کوردی کردۆتە چەپکە گوڵ، وشە و ڕستەکانی وەک خشت، بە ئەندازەی هونەری و ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی دادەڕشت! وتار و گۆشەکانی، گوزارشتە خۆشەکانی، بۆچوون و ڕوونکردنەوە و تێبینی و سەرنجەکانی، دوڕ و گەوهەری لیٚ باریوە دەستوپەنجەکانی، نووسینەکانی هەناری بوون، تەڕوپڕ و پاراو و شیکاری بوون، هەنار دەنکدەنکی، وەک بارانلیٚدراوی

بن پەلکی، وشەی گەشی، کردە بنکەشی، لە خاڵبەندی و ناوڕست و ناوپووک، گۆشەکەی بە گوڵڕێژی دەکردە بووک. وردبینی و چاودێری و هیوا و پشتیوان، کردۆتە بنەما و پایە بۆ داهێنان، وشەی زێڕین دەرگای ئاسن دەکاتەوە، وشەی جوان و قەڵەمی تیژ دەیباتەوە، زمان ئێسقانی نیە بەڵام ئێسقان دەشکێنێ!، قەڵەم چەکێکی کوشندە نیە بەڵام عەرش دەلەرزێنێ، جوانیی ئاسمان بە خۆر و مانگ و ئەستێرەکانیەتی! بەرزیی م.مستەفا ساڵح کەریم بە قەڵەم و بابەتە جوانەکانیەتی، لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٣، بە ناوی (وشەیەک) پەڕەگرافێک دەنووسێ، بەو شێوەیە: (بەڵام دیارە کەسێ، شەیدای وشەی خاوێن بێ و ئازاری میللەت کار لە پەڕەی دڵی بکات هەرگیز لە کاروانی وشەی ڕەسەن دانابڕێ، بۆیە ناوبەناو لەگەڵ ژان و ئامانجی نەتەوەکەمدا کارەسات و ڕووداو ئەیانهەژاندم و ئەبوونە هۆی لەدایکبوونی چیرۆکی (ناو بوخچە)

ئاخر ئەو وشە و ڕستانە رشتەی مرواریییەکە یەک پارچە، حەرفی بە گەوهەرێ و پڕ بەهایە، قەڵەم زێڕینەکەی مامۆستا مستەفا! فەرموودەی شێخ ڕەزایە!

**(حەیفە بڕزێ تیغی موجەوهەر لە غیلافا!**

**لەم کەلامە شیرنەی کتێبەکانی دوڕ و یاقووت دەبارێ)**

**خودا ساکوا لە دونیادا قەدرزانێ خریدارێ!**

کەمدەستی و پێویستیی مرۆڤ دەکاتە داهێنەر، ئەو لە ڕۆژنامەنووسی بووە مامۆستا و ڕابەر و ڕاهێنەر، ئەندێشەی باش هەڵقوڵاوی ڕۆحی پاکە، بۆنی خۆش لە گوڵی بۆنخۆش و چاکە، چاوگ و ڕەگی لە دارولموڵکی بابان بوو، هەر هی سلێمانی نەبوو، هی هەموو کوردستان بوو، بەرزەپردی پەیوەندیی ڕووناکبیرانی عەرەبستان بوو، جوان قسەی دەکرد، ژیرانە گوێی دەگرت، پاش بیر و ژیری زمانی دەهاتە گۆ، ورد و بەهەست، زمانەوان دانەدەما لە گفتوگۆ، بیرگەش و بیرتیژ و بە ئەندێشە و مێشکڕوون، ڕووداوە ڕابردووەکانی وەک خۆی لەبیر بوون! چی نووسەر و خاوەنبەهرە و سیاسی و کەسایەتیی ناودار هەبووبێ، وەک



**٢٠١٨/٨/٤/ڕەهبەر سەید برایم، قوباد تاڵەبانی، مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە سەردانی بەڕێز قوباد تاڵەبانی بۆ مەکتەبی ڕاگەیاندن بە بۆنەی دەست بەکاربوونی ڕەهبەر سەید برایم وەک ل.مەکتەبی ڕاگەیاندن، سلێمانی**

یاد و وەفا لە سەری نووسیوە، مەگەر چۆن ناوی لەبیر چووبێ!

چەشتی دەردی دووری و بەندی و جەوروجەفا، قەت باکی نەبوو کاکە مستەفا، شاد و ئاسودە بوو بە کەیفوسەفا!

لە یەکێتیی نووسەرانی کورد (ڕێباز و هەڵوێست) بوو، چوارجار سکرتێر و ماوەیەک سەرۆکی لقی سلێمانی بەدەست بوو، دوو خول جێگری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بوو، شارەزا لە بەڕێوەبردنی کۆڕی ئەدەبیی فیستفاڵی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی سەرقافڵەچی دانووسان بوو .

ئەو خاوەنی ٢٤ پەڕتووکە، نەک گوڵەوەچنی برنجاڕ و خەرمانی چەڵتووکە، هەشت مشت و پشتی نەبوو، ئەگینا توانای ئەو سروشتی نەبوو، سوودمەند نەبوو، بەپارە پەیوەست نەبوو، نەفسبەرز و سەرفراز، بێ داواکاری و خوازەخواز، مستەفا ساڵح کەریم، بەمەردی ژیا بۆماڵی دنیا نەبوو تەسلیم! سیاسەت دڵی نیە و

عەقڵی هەیە، ئەو دڵ و عەقڵی هەبوو، لە نەمامگەی قەڵەم جوانترین شەتڵی هەبوو، دەسکەوتی کتێبەکانی کردە دیاری بۆ نەخۆشخانەی هیوا، بەڵکوو بۆ تووشبووانی شێرپەنجە ببێ بە چارە و دەوا! کەچی بۆ خۆی نەبوو بە شیفا، بەو دەردە ڕۆیی مامۆستا مستەفا! مرۆڤ حەز دەکات بچێتە بەهەشت حەز ناکا بمرێ، نایەوێ پیر بێ، تەمەن مشارێکە بە خێرایی گەنجیەتی دەبڕێ.

بەگژ پیریدا دەچوو، بەو تەمەنە نەدەچوو، تەمەنی هەبوو، هی مردن نەبوو!، ئێرەییان پێدەبرد، چاووزار کاری تێکرد، ئەگینا بە زەوق و عاشق و گەنجانە و دڵتەڕ بوو، لە کۆڕی شەونشینان و مەست و بێدارانی شەو خۆشمەعشەر بوو!

بە گۆڕستان دەڵێن ئارامگا چونکە مرۆڤ ماندووی ژیانە بە ڕاکەڕاک! کە دەمرێ، ئارام دەگرێ، ڕێی ژیان نابڕێ، ڕاکشاوە لە ژێرخاک!.

نیو مانگی مابوو مەرگ مەودای نەدا، هەڵکا مۆمێکی تر لەسەر کێکی تەمەن، ئاخ زەمەن، ون بوو بەدیمەن، گوڵچینی باخی چەمەن، ڕۆژێک پێش یادی ئالا، لە ئالا و کفن ئالا!، لە ڕۆژمێژووی ٢٠١٨/١٢/١٦ مۆمی کوژاوە بە تەمەنی ٨٥ ساڵی، هاو زەمان وەک تەمەنی د. جەمال نەبەز و مام جەلالی، گەورەترین سەرمایە سامان نیە، کردەوەی چاکە، خەڵک و ئەهلی قەڵەم بۆ کۆچی دوایی مستەفا ساڵح کەریم غەمناکە، بەپێوە بوو پەکی نەکەوت لە جەستەدا، قەڵەمی نەشکا تا ئەو ڕۆژەی گیانی لەدەست دا، بەردەوام، لە دەوام، دەنگی زەنگی مەرگی هەستی نەبوو، چونکە چوستوچالاک سستیی نەبوو، نەدەزانرا لەمەرگ نزیکە، ڕۆیی (یوم الثالث) و(دایکی ئازادیخوازان) و (پەتای سپیکە)، دەڕوا ڕۆژگار، دەمێنێ یادگار، ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم و(رحله الی بلاد الراین) و (ومیض الکلمات). داخوجەخار لە سەیوانە، هاوپیشەی پیرەمێرد و گۆران حەسەنەین هەیکەل و بەدرخانە، یاریدەدەر و کۆڵەگەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) ڕما، ئیتحاد و کوردستانی نوێ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و کۆڕی ڕۆشنبیران ئەو خۆشییەی نەما، چونکە بە تەگبیر و ژیر و ڕۆشنبیر و باسکار و ڕاگەیاندنکار و وردەکار، ٣٢

ساڵ مامۆستا و بەڕێوبەر و سەرپەرشتیار و پەروەردەکار!.

٦٤ ساڵ گوڵاوی دەپڕژاند قەڵەمەکەی، لە رەوت و رەوێڵەی گەل بوو عەشق و خەمەکەی، جۆرنالیستێکی بێناز و جواننیاز و ئازادیخواز، لە کونجی قەناعەت ژیا و لە مەرگیش خاکەواز.

تابمێنێ ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی و ڕێزی قەڵەم و پیرۆزیی وشە و ویژدان و وەفا، بەرز و بەڕێزە منارەی قەڵەمەکەی مامۆستا مستەفا! چونکە بنەچڵ و پاچڵ و سونبوڵ و شەنگوڵ و بنەوانگە بوو لە ڕۆژنامەوانی، نامرێ هەر دەمێنێ ناوی بە گەشی و جوانی.

وشە نا ئاشنایەکان:

بنکەش: لکاندنی خشت و دیوار پێکەوە

گۆنیا: چواردەورێک وەک یەک بێ

ناوپووک: ئەو نێوانەیە لەنێو پەلکی گەڵای توونتنی لەداودراو

بنەچڵ: ڕەگی سەرەکی

پاچڵ: لقی درەخت لە خوارەوە بۆ سەرەوە

داسوو: تیسکی گوڵەگەنم

تەژی: پڕ

رەباس: ئاودانیی خاک

هۆناس: سەرپاڵەی دروێنە

جەخار: خەفەت

رەوێڵە:ڕێچکە

بنەوانگە: مەرجەع

رەوسە: گەنمی گێرەکراو بەس کۆنەکراوە

تەبارە: دەغڵی نەدرواوە

نیاز و ئامانج و ژیان: ناوی کچ و کوڕەکانی مامۆستا مستەفا ساڵح کەریمن

خاکەواز: بێ خاک

ئاماژە بە کتێبەکانی دراوە:

١.تریفەی وشە

٢.یاد و وەفا

٣.ڕەش پۆشێکی جیهانی چوارەم

٤.ومیض الكلمات

٥.یوم الثالث

٦.دایکی ئازادیخوازان

٧.هونەری کورتەچیرۆکنووسین

٨.شەهیدانی قەڵای دمدم

٩.زڕەی زنجیر

١٠.رحله الى بلاد الراين

١١.پەتای سپیکە

١٢.ڕێباز و هەڵوێست

١٣.باخێک لە وشە

١٤.ئاوێتەی ژیان

سەرچاوەکان:

١.کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر.

٢.دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کوردی و حەمدی و جاهید.

٣.پەند و قسەی نەستەقی زانایان.



## ١٩

## سێوە لا سوورەی ئاغا سووریيان

ڕەشەبا چەند بەهێز بێ شاخ بۆی دانانەوێ، برادەرایەتی بە ئاسانی ون دەبێ بە ئاسانی دەست ناکەوێ، خۆشەویستیی هەموو کەس جوانە، سۆز و میهرەبانی و ویژدانە، برادەرایەتی سندووقێکی داخراوە کلیلەکەی ئەزموونە، ویژدان دەنگی خودایە گوزارشتی ناخی دەروونە، ئەوەی بیر لە خێروخۆشی بکاتەوە، خۆشبەختی ئاوڕی لێ دەداتەوە، ئازارنەدانی خەڵک باشترین ئایینە، ئاسوودە و دوور لە ئیرادەی ڕق وقینە، رق وقین ڕەگوڕیشەی هەموو تاوانەکانە، ڕێگای سەرکەوتن لە شەقامی ئاشتیدایە و هی ناخ جوانەکانە، مەل باکی بە شەپۆلی دەریا نییە بە ئاسماندا دەگەڕێ بەهەوەس، بکەویە ناو دەریا خۆشترە، نەک بکەوییە ناو دەمی هەندێ کەس، یەکەم بوونەوەر لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕێ مرۆڤە، بە خۆشی دەگەشێتەوە، دەکرێتەوە وەک خونچە و شکۆفە، قوڕ یاقووت دەشارێتەوە، بەڵام تێکی نادا و نایتوێنێتەوە، بە گەوهەر و جەوهەری خۆی دەمێنێتەوە، زێڕ بە ئاگر تاقی دەکرێتەوە، لە گەشتوگەڕان و تەنگانە مرۆڤ بەدەر دەکەوێ، هەر کەس لە تاقیکردنەوەی ڕۆژگار سەر دەکەوێ، شەرەف و شانازیی


فارس بەکر هاوار

بەر دەکەوێ، برادەرایەتی پیرۆز و فەرزە، شایی و شیوەن قەرزە، لەژێر خۆڵەمێش پشکۆ بەدەر دەکەوێ، گەشە وەک مانگە شەوێ، خۆشەویستی هەستێکی خاوێن و پیرۆزە، سەرچاوەی ویژدان و میهرەبانی و سۆزە، ئەگەر دەتەوێ ژیان بناسی، خۆت بناسە، بەختەوەری و بڕوابەخۆبوون دەبێتە هێما و پێناسە، مرۆڤ خۆی خولقێنەری قەدەری خۆیەتی، لە باخی ژیان پەرژینی ڕەنگوبۆیەتی، مردووەکان چاوی زیندووەکان دەکەنەوە، بۆ پەندی ژیان و ئەزموونی مێژوویان دەبەنەوە، خۆڵەمێشی سەر گۆڕی مردووەکانە، نیشتمانیان دروست کردووە!. کە هی هەموو تاکەکانە! گۆڕ و مەرگ دیاریی ئاسمانە، بۆ نابینا ڕووناکی تاریکستانە، وەفا و ڕاستگۆیی یەکەم بەختیارییە، ویژدان سەرینی خەوە بەهای مرواریییە، مرۆڤ بە ڕەنج و کۆشش و ناخۆشی و نەبەزین و بە ئیرادە و ویست، دەگاتە پەیژەی بەرزی و خۆشەویستی و پلەی شایستە و پێویست، ژیان تەونە مرۆڤ تاڵێکە لەو تەونە، تەمەن خەوە، خۆشەویستی خەونە، ڕۆژگار میهرەبانیی خۆی نیشان دەدات، بەرامبەر بەو کەسەی چۆن کات بەسەر دەبات، گرنگترین خەرجییە بەفیرۆدانی کات! ژیان نهێنییەکی گەورە و سروشتییە! گۆڕستان کۆمەڵگایەکی گشتییە. هەردەبێ ژەهری مەرگ بنۆشین، لە بەهاری ڕەنگین و شین، کەوتینە گرین و شین:

**ئەم ئەرزە کۆنە هەوارە خەلائیقیش کۆچە**

**تەماعی سووري نەبێ کەس لەژێر چادری شین**

کۆچی مەرگی فارسی بەکر هاواری، برینی بەسوێ و خوێ و توێتوێیە


فارس بەکر هاوار لە سەردەمی پێشمەرگایەتی

ئـــازاری، فـــارس بـەکر هـاواری نـادرە سـووری، بەگلـەرین لـە وەچـاغ و چراغ و باغی ئاغاسووری، ئـاغـاسـووریـیـەکـان تیرەیەکن لە جاف، دەبێت کـورد بـن سۆروسپـین و سینەساف! لە گوندی بـێـسـتـانـە سـوور، لـە نـاوچـەی شــارەزوور، بە ناکۆکی و شەڕوکێشە بەو هۆیە، پەرتەوازە بوون بەشێکیان هاتوونەتە وراتی کۆیە، چەند بنەماڵەیەکی ئاغاسووری، وەک بەرەبابی نادرە سووری، بەهۆی حەماغای کۆیە و گەورە و غەفووری، لە ساڵی گرانی ١٩١٤ گیرسانەوە لە گوندی شیواشۆک، بەربەرەکانی و دژایەتی کراون، کۆڵیان نەداوە نەهاتوونەتە سەرچۆک، ئاغاسووری تەمەندرێژن، کاسبکار و جووتیار و ئارەقڕێژن! مام ئەحەسووری ئاغا سووری چراغە سوور، دەبێ سەد ساڵ زیاتر ژیابێ تێیپەڕاند بێ تەمەن لە ڕادە و سنوور، کەچی بۆ بەدبەختی، بە ناوەختی، فارسی بەکر هاواری، بە تەمەنی ٥٥ساڵی ڕۆیی بە ئێجگاری، ٥/١٣ لە مێژوودا ڕۆژێکە تاریک، هەر ئەو ڕۆژە شێخ مەحموودی نەمر مەلیکی کوردستان لە ئاوباریک، بە دیلی گیرا بە بریندارى، ئەو ڕۆژەش دەبێتە کۆچی فارسی بەکر هاواری. لە ساڵی ٢٠١٩ لە بەهارا مانگی گوڵان، لە هەشتی ڕەمەزان، وەختی گوڵوگەڵاوەرین نەبوو، بوو بەخەزان، بەهار گەش و خۆشە بە پشکوتن و چرۆکردن و دارودرەخت و گوڵوخونچە، زەمین سەراپا دیمەنی سەوزە ڕازاوەیە یەک پارچە، وەختی سەیران و گەشتە، مەستی جوانیی سروشتە، سێوە لاسوورەکەی ئاغاسوورییان و شیواشۆکێ، سێوە مزر

و بەتامەکەی کۆیە و چنارۆکێ، وشک بوو لەبەهارا، بەخت خەوتبوو لە خومارا

**ئەشێ بەختی من ڕەشی بنوێنێ، برادەر گیان**

**کێ دیویە بەهار گوڵ هەڵوەرێنێ، برادەر گیان**

برادەر گیان باڵای بەرز نەبوو، قوتە و رووحبەرز بوو، بایەخی ژیانی نەدەزانی شپرزە و وەڕەز بوو، بۆ کەباب و فلافل و چەلاو، بۆ هێسکە گۆشت و لوولاقی نۆکاو، حەسرەتی دەخواست، لە چەوری و ژەهری سپی هەرگیز خۆی نەدەپاراست، هەر کۆچکۆچی بوو کۆچی کرد بە ڕاست، لاشەی مرۆڤی دەشوبهاند بە مەکینەی ماشێن، پێی وابوو نابێ بەکار بێن و بجووڵێن دەنا دەشکێن، بە شەکرە، جەرگ و گورچیلە و دڵی تروخا، بەو دەردەوە تەلاری تەمەنی داڕووخا، بەپەلە بوو بۆ مەرگ خۆی چوو بەرەو پیری مەرگەوە، بە ناساغیی دڵوگورچیلە و جەرگەوە، ئاخر نەیدەزانی مردن خێراترە، مەرگ کوێرە، لە دەماری مل نزیکترە هەمووددەمێ حازرە! حەیف نرخی گەنجی و تەندروستیی نەدەزانی، بۆیە بەهاری کردە ڕۆژگاری خەزانی! بە پێکۆڵی و نکوڵی نەشتەرگەریی کرد، مرۆڤێکی نیوجەستە کرد و خۆی پێ ڕۆیی و مرد! گورچیلە مەرگی کڕی، دەیویست لەداخان زگی خۆی هەڵبدڕێ، مەرگ ئەمان و زەمان دەرمان و نەمانی نیە، کەس نازانێ ڕۆح لە کوێیە و چۆنە، ڕەنگ و دەمانی نییە، ئاخر برادەرگیان ژیان شیرینە، پشوودرێژی هونەر و هەتوانی برینە، هیوا ژوورێکی داخراوە کلیلەکەی چاوەڕوانییە، پزیشکی کاری مرۆڤایەتی و ویژدانییە، هەزاران نەخۆشی هەیە یەک تەندروستی، پزیشکت پیر بێ پارێزەرت گەنج بێ بۆ کاتی پێویستی، خەنجەری پیاوکوژ و پێنووسی دکتۆر ترسناکن، هەزاران بێ تاوان بەهەڵە لەژێر خاکن! هیچ سامانێ ناگاتە تەندروستی، ژیان و کات ناکڕدرێت مرۆڤ کە ویستی! فارس لە ژیان بەختی نەبوو، بەڵام بەختی هەبوو لە ژیانی خێزانی، خێزانەکەی بە ئارام و بەوەفا و پڕسۆز و میهرەبان بوو لەگەڵی نرخی مێردەکەی دەزانی، ژیانی خێزانی بەڕاستی ژن و ژیانی بوو، بە بەزەیی و بەویژدان و گیانی بوو، خۆشەویستیی ژن دەریایەکە، خۆشەویستیی پیاو یەک


فارس بەکر هاوار- ڕەهبەر سەید برایم

تنۆکە، باشترین ژن ئـــەوەیـــە لـەگـەڵ هاوسەرەکەی ڕێک و کۆکە! لە ژن باشتر دایـکـە، دڵـی دایـک قوتابخانەی منداڵە، ژن گەنجینەی پیاوە کلیلی مـاڵـە، ژن و مێرد کوڕ و باپیریان هـاوارە، هەمووی هەر هـاوارە، ژیان و تەمەنیان پڕ لە ئازارە، هیوا لە تاریکیدا ڕوونـاک و پڕشنگدارە، نەگبەتی و نەخۆشی بەرۆکی بەر نـەدان! کارەساتیان تووش هات ئەی یەزدان، هاموونی جوانەمەرگی کوڕی دیواری بەسەردا ڕووخا و نەڕووخا، دەرگای هیوا بۆ ئاسۆی گەش ئاچووغە، خوا کوڕێکی پێدان پاشەبەرە بە ناوی هەرمان! بووە خوشک و برای هاوار و ناوزەنگ و گزینگ و پاریا و ڤیان! فارس خەمۆکیی بوو، لەگەڵ ڕۆژگار ناکۆکیی بوو، ژیانی وەک گوڵەکانی هاوین و گەڵایەکانی پایز بوو، لە دەرەوە زەوق، لەناخەوە تەوق، هەر وەڕەز و زیز بوو، هەی ژین هەی ژین، ژان و برین! گەرچی مەرگی جەرگبڕ و بەئازارە، شوێنەواری یادگاری ڕۆژگارە، لە ڕەنگی خاک و دەنگی باران و خەناوکەی مێخەک و شتڵە ڕێواسی شلک و ناسک و تەڕ و بەهاری بوو، ئاوێنەی ڕۆح و پەنجەرەی دڵ و چرای چاو و شەبەقی مرواری بوو! برا هەیە لە پشتوخوێن نیە بەس برایە، لەکاتی تەنگانە و ڕۆژانی ڕەش پەنا و چرایە، فارس برا بوو، پشت و قەڵا بوو، پێش پێشمەرگایەتی یەکترمان نەدیوە و نەناسیوە لە شاری، نە لە چایخانە و مەیخانە و قوتابخانە، نە لە دەم ڕووباران، نە لە کۆڕی یاران، لە بازاڕی، ئاشنایەتیمان نەبووە گەرچی خەڵکی یەک شارین، پەروەردەی چیای باواجی و هەیبەسوڵتان و

کۆسارین! بەڵام لە پێشمەرگایەتی لە ساڵی هەشتا، لەشەڕ و سەنگەری شەرەف و شاخ و دەشتا! بووین بە هاوڕێی کاروانی خەباتی هاتونەهات! بووین بە هاوڕێباز و هاوسەنگەری ڕۆژگاری سەختی پڕ کارەسات! لە پێشمەرگایەتی هاوڕێی گیانی بەگیانی بووین! بێ مەبەست و بێ ڕیا، سەرەتاتێکمان لەگەڵ مەرگ کردووە، لە شاخوداخ دەشتودەر و چۆلوچیا!

**گەلێ مەرگی هاوسەنگەری نازدارمان دی**
**ڕۆژی ڕەش و شەڕی سەخت و ئازارمان دی**
**ورە و باوەڕ چەک و پاکی شەرەفمان بوو**
**جەمەدانی زەوی و ئاسمان پێخەفمان بوو**
**لە مزگەوت و ناو ئەشکەوت و گوند دەخەوتین**
**کووڕ بووینەوە بە هەورازان هێند سەرکەوتین**
**برادەر گیان:**

هەڤاڵی ڕۆژانی سەخت و تەختوبەخت بوو، پێی لەسەر ئەرد نەبوو هێند بەپەلە و و بێوەخت بوو، مرۆڤ بیری کورتە بۆ مێژوو، زوو لەبیر دەکات ماوەی ڕابردوو، یادگاری زەنگێکە لە دەرگای لەبیرچوونەوە دەدات، بیردەچنەوە نایناسنەوە لە ڕووداو و کارەسات، ساڵی ١٩٨٣ لە شەڕی قەندیلی، گوللەی بە دەفەی سینگی کەوت و پێچرا بە لەفاف شانوپیلی! بەخەستی بریندار بوو! برینەکەی قووڵ و بەئازار بوو، چەند مانگان، لە دۆڵی پلێنگان، لە خەستەخانەی شۆڕش لە چارەسەر و تیمار بوو، نامە و بەڵگەکانی ئەوێ ڕۆژێی ماون! (لەعل و گەوهەر و لالە بەخەندەی تۆ لە باون) لاپەڕەکانی ژیانی تەژیە لە شەرەف و شانازی و ستایش، پێشمەرگەی دێرین و زیندانیی سیاسی و ئەندام مەڵبەند و کادیری سیاسی و عەقیدی ئاسایش! ویژدان دەزانێ لە بەیاری کوردایەتی چی کێڵاوە و چی چاندووە، بە دڵسۆزیی کوردایەتی چەند ماندوو بووە و چی کردووە!

لە حزووری ڕۆحی فارسی بەکر هاواری، بە سەنگینی و ڕەنگینی و غەمگینی،




فارس بەکر هاوار و ژیان خانی هاوسەری

هەنگوینی یادگاری لێ دەباری! یادگارییەکانی تۆمارن لە بازنەی هزر و خەیاڵ، هەر لە چالاکی و شەڕ و سەنگەر و گرتنی تابیعە و ڕۆنیۆ و تەورداسە کارەباییەکەی مام جەلال! پلار و وتەکانی، گەمە و گاڵتەکانی، ناکرێن لەبیر، جێگیرن جێگیر، ڕێواسە سوورەی بن بەردان بوو، دانیشتنی خۆش و بەتام و خانەدان بوو! حەیفە ئەو جەستە لەژێر خاکا برزێ، لە چاوی کوێر هەر ئەوەندە فرمێسک دەڕژێ! فرمێسک بۆ مەرگ و ڕووداو زوو وشک دەبێتەوە، بە نمەبارانێک ڕەشەبا کەم دەکرێتەوە، ڕۆیی تازە ناگەڕێتەوە، ئەدگار و یادگاری دەمێنێتەوە، پشوودانی ڕووح لە کەمیی گوناهە! مەرگی فارس هاوار ئاهە!

**کە گوڵ چوو، گوڵشەنیش زەرد بوو، درەختیش هەڵوەری پەلکی**
**چریکەی بولبول و قومری و هوزاری سەرچڵان (چییە کەڵکی)**
**(بەهار نامەوێ جوانیت بینبم)**
**بۆ کۆچی فارس دڵ پڕ برینم**
**(دوژمنی گوڵ و لالە و نەسرینم)**
**بە خوڕ دەبارێ ئاوی ئەسرینم**

سەرچاوەکان:

١.پەندەکانی ژیان

٢.وتەی ناوداران

٣.دیوانی حاجی قادری کۆیی

٤.دیوانی شێخ ئەنوەر بەرزنجی

٥.دیوانی ڕاجی

٦.دیوانی بێکەس

ژیان عوسمان هاوار خێزانی فارس بەکر هـاوارە ئامۆزان کوڕ و باپیریان ناویان هاوارە

## ٢٠

## ڕاستیی سادات و کوردبوون

لەبنەڕەتدا سادات یەک سەرچاوە و یەک چاوگن، لە لقوپۆپی یەک درەخت و ڕەگن، حەزرەتی فاتیمە دایکی هەموو ساداتە، گەورەی ژنانی بەهەشت و خۆشەویستی سەرداری کائیناتە، نازناوی زەهرا بوو، کچی پێغەمبەری خوا بوو، حەزرەتی ئیبراهیم ناسراوە بە باوکی پێغەمبەران، لە کوردستانەوە چووەتە شام و دورگەی عەرەب و لەگەڵ سارا خاتوون و یاوەران، بە گوێرەی مێژوو دەبێ کورد بووبێت، هەر بە کوردی قسەی کردبێت، ئیسماعیلی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیم عەرەبیی نەزانیوە، بە عەرەبی مستەعەرەب بە غەیرە عەرەبیان ناسیوە، دوای فێرە عەرەبی بووە بە هۆی هۆزی عەرەبی (جورهوم) چونکە لە بنچینەدا کوردستانیان مەسکەن بووە بە مەرز و بووم:

**پرتەو دەخاتە سینەیی ئاسمانی پڕ نجووم**

شێخ واتە شاخی بەرز، شێخ و سەید جۆراوجۆرن چەند تەرز، شێخەکان لە مەڕ زۆرترن و نووریان لێدەباری، هەر وەک شێخی (مەردۆخی، بەرزنجی، پیریادی،گەیلانی، پیرخدری، نێرگسجاڕی، نەعیمی، ڕەفاعی، باراوی، جەباری)

حەزرەتی نالی جیاوازیی سەیدەکان ناکاتن دەربیبڕیوە بە ڕاشکاوی:

**کە سەیید بێ چ بەرزنجی چ پیریادی چ باراوی**

سەید و شێخەکان رەچەڵەکی خۆیان بۆ سەر پێغەمبەر و خەلیفەکان و ئەسحابەکان دەگەڕێننەوە، خۆیان بە ئەولادی رەسووڵ و نەوەی ئیمامەکان دەزانن بۆ سەر ئەو درەختە دەبەنەوە، دەبێ شیعری (شێخ رەزای تاڵەبانی) بەڵگە و راستی و (بێ لەگەمە) بێ: سەیدی حوڕ، سولالەی عەلی و فاتیمە بێ!

سەید و شێخی بە تۆمار و درەخت جیاوازە لە شێخانی بەرماڵ، ئەو سەیدانەی دانیان پێدا نراوە پیرۆز و بەشیان هەبووە لە (بەیتولمال) هەندێ لە مێژوونووس و لێتۆژان لە راستی و دروستیی بەحری ئەنساب و شەجەرەی سەیدایەتی گومانیان هەیە، گوایە بە وەندە پشتە پڕ نابێتەوە و بۆشایی زەمانیان هەیە، پێیان وایە ئەو بەحری ئەنساب و شەجەرانە لە دوو سێ چەرخی ڕابردوودا لەبەر یەک نووسراونەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ ساغکردنەوەیان نەکراوە و راست نەکراونەتەوە، چونکە بابەتێکی دینیی پیرۆز و ناسک و هەستیار بووە، شێخەکان دەسەڵاتی دینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی و سیاسییان دیار بووە، نەیانوێراوە و بەوردی توخنی نەکەوتوون، بە ئاکامێکی ڕاست و زانستی نەگەیشتوون، هەشە لەو پشت و بنەچەیەی کۆڵیوەتەوە و کوژراوە، بۆیە زۆر کەس سڵەمیوەتەوە و نەیوێراوە و نەیان هێڵاوە، ڕاستی ئەو سەجەرە و شەجەرانە کەموکورتییەکیان تێدا هەبێ لە رووی مێژووییەوە بایەخدارن، سەدان ساڵە شانازییان پێوە کراوە، چ نەبێ بەشێکی ئەژداد و ئابادیان تێدا دیار و تۆمارن، زۆربەی ئەو سەجەرە و شەجەرانە مۆری پەسەندیان لێدراوە و هەندێکیان مۆر و واژۆی قازی قوزاتی سعودیەی پێوەیە، چەند سەدە و زەمان پاراستوویانە لە ناو لوولەی فافۆن و ناو شووشە و جام و چوارچێوە، لەسەر تابلۆی زۆر لە شەجەرەکان نووسراوە (لعنة الله علی داخل النسب و خارج النسب) لە هەر دووبار دەکەوێتە بەر نەفرەت و غەزەب، ئەوەی سەید نەبێ خۆی کردبێتە

سەید نەفرەتی لێکراوە، نەفرەت لەوەش کراوە حاشا لە سەیداتی دەکات، سەیدی تەواوە!! پێویستە لێتۆژانی ئەکادیمی زانستییانە لێ بکۆڵنەوە، راستی و دروستیی ساداتی کوردستان ببیننەوە، ئایا ئەو سەجەرە و شەجەرانە راستن! هەڵبەستراو و دەستکردن ! سەیدەکانی کوردستان ئایا لە بنەچەدا (عەرەبن یان کوردن) چونکە زۆربەیان خۆیان بە کورد و سەید دەزانن، تێیاندا هەڵکەوتووە وەلی و قوتبی زەمانن،(ئیمامی شافیعی) فەرموویەتی بەیتەکەی بە کوردی کراوە:

**نوری پێغەمبەر لە سیما و ڕووی سەیددا دیارە و باوە**

**پێویستی نییە شاڵی سەوزی کە لە پشتی گرێ داوە**

سوڵتان موزەفەرەدینی هەولێری، خوشکی سەلاحەدینی ئەیووبی خواستووە، ئەو کوردەی گۆڕی پاک و پیرۆزی پێغەمبەری لە مەدینە پاراستووە! مەولوودی نەبەوی داهێناوە و رێکی خستووە!

**(مەلا عاجز) بە موناجات، رێی پێغەمبەر دەکات ڕۆشن**

**ئەی سەیدی سەرداری من ئەی مەحرەمی ئەسراری من**

**ئەی ئەحمەدی موختاری من سەلات لەسەر توو باری من**

لە دێر زەمانەوە (سەید- شێخ) بە گشتی ئەوانەی ساداتن، ناوبانگی دینی و زانستی و سیاسییان هەبووە، لەوەتەی هەن دەسەڵاتن، قەت ئیدیعای عەرەبایەتییان نەکردووە، کوردن و کاری دینی و کوردایەتییان کردووە، سروشت و نەریتیان کوردانە بووە بە خانەوادە، خۆ نەتەوەییبوون و شوێن و ناوچەیی و هۆزایەتی، ئینتیمایە نەک (خوێن) مرۆڤ ئازادە، زۆر لە ناوداران بە کورد دانراون هەروەک (سەعدی شیرازی، حافز ئەسەد، بلند ئەجەوید، نووری سەعید، ئەحمەد شەوقی، عەبدولباست عەبدولسەمەد، محمود مليجي، ڕوشدی ئەبازە، جۆی بایدن، سوعاد حوسنی، سەلاح سەعدەنی، زولفەقار عەلی بۆتۆ، بێنەزیر بۆتۆ، نوری سەعید، یاسین هاشمی، جەعفەر عەسکەری،عەباس مەحمود عەقاد، مونا واصف،نەجیب ریحانی،عەلی بەدرخان،نەژاد ویدادی کوڕانی پیرەمێردی نەمر و هتد ......)

ڕەسەنی کورد بە حەزرەتی حاجی قادری کۆیی نەهاتە ژماردن:

**سەد شەهەنشاهو پادشا مردن**

**سەیری کە کوردی ئێمە هەر کوردن**

بێشکەی دووەمی مرۆڤایەتی کوردستانە خاکی کوردان، بە نیشانە و بەڵگەی ئایەتی قورئان، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی کردوویەتی بەیان:

**ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەییی مەننان**

**ئەو عالەمە پاکی بوو بە تۆفان**

**دەییارێ نەما لە جینسی زیڕووح**

**غەیری ئەمە هاتە کەشتیی نووح**

**ئەو ڕۆژە گەیشتە وەقتی مەعهوود**

**وەستاوە لەسەر چیایەکەی جوود**

**هەرسێ کوڕی کردیانە مەسکەن**

**ئەو جێ و مەکانە میثلی گوڵشەن**

**ئێستاکە جزیرە بێ موحابا**

**مەعموورەیی ئەووەڵە لە دونیا**

**ئەولادی سەحیحیان بە بوڕهان**

**کوردن لە مەکانی جەددی خۆیان**

بەڵگەی قورئانییە، قورئانی پیرۆز بەڵگەی هەموو ڕاستییەکانە و سەنگی مەحەکە، کەشتیی نووح لەنگەری گرتووە لە کێوی جوودی ناوی هاتووە (منزلا مبارکا) واتە کوردستان و خاکی کوردان، بە ئایات و قسەی یەزدان، حەزرەتی نووح و هەشتا کەس لە بناری جوودی ناوچەی جەزیرە، گوندیان بنیات ناوە بەناوی (هێشتادانە – هەشتادانە) هەشتا کەس بوون گوندەکە و کێوەکە کوردستانە و خاکی کوردانە ! لە کۆنترین دەقە جێماوەکانی سۆمەرییەکان لە تەورات، هاتووە ناوی کێوەکانی ئاڕارات، بۆیە کوردستان پیرۆزە شاخ و دەشت و بەرد و گردی:

**لە خواوەیە بەخوا کردی**
**جێی کەشتیی نووح کێوی جوودی**
**موڵکی کوردە و کوردستانە**
**کوردزادەیە ئەو جیهانە**
**سەلاحەدین ئەیووبیی کورد**
**لە پێناوی دین چی نە کرد؟**

بە دەق ناوی کورد نەهاتووە لە ئایەت، بەڵام لە چەند سەرچاوەی فەرموودە و ڕیوایەت، سەحابەیەک هەبووە بە ناوی (جابان کوردی) یاوەری پێغەمبەر بووە، بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆشەویستی کردووە، فەرموودەکانی لە بەر بووە، لە ئایەت ناوی (بارز) هاتووە، موفەسیرەکان دەڵێن مەبەستی کورد بووە، خوا لە قورئان باس دەکا کوردستان موبارەکە، سەیدەکانی کوردستان خۆیان بە کورد دادەنێن، خزمەتی کوردستانیان کردووە بە گیان و خوێن، شێخ مەحموودی نەمر تاکە مەلیکی کوردستان، تاجی شاهانەی لەسەر نا، نەیاران دژی وەستان، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دەرسیم و شێخانی بارزانی، خەبات و شۆڕش و جووڵانەوەی کوردیان کردووە مێژوو دەزانی، کەسایەتیی گەورەیان لێ هەڵکەوتووە و ڕێزدار بوون، سەردار و پایەدار و ناودار و دیار بوون، حەزرەتی حاجی قادر کۆیی بنچینەی کوردان دێنێتە بەر یاد:

**خۆ دەزانن سولالەیی ئەکراد**
**لێرەوە بگرە تا دەگاتە قوباد**
**هەموو زانا و هونەروەر و میرن**
**زیرەک و ژیر و ئەهلی تەگبیرن**
**بە درێژی لە «قاف» کە ڕابوردن**
**تا بە « شیراز» و «ئەسفەهان » کوردن**

شێخ ڕەزای تاڵەبانی تیشکی خستووەتە سەر بنەماڵەکەی کاک ئەحمەدی شێخ بە ڕووناکی:

**مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی**
**خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی**

شێخ محەممەدی خالسی کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شیعرێکی جوان و نایابدا، کە پڕە لە گلەیی و ڕەخنە و ستایش بە ناوی (عیتاب) نامەیەکی ناردووە بۆ شێخ مەحموودی نەمر بە جوانی:

**(بڵێم ئەی پاسەوانی میللەت و ڕێگەی موسڵمانی**
**وجودت فەخرە بۆ من چونکە لای من فەخری کوردانی**
**نەوەی کاک ئەحمەد و نوتفەی حوسەینی شێری یەزدانی**
**فەلەک مل شۆر ئەکا ئەمڕۆ لەژێر پێی ئەسپی شێخ مەحمود**
**مەلەک مەجبوور ئەکا مەفهوومی ئەمرو حوکم و فەرمانی**
**خراپەی چاکەیە، زامی شیفایە، حیددەتی حیلمە**
**جنێوی فەخرە، تالانی عەتایە، عەفوە عینوانی**
**کەرەمکار و وەفادار و وەلیخوڵق و عەلیکردار**
**تەبیعەتچاک و دڵ بێباک و نییەتپاک و نوورانی)**

●●●●●●●●●●●

**(شێخ ڕەزای تاڵەبانی) ستایشی بەرزنجەییەکان دەکاتن:**
**(ئەگەر بەرزنجەیی غەدریش بکەن هەر نەیسە ساداتن)**

بەڵگە و سەرچاوەکان کۆکن لەو باوەڕ و سەرنجەن، شێخ عیسا و شێخ مووسا بنیاتنەری بەرزەنجەن، خودی مەلا بێخود، لە موناجاتێکی پڕمانا و بەسووددا، پێی وایە بێهاوتایە بەرزنجە:

**گڵی یاقووتە، تۆزی عەنبەری سارایە بەرزنجە**
**گیای زمڕووتە بەردی گەوهەری یەکتایە بەرزنجە**

زۆرینەی گەلی کوردستان موسڵمانن، لە ژێر تیشکی پیرۆزی فەرموودە و قورئانن، بۆ ئەنفال بکرێن و بکوژرێن و بسووتێندرێن و مزگەوتیان لێ بڕووخێندرێ، ئاخر داعش و برای عەرەب، ئەو قورئان و سەرچاوە و نەسەب، لەنگەرگرتنی کەشتیی نووح لە کێوی جوودی، دەبێت کوردزادە بێ چی مرۆڤ هەیە وجوودی زۆرینەی کوردەکان موسڵمانن و موسڵمان:

**بەناوی دین تیرۆریستان**

**ستەم مەکەن لە کوردستان**

**کفرە و تاوان دژی کورد بن**

**بە نەفرەت و ئەستۆ ورد بن**

کورد خزمەتی گەورەی دینی ئیسلامی کردووە، بەردی بناغەی کەعبە حەزرەتی ئیبڕاهیم دایمەزراندووە، کە کورد بووە، مزەفەرەدین کوکبەریە گۆڕی پێغەمبەری پاراستووە، سەلاحەدینی ئەیووبی و ئەبوو موسلیمی خوراسانی و جەمالەدینی ئەفغانی و ئیبن تەیمییە کورد بوون، مەلای گەورە لە دێرە شیعرێکی بە شارازایی، هەستی خۆی دەربڕیوە بە ناڕەزایی:


**لە پاش حەربی سەلیبی، ئاسیایی**

**دەبوو مەمنونی کوردان بن وەکوو عەبد**

وەک عەلائەدین سەجادی هاتۆتە هەڵوێست و دەست: نووسیویەتی (ڕۆحی تەعالیمی ئیسلام زۆر لەوە بەرزترە لەو شتانەی کە ئەوان بۆیان هەڵدەبەست، قەومیەت پێچەوانەی ڕۆحی ئیسلامی نیە) بۆیە دژایەتیی کورد بەناوی دینی ئیسلام هەرگیز ئەنجامی نیە !!!

سەرچاوەکان

١- ساداتی بەرزنجە – مەلا مستەفای سەفوەت حاجی مەلا رەسووڵ دێلێژە
٢- لە کەناری دانۆبەوە بۆ خڕێ ناو زەنگ – نەوشیروان مستەفا ئەمین
٣- مێژووی بنەماڵەیەک – محێدین عبدولقادر محمد قەرەداغی
٤- حەوتەوانە – شێخ حسیب عبدولقادر قازی
٥- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی
٦- شیعری محەممەدی خالسی
٧- دیوانی نالی
٨- زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک (عوسمان ڕەشاد موفتی)
٩- دیوانی راجی
١٠- دیلانە و مۆزیک
١١- دیوانی بێخود
١٢- ئاماژە بە کورد و کوردستان لە قورئان و ژیان نامەی پێغەمەردا (د. عومەر عەبدول عەزیز)
١٣- مێژووی بەشێک لە هونەرمەندان و بنەماڵەی کورد (شێخ بورهان-شێخ محەممەدی خڕنووکی)
١٤- دیوانی حاجی قادری کۆیی
١٥- شۆرشەکانی کورد و کورد و کۆماری عیراق -(عەلائەدین سەجادی)
١٦- گەشتی ژیانم (مەسعود محەمەد)



**نەجیبە خان**

**٢١**

## (یایەی دایە):نەجیبەخانی جەلیزادە

## شاگوڵی گوڵدانی قوتابخانە و مێژوو

جیهانی بێ ئافرەت وەک چاوی بێ گلێنە و خۆری بێتیشک و باخی بێگوڵە، ژن زەردەخەنەی مۆزیکی سروشت و ڕووناکیی چاوی ئاگری دڵە، مامۆستای کار و جوانترین مەلە و ئاگردانی ماڵە، ڕۆحی ژیان و ئاوەدانی و سەرچاوەی خەون و خەیاڵە، زەوی و دۆزەخ بە زمانی ژن فەڕش کراوە، خۆشیی بەهەشت (حۆری و شەڕابی پاک و سەوزایی و ئاوە)!!

وشک دەبێ دەریا و ڕووبار و بەنداو و کانی و زەنوێ رو زنە، ئەوەی قەت وشک نابێ کانیاوی هەردوو چاوی ژنە، فرمێسکی ژنان بەقەد دەریایەک دەبێ، ژن هەیە باڵای بە بەرزیی چیایەک دەبێ، پوختەی ژیانی ژن خۆشەویستی و دڵسۆزی و قوربانی و ئازارە، بووکی ڕازاوەی جیهان و گوڵی بەهار و خۆری پرشنگدارە، شەرم و بێدەنگی جوانترین ڕازانـەوەی ژنن، لەو گوڵە جوانانەن ڕەونەقی باخی ژینن!! لابردنی شاخ لە سیاسەتی ئافرەت ئاسانترە، گەرچی دیاری خوایە و لە هەموو بوونەوەرێک جوانترە! جەنابی مەلای گەورەی کۆیە پێی وایە:

**ژن زینەتی دونیایە**
**ئەمانەتی خودایە**
**حەبیبی موستەفایە**
**قەڵاتن لەبۆ مێردان**

***

لە ئاگردانی گەورەی ماڵی مەلای گەورە لەو خانەوادە، خوشکی گەورەی مەسعوود محەمەد، نەجیبەخانی جەلیزادە، بەرەبابی کاکی جەلی، لە مەیدانی دین و ئەدەب و مێژوو موجەللی، بەبنەچە و ڕەسەن، نابن بە تەوسەن، ئەو زانایەی هاوشانی ئەستێرە و مانگە، کە بە (مەسعوود محەمەد) بەناوبانگە، لە کەشکەڵانی ئاسمان و لە تۆقەڵانی سەر هەورە، کە خزمانی کۆیە پێی دەڵێن (کاکە سەعدی مەلای گەورە) نووسەر و بیرمەندێکە ئەوتۆ، چی کەمتر نەبووە لە بەرنادشۆ، تاکە فەیلەسووف و نووسەری کوردە پێی دەبڕێ ئەو شەڕەفە، لەناو دەفری زمانی کوردیدا گونجاندوویەتی بە کوردی نووسیویەتی (فەلسەفە)! (هەژار موکریانی) بە گژ زۆر کەسدا چووە لە کتێبی (چێشتی مجێور) وەک مزەوەرە! بەڵام (مەسعوود محەمەد)ی ناساندووە بە عالمێکی عەرەبی و ئەدیبێکی گەورە، نووسین و بۆچوونەکانی لەو ویژدانی مێژوو هەرگیز نابن بزر، ڕوانگەی جیاواز بووە لەڕووی مێژوو و زمانەوانی و ئەدەب و فەلسەفە و هزر، باوەڕی بەتوانای مرۆڤ و زانست هەبووە لە دۆزینەوەی ڕاستییەکانی گەردوون، پێی وابووە هیچ شتێک نامێنێ زانست نەیدۆزێتەوە، ڕەنگە قیامەتیش هەر ئەو کاتە بێ بەپێی وردبوونەوە و بۆچوون، چەند پشت و ئەژداد و ئابادی (مەلا)، بیری قوولی دەوێ لە (هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا)! بە شرۆڤە و وردەکاری حەزرەتی (حاجی قادری کۆیی) و حەزرەتی (نالی) ناسیوە، کتێبی (حاجی قادری کۆیی سێ بەرگ و دەستە ودامانی نالی چەپکێ لە گوڵزاری نالی)ی چنیوە، دەروەستی (زمانی کورد) و (بەرەو ڕاستەشەقامی ئاخاوتنی کوردی)! (چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی) و (هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی)شی کردۆتەوە بە جوانی و وردی، (٢٣)کتێب و دەیان




نووسینی هەیە بە کوردی و عەرەبی، لەبارەی سیاسەت و فەلسەفە و مێژوو و فۆلکلۆر و بابەتی زمانەوانی و ئەدەبی، (مەسعوود محەمەد)ی نەوەی کاکی جەلی، ڕەوا بوو وەریگرتبا خەڵاتی نۆبڵی، ئەو هیوا و بریایە کەوتە ژێر گڵی.

***


نەجیبەخانی جەلیزادە، نەجیبزادە و مەلازادە، دایکی لە شێخانی سندۆلانە بە ناوی (حەبیبە) مەلای گەورە لەو ژنە دوو کوڕ و چوار کچی هەبوون بە ناوی (نەجیبە، مەسعوود، فاروق، ئیقلیمە، سورەییا، ئەدیبە)!

ئیقلیمەخان خێزانی عەلی عەبدوڵڵای سیاسەتمەداری پاک و تێکۆشەر لە ریزی پیاوچاکان بوو، سوورەییاخان خێزانی عومەر دەبابەی سەرکردەی بەشانوشکۆ و کاکی کاکان بوو!!.

یا عیسمەتی دایان و یا عەیشێی گۆمەشینێ و کافیەی مەلایان، سێ کوڵەگەی گەورەی مەلای گەورە بوون نەبزووتن تا مردن لەلایان.

نەجیبەخان لەناو خێزانی ناسراو بوو بە (یایەی دایە)! کاری چاکی، ناوی پاکی، لەناو لاپەڕەی مێژوودایە، گەورە کچی مەلای گەورە، چرا و سایە بوو لەو دەورە، بە یەکەم کچ دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە قوتابخانە لەگەڵ کوڕان خوێندبێتی لەیەک ئاست، ئەو زەمان دەسەڵات کۆنەپەرست و شێخ و مەلابوون، مێشکوشک و بیرتاریک و بەتەشقەڵە و بەڵا بوون، پێیان هەرس نەدەکرا هەرگیز، کچ بخوێنێ لەگەڵ کوڕان لەیەک ڕیز، خوێندنی قوتابخانەیان بە کفر و حەرام و تاوان و کاری شەیتانی





یاعیسمەت        کافیه خان

دەدایە قەڵەم، نابێ کچ بخوێنێ چۆن دەبێ کچ لەگەڵ کوڕان بخوێنێ لەو سەردەم، مەلای گەورە ئەو زانا گەورەیەیان بە لادین دادەنا و تۆمەتی نارەوایان دەخستە ملی، گۆتەگۆتیان بوو بە شیعر و شانامە و بەقوتابییان دەگوت مەکتەبلی، بەڵام جەنابی مەلای گەورە بێمنەت، بەرەنگاریان دەبۆوە دەیکردن بەنەفرەت، دەیگوت (بەغیرەت بن بەغیرەت بن بەغیرەت):

**مەلای نادان بە عینوانی شەریعەت**

**حەرامی کرد لەتۆ عیلمی تەبیعەت**

**هەتا ئەو عیلمە بة چاکی نەخوێنن**

**دەبێ هەر پاقلە و سڵقێ بچێنن**

ئاخر کێ دەوێرا و دەیهێڵا لە دواکەوتوویی ئەو حەلی، ساڵی ١٩٢٤ کچ بنێرێ لەگەڵ کوڕان بخوێنێ بە تێکەڵی، مەگەر ماڵی مەلای گەورە و بنەماڵەی جەلی، (یایە دایە نەجیبەخان) سەرەتایی دەخوێنێ لە قوتابخانەی کوڕان، بە زانستیان زانیوە نەک لەدینوەرگەڕان، هەروەک حەزرەتی حاجی قادری کۆیی سەلماندوویەتی ناکۆک نییە لەگەڵ دین:

**بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین**

**(أطلبوا علمكم ولو بالصين)**

**نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە**
**گەر مەلا نەهیی فەرموو دینی نییە**
**تۆ وەرە فەننێ فێر بە چیتە لەوە**
**گاورە، هیندووە وەیاخۆ جووە**

***

**(یایەی دایە) نەجیبەخانی جەلیزادە، وەک نووسینگەی مەلای گەورە وابووە بەوڕادە،** وەک خاتوونێکی ژیر و خوێندەوار و بەهێز، ئاگادار و هۆشیار و بەهەست و ئەرشیف پارێز، کتێبەکانی بنەماڵەکەی و نووسین و وتارەکانی باوکی یادداشت کردووە و سوودی وەرگرتووە لە ناوئاخن و پەراوێز، ڕۆژانە بە زانیاری و وردەکاری، ڕووداو و کارەساتەکانی نووسیوە بەناوی (هەواڵی کوردەواری) لە بیرەوەریی کوردیدا کەش وهەوا بەدەگمەن باس کراوە، بەڵام ئەو لە یادداشتەکانیدا بایەخی زۆری پێداوە، وشەی تازەی کوردیی بەکار هێناوە، بەجوانی نووسیویەتی بە کوردییەکی پەتی و پاک و پاراو و ناوازە و نازدار، لە ١٩٦١/٨/٢٠ دەڵێ (ئەو شەوە زۆر خۆش بوو هەوایەکی فێنک، ئاسمانێکی بێگەرد و ژینگەدار)،کەشوهەوای زۆر ساڵی کوردەواری بۆتە مێژووی ڕووداوەکە!(١)

هەروەک ساڵی بەفرە زۆرەکە ساڵی ژەنگی گەنمەکە و بەفری سوور و وشکە ساڵ و ساڵی لافاوەکە!!..هتد یادداشت و ڕۆژمێرەکەی نەجیبەخان دەبێتە سەرچاوە و سەرمایە، لە ٢٤ی کانونی ڕۆژی دوو شەموو ساڵی ١٩٨٣ نووسیویەتی: (بەفر سەرچیای سپی کردییە، سەرمایە!!). جێی متمانەیە ناوەڕۆکی کتێبی (هەواڵی کوردەواری) بۆتە گەنجینەی زانیاری، بە دەستپاکی و ڕاستگۆیی و بەدەستنوێژ و ئەمانەتەوە، ڕۆژمێر و مێژووی نووسیوەتەوە، ئەو دەمی ئەو مێژووی دەنووسییەوە بەکردەوە، خەڵک هەبوون (مێوژ) و (مێژوو)یان لێک نەدەکردەوە، نەجیبەخان لە ئاست ڕۆژژمێر و مێژوو دیدەڕوون بووە، ڕۆژمێژووی ڕووداوەکانی بەوردی یادداشت کردووە، (کتێبی تەئریخی پێ خۆش بووە، لە بنەماڵەکەی و کۆڕی دانیشتنان زۆری پرسیوە، چی بیستووە لە پەڕە کاغەزان ساڵی ١٩٤٠ لە کتێبەک هەمووی نووسیوە). **نەجیبەخان یەکەم مێژوونووسی ژنە لە باشووری کوردستان، ڕووناکیی داوەتـەوە لە تاریخی تاریکستان، بۆیە یەکەمە دوو کتێبی مێژوویی هەیە**



خاتوو حەبیبە هاوسەری مەلای گەورە لەگەڵ ٤ کچەکەی، سورەیا. ئیقلیم خان، ئەدیبەخان، نەجیبەخان

**بەو هۆیە، بەناوی (مێژووی جەلیزادە و مێژووی شاری کۆیە).** گەرچی لەباخی مێژوو پەرژین و شوورەیە، بەڵام لە سەرانسەری کوردستان یەکەم مێژوونووسی ژن خانمی مەستوورەیە، دەبێ وابێ:

**مەستوورە کە حەسناوو**
**ئەدیبە بەحیسابێ**

نەجیبەخانی جەلیزادە، لە بواری مێژوودا ئوستادە، دەربارەی درەختی مێژووی بنەماڵەی جەلییان، لەرەگوڕیشەوە لێی کۆڵیوەتەوە تا دەگاتە لقوپۆپ و پەلیان، لە مێژوی شاری کۆیە ئاماژەی بەوە داوە، (کە کۆیە نازانرێ کەنگێن دروست کراوە، پێش ئیسلامیەتی شار بووە، هەریر لەژێر دەستی کۆیە بوو، سەردەمەکی نفووسی کۆیە (١٠)هەزار، نفووسی هەولێر(٦)هەزار بووە)(٢).

نووسیویەتی (چیای باواجی بەردی مەڕمەڕی تێدابێ مەڕمەڕی خۆولاتیە، ئی باواجیە و لە موسڵێرا نەهاتییە!!) کۆیە خاکی گەوهەرە، کانگەی گەچ و گوگرد و قسر و مەڕمەڕە، پڕ لە سامانی سروشتی یە!!(٣)

***


فاروقی مەلای گەورە

نەجیبەخان لە ١٩١٧/٩/٨ لە کۆیە هاتۆتە ژیان و چاوی هەڵهێناوە، ڕۆژمێژووی لەدایک بوونی بە ڕاستودروستی نووسراوە، رچەشکێن و کۆتپچڕێن و نەریتبەزێن بووە ئەوکاتی بێ هاوتا، یادداشتنووس و نۆبەرەی مێژوو گوڵی قوتابخانە و یەکەم ئافرەتە، بووە قەڵغان و پێشەنگ لە هەڵمەتا، ئاوارە بووە، خەباتی کردووە دژی دژمنان، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بزووتنەوەی ژنان،سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتان بووە، ڕێک لەگەڵ مافی بەشمەینەتان بووە ، دەڵێن ژن چوار چەکی هەیە (زمان و گریان و بوورانەوە و چڕنووک) بەڵام نەجیبەخان ئەو چەکانەی هەبوو (ئەرشیف و قوتابخانە و قەڵەم و پەڕتووک)، ٨٢ساڵ ژیا بەمەردی، بەگیانی دڵسۆزانەی کوردی، ڕاسپاردەی مەلای گەورەی باوکی هێناوەتەدی، نوسراوە لەسەر پەراوێزی کاغەزی(چەند خۆش بوو لەسەر ئەرزی، بژین بەسەربەرزی)مردن هەر لەپێشی، ئەی ژیان هەر قەرزی، نەجیبەخان تووشی ئێسک نەرمە دەبێ لەپەل وپۆ دەکەوێ، لەهەواری باب وباپیری بنە وبارگە دەخا لەوێ، لە گۆڕستانی دەروێش خدر دەنێژرێت لەشاری کۆیە، مەرگی لە (١١ ی حوزەیرانی ساڵی هەزار ونۆسەت ونەوەت ونۆ)یە نەجیبەخانی جەلیزادە، گیانی ئاسوودە وشادە، چونکە مێژوو بیری ناچێتەوە، لەباخی بەهەشت گوڵ دەچنێتەوە.

تێبینی:

+/ تەوسەن: ئەسپی سەرکەش.

+/ زنە:کانی زۆر بچووک.

+/موجەللی:بەو ئەسپە دەگوترێ کە یەکەم بێ لە مەیدانی غارغارێندا.

+/د.کەمال مەزهەر وتویەتی: مەسعوود محەمەد هیچی لە بەرنادشۆ کەمتر نەبووە.. لەزاراوە و ژیری و زمانی عەرەبیدا کەس نەبووە شان لەشانی بدات.

+/د.فەرهاد پیربال: دەڵێ مەسعوود محەمەد تاکە فەیلەسووفی کوردە تاقە نوسەریشە توانیبێتی فەلسەفە بەزمانی کوردی بنووسێ!.

پەراوێز:

(١)هەواڵی کوردەواری ل٨٠.

(٢) مێژووی شاری کۆیە (نەجیبەخانی جەلیزادە) لە ل٤٢ و ل٤١.

(٣)مێژووی جەلیزادە ل٧.

سەرچاوەکان:

١.مەلای گەورە-زانا وئەدیب وشاعیر- عەبدول خالق عەلائەدین.

٢.مێژووی جەلیزادە: نەجیبەخانی جەلیزادە.

٣.مێژووی شاری کۆیە: نەجیبەخانی جەلیزادە.

٤.هەواڵی کوردەواری: نوسینەوەی نەجیبەخانی جەلیزادە، پێشەکی لێکۆڵینەوە وساغکردنەوەی د.کەمال مەعروف.

٥.دیوانی نالی.

٦.دیوانی حاجی قادری کۆیی.

٧.چێشتی مجێور: هەژار موکریانی.


٨.ئاین لەفیکری مەسعوود موحەممەددا نوسینی عومەر عەلی غەفوور.

٩.بیلیۆگرافیای مەسعوود محەمەد:زامدار ئەحمەد.


١٠.لە وتە بەنرخەکانی(مەسعوود محەمەدی فەیلەسووف):حەیدەر عەبدوڵڵا.

١١.وتەی نەستەق.

١٢.گەشتی ژیانم(مەسعوود محەمەد).



مەلای گەورە



مەسعود محەمەد



سورەیا خان



## ٢٢
## جەلیل گادانی ڕۆڵەی کۆماری کوردستان

مرۆڤ هەر کاتێ بڕیاری ئازادی بدات ئازادە، نابێ و ناکرێ نیە لە فەرهەنگی خەڵکی بە ئیرادە، ڕوخساری مرۆڤ کتێبێکە دەخوێندرێتەوە، مردن تاقی ناکرێتەوە، یەکجارە دەبڕێتەوە، جەستە دەڕزێ و ڕۆحی نەمر و ناو دەمینێتەوە، ژیان ئاوێتەی خەندە و فرمێسکە، دیلییەتی زەبوونی و ژانی سەرهێسکە، ئەوانەی بە نابینایی لە دایک دەبن لە تاریکی ناگەن چونکە ڕووناکی نابینن، ئەو باڵندانەی لە قەفەز تروکابن وا دەزانن تاوانە لە قەفەز دەرچوون و بەرەو ئاسمان هەڵفڕین، بەهێزترین چەکی مرۆڤ هێمنی و خۆڕاگرییە، مەرجی سەرکەوتن گەشبینی و ئازایەتی و بەرگرییە، بەرەوبەرزایی هەڵکشان بۆ گەیشتن بە مانگ، گەر ڕێگاش هەڵە بکەی خۆ لەگەڵ ئەستێران دەبیە هاوشان و ئەستێرەیەکی بەناوبانگ، سیاسەت هونەری کاردکردنە لە سنووری تواناو، پێشبینیکردن و ڕوانین بەرەو ئاسۆ کلیلی سەرکەوتنە بە ویست و ئیرادە، گەنجیەتی قۆناغە کە ڕۆیی ناگەڕێتەوە، تەمەن مۆمە دادەگرسێ و دەتوێتەوە، لە هەموو ئایین و یاساکاندا پشوودان هەیە بەڵام لە خەبات و بەرخودان، تا دوا هەناسەیە بێکوڵدان، تێیدا نیە پشوودان، نموونە وەک جەلیل گادانی، لە ڕێگا و مەیدانی، سیاسەت و کوردایەتی، خەبات و پێشمەرگایەتی،

٧١ ساڵ خەبات، بێ بڕانەوە و پڕبەسەرهات، هەڵدەکەوێ بە دەگمەن:

**خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن**

**تێکۆشان بووایە بۆ خاکی وەتەن**

**ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد**

**لە چوار پێنج ساڵێ تێپەڕی دەکرد**

خەبات و کوردایەتی بە هەموو کەس ناکرێ، مەرد و جوامێری دەوێ خۆی بۆ ڕاگرێ، خانەوادەی گادانی، دیارن بە خەبات و خانەدانی، لە زەمانی (ژێ کاف و کۆمار) کوردایەتییان تاپۆ کردووە بە تۆمار.

لە گەڕەکی (قووڵە قەبران) لە سابڵاغ، لە خانەوادەی گادانی لەو وەجاغ، لە ١٣١٢/١٢/١٢ی هەتاوی، جەلیل گادانی هەڵیهێنا چاوی، لە مهاباد لە پایتەختی کۆماری کوردستان، جەلیل گادانی شاگرد بوو لە دەبوستان و دەبیرستان، ماڵێ خۆیان کردبووە خوێندنگەی(گەلاوێژ)، ئەوێ ڕۆژێ مامۆستا محەمەد تەوفیق (وردی) لەوێ مامۆستا بوو وانەبێژ، وانەی سروودی (ئەی شەهیدان) و (ئەی لاوەکان) و (ئەی ڕەقیب)ی دەوتەوە، بە گیانی شۆرشگێڕانەی نەسرەوتەوە، جەلیل گادانی بەو سروودانە گۆشکرا، لە ژێر ئاڵا و کوورەی کۆمار جۆشدرا، کە ئاڵای پیرۆزی کۆمار هەڵکرا، ئەو لەوێ بوو لە مەیدانی چوارچرا، جۆش و خرۆش و ڕێوڕەسمی ئاڵای دەگێڕایەوە، کە لە خۆشی و حەماسەت (عوسمان دانش) بوورایەوە، وەخت بوو لە سەربان بکەوێتە خوار، لە خۆشی هەڵکردنی ئاڵای کۆمار، پاش نەمانی کۆماری کوردستان، زیاتر درێژەی بە خەبات دا بێوەستان، بڕیاری مەزن لە دڵەوە دەدرێ، بە خەونی گەورەوە کەوتە ڕێ،

**کاروانی ئێمە کەوتۆتە ڕێگا**

**بە ئامانجی کورد هەر دەبێ بگا**

جەلیل گادانی، ٥ جار گیرا و ١٣ ساڵ زیندانی، ترسی لە شکست نەبوو، لە سەختیی خەبات نەدەلەرزی و نەدەبەزی، بەڵام بە کارەسات و شەهیدبوونی



**٢٠١٥/٤/٢٣ مەراسیمی ٧٢ ساڵەی یادی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ، جەلیل گادانی- چاپووک سەید عومەر- ڕەهبەر سەید برایم**

هاوڕێکانی دڵی دەتـەزی، نە دەترسا و دەینووسی و دەیپرسی، باکی نەبوو بە کوێرەوەری و زیندان و مەترسی، بە درێژایی ژیانی لە سەر کۆمەڵەی ژێ کاف و کۆمار و حزبی دیموکراتی دەکردەوە، هەڵە و تێگەیشتنەکانی بە بەڵگەوە، بەرەو ڕاستی دەبردەوە، خۆی شاهیدی حاڵ بوو، ڕووداوەکانی لە هزر و خەیاڵ بوو، پەڕەی کتێبەکان وەک کۆتری سپی هەڵدەفڕین، بابەتەکانی چڕ و پڕ و بەڕاستی دەریدەبڕین، باخچەکەی گوڵڕێژ بوو ڕۆحی دەڕازاندەوە، چاوەڕێی گوڵ نەبوو بۆی بێ، گوڵی دەنارد و دەیڕواندەوە، وشەکان وەک گوڵی جوان ڕەنگی هەبوو، بۆن و تام و ئاورینگی هەبوو، لە کۆڕ و بۆنە و بەزمدا هاوڕێیەتیی خۆش بوو کۆمەڵایەتی، بە زۆر بوار و بۆنە ڕادەگەیشت لە رووی ئاشنایەتی و دۆستایەتی، گەرچی بە دەم ڕێگاوە دڕک لە پێی چەقی بوو، بەڵام گوڵچن بوو گوڵ و جوانی و عەشق و زەوقی بوو، بیری جوان بوو، جیهانی بەجوانی دەبینی، کەسی پێ ناشیرین نەبوو گوڵی دەبینی بە گەشبینی، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری دەڤەری کۆیە ئامادەگی هەبوو، چونکە لە سیاسەت و ڕۆشنبیری و هونەر و

ئەدەب باکگراوەند و ڕەگی هەبوو، میرزای حزب و پیری دیموکرات، کە دەهاتن بە جووتە وەکو تەیری موکریانیێ، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان ڕێزیان دەباراند وەک هاتبنە خوار لە ئاسمانیێ، لە وەختی خۆی لایان نەدەدا مووێ، لە دانیشتن گوێڕایەڵ بوون هەموو گیانیان دەبوو بە گوێ.

**داری دارەبەن لە ماهی دەڕوێ**

**کێوی و پڵنگ و کەوی دێنە سوێ**

**کوردێ خاکی خۆی بە دڵ خۆش بوێ**

**لەم کوردستانە ئەبەد نابێ جوێ**

تایبەت و جیاواز، ڕێزدار بە شێواز، بێ فێڵ و ڕاستگۆ و سادە، بێ وێنە بوو (حەبیب زادە)، خۆماڵی و خاکی، رابردوو و پاکی، ڕێگای ڕووناکی، قوتابخانە و وەرام و وانەن، گادانی و حزبی دیموکرات دوانەن، خاوەنی ٢٢ کتێبی چاپکراوە، میراتی دەستنووسیشی ماوە، سەرکردە و سیاسەتوان، نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەوان، شارەزا و لێزان، خانەدان و زمانزان، ماڵەکەی ببووە (پەنای بێ پەنایان) (ئەنوای بێ ئەنوایان) ماڵی بابی کە کرا بە خوێندنگەی گەلاوێژ بۆ خوێندنی کوردزمانی، دواتر ئەو خانووە بووە ماڵی ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی! بەڕاستی و ویژدان، نموونەن لە خانەی مەردان، جەلیل گادانی، هێمای کوردانی، بە دابی کوردەواری و نەریتی شۆرشگێرانە و بە دەستوور، بە سەرنج و وردبین و پڕ زانیاری و ئەزموون پشت ئەستوور، پێش ئەوەی وتەبێژێکی ڕەوانبێژ بێت، پێویستە گوێگرێکی بەڕاوێژ بێت، گوێگرتن هونەرە، بێ دەنگی گەوهەرە، وتە زیوە، خوێندنەوە و نووسین سەلیقە و وەختە، وشە زیاتر لە ئاگر دەتسووتێنێ زمانی تیژ و بڕندە برینی سەختە، دەربڕینی بیر و ڕا ئازادە بەڵام ڕاستی پیرۆزە، کتێبی (ڕاستی ڕووداوەکان) وەک دەرکەوتنی تیشکی ڕۆژە، وەکوو کانی ڕوون و ڕەوان، وەکو هەتاو بۆ هەمووان میهرەبان، وەکو زەوی بەپیت و فراوان، وەک بارینی بەفر بە ڕەنگی زیوین نووسینەکانی دادەپۆشێت، دیمەنی جوانی



**٢٠١٤/١٢/١٧ کۆیە /ڕۆژی ئاڵای کوردستان رەهبەر سەید برایم- جەلیل گادانی**

دەبەخشی و بە وردەکاری و زانیاری پڕ بڕشت!! لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە، ڕووداوەکان دەردەخا بە بەڵگەوە، لایەنێکی شاراوەی شۆڕشی هەژدە مانگەی ٤٦،٤٧ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات! لاپەڕێکی زێڕینی مێژووی حیزبی دیموکرات، بە گەشی دەردەخات! نووسیویەتی لە مێژووی ئەو جووڵانەوەیە (شەڕی سپیسەنگ) دەبێتە یەکەم داستان و جەنگ! شەڕەکانی (خاڵەباد و بەندەنی زمزیران و شەڕی شەڵماش و پەلاماردانی پاسگایەکی ژاندارمەری، لە شاری بۆکان و لاجان و پیران، سەرشیوی ئاغەلان و مەنگوڕایەتی، ئەو داستان و شەڕانە لە زەمانی شای ئێران پڕە لە مەردایەتی و قارەمانیەتی، بە خوێنی شەهیدانی مراد شیرێژ و سمایل شەریفزادە و نحۆی شکاک و مەلا سمایلی حەفید، لەگەڵ ژمارەیەک لە بژاردەی کادر و پێشمەرگەی شەهید، لە کتێبی (با نەبێتە درۆی پاش مردوو) هەندێ راستیی مێژوویی دەخاتە ڕوو بە شانازی، لەسەر ڕێبازی، پێشەوا قازی، لە دەورانی کۆمار خودی (پێشەوا) چاویلکەکە و مەدالیایەکی گچکەی ئاڵای کوردستانی پێبەخشیبوو، بۆ ئەو گەورەترین شانازی و مایەی خۆشی بوو، لە

زەمانی کۆمار دەستە جلوبەرگی یەکڕەنگ دابین کرابوو بۆ هەموو خوێندکاران، تاکوو جیاوازی نەبێ لەنێوان دەوڵەمەند و هەژاران، جەلیل گادانی، مۆم و چرادانی، لە کۆماری کوردستان و کوردایەتی سەرمەشقی خەبات بوو، پاک و پێداگر، مەرد و خۆڕاگر، پیری دیموکرات بوو، لە ڕێزلێنانی (٦٥) ساڵەی خەباتی لە تەمەنی ٨٠ ساڵی، بەرەو لوتکەیان برد، ئاسوودەیان کرد، بەرزیان ڕاگرت بە خۆشحاڵی، لە ژیانی دوو فریشتەی مەلی بەهەشت لەسەرشانی بوون، ئەسمەر خانم و ئامینە خانم هێز و پشتیوانی بوون، لە خەباتی بێ وچانی، نهێنیی شار و ژیانی شاخ و زیندانی، و دەربەدەری و قوڕبەسەری، لە پەنای بوون، هەقە هەڵبکێشرێن بە زێڕ و گەوهەری.

زمان شیرین و کەم دوو، لە خەبات نەدەبوو ماندوو، قسەخۆش و بە ئەزموون، هزر بەهێز و مێشک ڕوون، تا بۆی کرابایە نەیدەهێشت مێژوو بە چەواشەیی بکرێ تۆمار، دەکەوتە روونکردنەوە لەسەر کۆمەڵەی ژێ کاف و حزبی دیموکرات و کۆمار.

دەنگ خۆش دەیخوێند وەک بولبولێ، لەسەر ئاواز و شێوازی مامڵێ، مەقامی (وەتەن لەسەر کوڵمی گوڵانت، شەو تا سەحەر دەدوێ جێگای خوێنی شەهیدانت)

مرۆڤی بێ هیوا جەستەی بێ گیانە، هەمیشە گەشبین، ڕەشبین نەبوو لە ژیانا، ئەو تەمی نائومێدیی رەواندبوو، بە دڵنیایی هیوای نەدۆڕاندبوو، قۆناغی ترسی تێپەڕاندبوو، چونکە ڕۆڵەی ئاڵا و کۆماری کوردستان بوو، ئاسۆی خەون و خەیاڵی گەش و فراوان بوو، نا تەبایی و ناکۆکی ریزەکانی کوردی لەسەر دڵ ببووە ئاخ و داخێ، رای وا بوو ڕژێمی ئێرانیش بڕووخێ بە یەکگرتوویی نەبێ ناگەڕێتەوە ڕۆژهەلات و ولات و سابلاغێ، دەیگوت بە تەمەنی خۆم نەخۆشی وەک (کۆڕۆنا) م نەدیوە، ئەرز و ئاسامان جووڵەی وەستاوە جیهان لەبەری تۆقیوە، سەرئەنجام بە پەتای (کۆڕۆنا) کۆچی دوایی کرد، بۆ کورد ژیا و بۆ کورد مرد.

بە تەمەنی ٨٧ ساڵی ڕۆیی بە ئەبەدی، بەس کەس گادانی بە پیری نەدی، لە

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ هەتاوی گیان و ناوی نەمری بۆ مێژوو نێردرا، لە گۆڕستانی شەهیدانی حزبی دیموکرات لە شاری کۆیە بە خاک سپێردرا

شیعرێکی خەیام، کە بۆتە پەیام، لە دێرێکی پڕ هەستا:

**مردن چییە کەس تێنەگەیی تاوێستا**

**تەورات و زەبوور تا دەگەیە ئاوێستا**

هەی لەوێ خەمێ، لەوێ خەبەرێ، ناگرن قەڵەمێ دەگەڵ دەفتەرێ، لە پاش مەرگی گادانی ئەو ڕۆحەت لە بۆ نایەتەوە دەرێ! بە ئەدبییاتی زارەکیی کۆیە و موکریانێ، بۆ خۆشەویستی و ڕێز و سۆز دوور لە گریانێ، دڵ توند دەدا مۆنجان، خێوەتان هەڵدەن لە زەوییە سپی و قەڵای هەرمۆتە و کەونەلاجان، ڕا و قسەکانی خەبات و ئەزموونی هەڵکێشن لە گەوهەر و مەرجان!

**ئەمن چ کێوم نەدیون لە قەندیل بڵندتر**

**چ دەشتیشم نەدیون لەدەشتی لاجان پانتر**

**چ تێکۆشەریشم نەدیون لە گادانی خەبات جوانتر**

**خەڵکەکەی کۆیە خۆت و خواتان!**

**گۆڕی گادانی کەوتۆتە لاتان!**

**قەدری واجبە لەسەر هەمووتان!**

**جەلیل گادانی**

**لە دڵ ویژدانی**

**نەمر و جاویدانی**

سەرچاوەکان

١- ڕاستیی ڕووداوەکان (جەلیل گادانی)
٢- لە کەشکۆڵی پێشمەرگە (جەلیل گادانی)
٣- ڕێزلێنان لە ٦٥ ساڵەی جەلیل گادانی
٤- پیری دیموکرات
٥- (دیوانی کامەران موکری)
٦- ئاسۆی چل چیا _(عوسمان پشکۆ)
٧- ئەدبیاتی زارەکی موکریان (سەلاح پایانیانی)
٨- با نەبێتە درۆی پاش مردوو (جەلیل گادانی)

میرزای حزب: مەبەست مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەنزادە)یە

حەبیب زادە: ناوی خوازراوەی (جەلیل گادانی بووە)



**٢٣**

## ئارام ساڵح غەفووری:
## لە باخچەی (بەهار) گوڵی نەچنیوە

لەگەڵ پەرش و پەخشی گوڵە ئەستێرەکانی تەلەفزیۆنی کەناڵی کۆیە، برای بەهرەمەند (ئارام ساڵح غەفووری) بەرنامەیەکی هەبوو چەپک و مەلۆیە، بە ناوی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر) ڕازاندبۆوە بە گوڵ و ریحان و گوڵە قایمقام و گوڵە ئەشرەف و لەیل و پەڕ، (١٠) ساڵان باخەوان بوو گوڵی دەدێراو بەرنامەکەی بەتام و خۆش بۆ، خەرمەنی گوڵ وخێوەتی خارا، لە شارەکەی کۆ،باخی ڕەنگین و بنەوشە و شلێر و کنێر و شەتڵی هونەری لێ چاند بوو، بە چەپکە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ ناو گوڵدانی شاشە پێشکەشی کردبوو، درێژترین و بەتەمەنترین بەرنامەی دانەبڕاو بوو، لە کەناڵی کۆیە و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان نیشاندراو بوو، لە ساڵانی(١٩٩٣— ٢٠٠٣) وشک و چکی نەکرد بوو، بە جوانی و گەشی پەی پێ برد بوو، خۆی لە سێ سەد زنجیرەی پڕ گوڵاو دەپرژاند، خۆی لە دیدار و هەڤپەیڤین و بابەتی مێژووی دەنواند، بەشێکی بایەخداری گەلەکەمانە لە هونەر و ئەدەب و کەلتوور و کەلەپوور،ماڵی ئەوەیە بخرێتە ناو ئەرشیفی نەتەوەیی و بۆی ڕابخرێ



**کتێبخانه کشتییەکانی کۆیە/ شێخ چاپووک-ئارام ساڵح-د.ئازاد- ڕەهبەر سەید برایم**

فەرشی سوور، چونکە ئەوەی بەرنامەی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر)ی بینیوە بایەخی هونەری دەزانێ و چەندان هونەرمەند، لەو گوڵزارە وەک بولبولی خۆش خوان تییدا چڕیوە، کە ئێستا ژێی گەروەکانیان پچڕاون، لەبەهەشتی ئەبەدین و بە جەستە نەماون، هەروەک (حەمەدەمین عەباس و وەستا باقی حەلاق و حەمەی نێرگز،کەریم کابان و ئیبراهیم خەیات) پۆلێک لە مێژوونووس و شارەزایانی زمان و شوێنەوارناس و هاتونەتە دیدار، خۆیان نەماون لە ئەرشیف ماون، هەر دەمینێن بۆ یادگار، هەر وەک: (تایەر حەوێزی، عەبد جاسم، مامۆستا مەجید شێخ نووری جەلیلزادە و توفیقی مەلا سدیقی و مامۆستا عەلی مستەفا و........

ڕا و سەرنجیان دەمینێن تاسەر) ڕۆحیان دەشنێتەوە (لە ناو گوڵزاری ئەدەب و هونەر)

هێشوەک شاعیر و ڕۆشنبیر و نووسەر کەسایەتی لەبن کەپر و مەیقی، پشکۆی شعریان گەشاوەتەوە بەڵام ڕۆحیان دەپەیقی، هەروەک (شێرکۆ بێکەس و خالید دلێر و کەریم شارەزا و خوشکە فریشتە و حەسیب قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر و خالید جوتیار و جەلال جۆبار و قادر بەشدار و.......)

بە ڕەنگ و دەنگ و نووسین لە ویژدانی مێژوو ماون بە تۆمار، شانەیەک ڕووناکبیر و بەهرەدار و ئەکتەر، هاتوونەتە ئاخاوتن لە شانۆی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر)، لە ژیاندا نەماون نهۆکە، دیداریان جێی سەرسامی و شۆکە، هەروەک (کەمال سابیر و مەکی عەبدوڵڵا (عەلیە فەندی) و سمکۆ عەزیز و سەلام فەرج و جیهاد دڵپاک و مامۆستا سەردار باب سەردار و بەهادینی حەلیمی و...... جگە لە دەیان ئەستێرەی پڕشنگدار و گوڵی گەشاوە، لە خەڵکی بەهرەمەند و لێوەشاوە، هەروەک مستەفا ساڵح کەریم و فەتاح کاویانی و جەوادی حەمەد بەگ و محەمەد حاجی عەلی و محەمەد نوری تۆفیق و لەیلا عەلی و د.عیزەدین مستەفا رەسول و بێگەرد قەڵاتی و........)

ئارامی گیان ئارامی دڵان، ئارام ئارام گەڕاوە بەناو گوڵان، گوڵ بە گوڵ چڵ بە چڵ، شاخ و باخ ڕەز و ڕەوەز، کوێستانان خاڵ خاڵ بەفرینان کێو کێو بە سەلیقەیەکی پڕ لە حەز، لە هەر کوێ گوڵێکی پەلک تەنک و لاسک ناسک و جوان و بۆنداری دی بێ، ئاشقانە بۆی چووە دڕکیش لە پێی چەقی بێ، وەک هەنگ لەسەری نیشتووە، هەڵاڵەی لێ مشتووە، هەنگوینی نایابی لێ پێکهێناوە، لەبەردەم خوانی مێژووی داناوە، ڕۆحی شیعری ئارام زمان و فەرهەنگە، بۆیە لە سروشتی پەپوولە و هەنگە، مایەکەی بۆتە هەنگوینی هەنگی کەژێ، چۆراوگەی شیرینی رەسەنایەتی لێ دەرژێ،

چی بینیووە، گوڵی لێ چنیوە، بۆ ڕێبواران و ئاشقانی وشەی کوردی لەهەر جێیەک بێ نزیک و دوور، عەودال بووە بۆ جوانی شیعر و ئەدەب و هونەر و کەلەپوور و کەلتوور، دەست خۆشیە بۆ شاعیر و ڕۆژنامەوان و نووسەر، لەبەرنامەی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر) پڕۆژەی سەد دیداری بڵاونەکراوە، لە دووبەرگ و شێوە چاپکراوە، باخەوان عەمرت بمێنێ، بولبول لە باخت دەخوێنێ، گوڵزاری گەشە ئێستاش گوڵاو دەپرژێنێ!

خاکاونازاو و ڕامانی (ئارام ساڵح غەفوری) ئەوین ژەنە، وەلاکین دوور بە دووری، نسکۆ و سووتانی ئەبەدی، تیراوە و حەسرەتی قەدەرە سەبووی سەبووری، نهێنی شیعرەکانی بەرەنجووری، مژدەی مەرگی گەرەلاوژە، بەگڕ و نووری، گەر سەرنج بدەن بە دیقەت، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی ئەزموونی شیعر و نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت، لێتۆژان لێتۆژینەوەی وردیان لەسەر شیعرەکانی کردووە بەشێوەیەکی ئەکادیمی، زۆربەیان دوکتۆرایان هەیە شارەزا و لێزانن دەزانن پایەی شیعری لە عەرشی عەزیمی، دەزانن ئارام چەند شاعیرە و وشەی لە گوڵ چندراو، خاوەن فەرهەنگ و ڕستەی مشتوماهی، وشەی گەش و پاراو، لە وشە و زاراوە تایبەتمەندە، بە جوانی و هونەری شیعر پابەندە، زمانی شیعر لە بونیاتی تێکست مەزنترین ڕەگەزە، پەپوولەی گوڵی وشەکانی لە کژ و وەرزی ساڵ و جوانی سروشت و کێڵگە و ڕەزە، دەفڕێ و دەگەڕێ بەناو بێستان و گوڵستان:

**تازە بە تازە دارستان**
**تەوافی پایزی کرد بوو**
**(با) کەشیدەی سەری ڕفان**

کەشیدەی گوڵە حاجیلەکان و نێرگز و شاڵی سەیدانەی گەلا و گژ و گیای کردۆتە مەڵۆ،بۆ ڕەنگی تابلۆ:

**کێ دەڵێ تۆ**

**گەنجینەی پایزت نەدزیوە**

**ئەی ئەو هەموو**

**ئاڵتوونی گەڵا زەردە چییە**

**بە سینەی گوڵزاری دڵ و**

**بە ملی بەهاری هەناسەت**

**هەڵواسیوە:**

شەلەگەی شیعری بە وشەی باخچە دەبەستێتەوە، بە یەک خونچەی بەهار شنەبایەک دەشنێتەوە، بەسەر دڵدا دەکا گوزەر:

**بەفر یەکسەر**

**جەڵتە لێیدا**

**هەر کە چاوی بە (ئادار) کەوت**

کەم دەنووسێ و جوان دەنووسێ،گەوهەری داهێنانی تێیدا:

**هەورم دی**

**بە کوڵ دەگریا**

**تومەز**

**لە گۆڕستانی پایز دا**

**(با) تەلقینی گەڵای دەدا.**

وشەی زمانی لە ڕێسای ڕەها، پەیدا دەکات خەسڵەتی بەها، پسپۆڕی شیعر (د.ئازاد ئەحمەد) بە ئازادی و ئارامی جوانی شیعرێکی ئارام دەخولقێنێ، لە (تەوقەی ڕۆح) بە ئەوین ژەنی جەستە و ڕۆح دەهەژێنی:

**لێوت بخە سەر لێومەوە**

**با تەوقەی ڕۆح**

**لەگەڵ یەکتری دا بکەین**

وشەی باخی،هەڵقوڵاوی ناخی، گڕوتین و هەناوی بە سوێ و بە قرچەقرچن:

**حەزەکانم**
**لە گوڵە گەپڕۆکە دەچن**
**نیوەڕۆیان**
**باڵا دەکەن و هەڵدەچن**
**هەر کە دەمە و ئێوارەش هات**
**گەڵای تەمەنیان دەوەرێ و**
**لە ناو دەچن.**

شیعر وبەرنامەکانی،گوزارشتە بە تامەکانی،بۆ مێژوو چرۆی کرد،بۆندار و شەوبۆی کرد:

**هەر کە مێژوو**
**زمانی گۆی کرد**
**مرۆڤ**
**یەکەمین درۆی کرد**

لە گۆمی وشەی ڕەسەن و زیندووی کوردی بە چاوگەی داهێنان، بە ئەندێشەیەکی ئەرخەوانی و قووڵ و فراوان، بە شێوەزاری کۆییانە لێ دەدا بناوان، تابلۆ ڕەنگینەکانی شیعری نەخشێندراوە بە چیرۆک، وەرزی دەروونی بێ بەهارە، کارەساتبارە بە ناوەڕۆک، خانەوادەیان باخچە و کێڵگەیان هەبووە، تەمەنی بەسەر بردووە لە ناو باخ و ڕەزا، باخەوانە لەگەڵ گوڵ و گوڵاو و گیا و درەخت و پەپوولە و جوانی ئاشنا و شارەزا، سەرکەوتنی زمانی ژینگە پاکیەتی، گەورەترین سەرچاوەی وشەی دایکییەتی، لەو ژینگە، پاراو و ئاورینگە، بۆتە هێمای هەنبانە بۆرینە و حەفت ترینگە، ئەوجا بنەماڵە و شاعیر و ڕۆژنامەوان و نووسەر و پێشمەرگە، ڕەنگینە باخی:

**خۆشاوی ژیانی ڕۆیی لە شاخی**
**پێشمەرگەی کورد بوو نەک شێت و یاخی**

لە شاخ و داخ و باخ و ئەشقی ئازادی و بەهار، لە ژێر چادری شین مایەوە لە کاولە هەوار،بەختی سووتا لەناو گڕی فیشەک و ئاگردانی خەبات و تیژی نووکی خامە و هالاوی پەڕەی کتێبان،چارەنووس قەڵەمی لێ نەدا لە پێکهێنانی هێلانەی ژیان، دابڕانی عەشقی بە نسکۆ، کوورەی دڵی کردۆتە گڕ و پشکۆ، لە ژیان، بە گیان، سووتا بە خەم، پەروانەی شەم، شاراوە نیە بە ئاشکرا بانگی عەشقی داوە و ئاگرانە دەربڕیوە:

**ڕۆح هەڵدێرانتان نەدیوە**

**گەر نا**

**لە خەرەندی نسکۆی عەشق**

**کوانی پچکە زەمەنێک**

**بۆ خۆگرتنەوە**

لە بەفری گەرم و ئاگری سارد، بەهاری بە پایز سپارد، شاعیرێکی هاوچەرخ و فەرهەنگ و زمانییە، کانی وشەی بجووکیش بێ لە قوڵایی جوانییە.

لە شیعر لوتکەیەکە لە باواجی، بە قەد شاخی تیشی پاوانان،وەلاکین وەک حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، بێ نازدار حەیران دەژی هەر وەک ڕەبەنان، عاشقێکی دڵشکاو بە ئاکام نەگەیشتوو، وەرزی ژیانی بێ بەهار و بەختی لەناو خۆڵەمێش نیشتوو،

دڵی بە سووتان شکا ! یار لە دەریای ئاگر خنکا، ئەو لە دۆزەخی فرمێسکا ! گڕی ئەو سووتانە دانەمرکا، ئێستاش ئارامی ڕۆح ئارام ناگرێ، لە دوای (بەهار) کەس ناتوانێ نازی گریانی هەڵگرێ!

لە پایزی ژیاندایە و گەڵای تەمەنی وەریوە، بەهاری ژن هێنانی تێپەڕیوە، بەڵام لە باخچەی بەهار گوڵی نەچنیوە، دار هەنارێکە لە باخچەی شیوی ڕەزان، گوڵ و بەردەگرێ لە سەختی زستان و بای خەزان،(هەست و سۆزی) لە شیعرێکی خۆی دەردەبڕم:

**حەزم لێیە کە قەت نەمرم**
**بۆوەی ڕێزی ژیان بگرم**
**هەر بۆ ئەوەش کە قەت نەمرم**
**وێنەی عەشقت لە چوارچێوەی**
**ڕۆحم دەگرم!**

ئاگر و شاخ و باخ و مەل و گوڵ و با و بەفر وسروشت ئاوێتەی شیعری هاوچەرخی ئارامن، بە سۆز و سووتان، داخداری عەشقی نەمر و بریندار و سەرچاوەی شیعرەکانی بەزامن، هەروەک چۆن سێوە بە واریێ و دڵزار بە ئەستی و مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بە حەلیمە سوور و دڵدار بە عەدەویە دەستگیران و ئەختەر بەرابی و حەزرەتی نالی بە حەبیبە نەگەیشت، ئەوهاش (ئارام) لە ئەنجام بە بەهاری نەگەیشت....نەمرە عەشقی بە ئاکام نەگەیشتوو، هەتا مردن ناخ سووتاو و دڵشکاو و ڕۆح قەڵشتوو،

باغەوانی بێ سەمەر خۆم.

**سەرچاوە و چاپکراوەکانی ئارام ساڵح غەفووری:**

١.مژدەی مەرگی گەڕە لاوژە، شیعر- ١٩٩١

٢.نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت، شیعر-٢٠٠٥


٣.پرۆژەی (١٠٠) دیداری بڵاونەکراوە، بەشی یەکەم-٢٠١٢

٤.ئەوین ژەن،شیعر-٢٠١٣

٥.پرۆژەی (١٠٠) دیداری بڵاونەکراوە،گفتوگۆ، بەشی دووەم -٢٠٢٠

٦.چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی ئەزموونی شیعریمەوە -٢٠٢١

*ئاماژە بە ناوی دەستگیرانەکەی ئارام ساڵح کە لە ساڵی ٢٠٠١ بە کارەساتێکی دڵتەزێن گیانی سپارد.



**له چاپکراوەکانی رەهبەر سەید برایم**

١- گڕدار٢٠٠٦
٢- پەیڤین لەگەڵ رۆح ٢٠٠٧
٣- سایەی هەیبەسوڵتان ٢٠٠٨
٤- مەشخەڵان ٢٠٠٩
٥-ڕۆژنامەوانی لە کورەدا ٢٠٠٩
٦-بەبەختی حاجی ٢٠١٠
٧-ڕزگاری –دەنگی شۆڕشگێرانی کوردستان ٢٠١١
٨-شنەی شاخ ٢٠١٣
٩-شیشۆق ٢٠١٤
١٠-پڕشنگەکانی کەکۆن ٢٠١٤
١١-پرچی ئایشێ وفاتمان ٢٠١٧
١٢-ڕزگاری – بە بەرگێکی گەورەتر وجوانتر ٢٠١٧
١٣-دیلانە و مۆزیک ٢٠١٨
١٤-مەڵبەند نامە ٢٠١٩
١٥-سێوەکەی دڵ (مام جەلال) ٢٠١٩
١٦-خەندەی خەبات ٢٠١٩
١٧-دەستنووسەکانی ووردی ٢٠٢٠
١٨-حەفت ترینگە ٢٠٢٠
١٩-خێوەتی خارا ٢٠٢١